


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چیرۆکە نەنووسراوەکانی قارنێ

(کۆمەڵە چیرۆک)

خەبات ڕەسووڵی

٢٠٢١

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**چیرۆکە نەنووسراوەکانی قارنێ**
(کۆمەڵە چیرۆک)
نووسینی: خەبات ڕەسووڵی
هەڵەچنی: خەبات ڕەسووڵی
نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: مراد بەهرامیان
وێنەی سەربەرگ: نەسروڵا کەسرائیان
ساڵ و نۆرەی چاپ: ٢٠٢١/ یەکەم
دەزگای چاپ: ئەرزان/ سوئێد
مافی چاپکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە
لەبەرهەمە چاپکراوەکانی گرافیکورد

GK GRAPHKURD

**Unwritten Stories of Qarna**
A short story collection by
**Xebat Rasouli**
Graphic design: Morad Bahramian
First edition 2021
ISBN978-91-986758-5-6
Kitab - I Arzan
Helsingforsgatan 15
Kista - Sweden 164 78
www.arzan.se
+46704926924

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشکەش بە هەموو ئەو
کچ و کوڕە کوردەی،
لەنێو زیندانەکانی ئێراندا
سەرکوت کران و
کەس دەنگی نەبیستن ...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست


نامە ٥
بچووکترین کچی مردوو ٩
خەریکە تێتەو ١٢
بانی ١٧
ژنە قەرەچی ١٩
کفن دزی دووەم ٢١
پردا دەلال ٢٢
مەلامین ٢٧
دوای شەڕەکەی نەغدە ٣١
لەسەر پردی میاندواوێ ٣٤
جاشکوژ ٣٧
جووجە قەرەچی ٣٩
سپێدە ٤٢
کێ لە ڕەزای داوە؟ ٤٦
قەقنەس ٥٠
گێژاو ٥٣
گیتارژەن ٩٤
شاژن ١٢٣
چیرۆکە نەنووسراوەکانی قاڕنێ ١٢٥
مەهتاب ١٢٨
ئاشنا ١٣٠
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت ١٣٣
چاوەڕێ ١٣٧
خەو ١٣٨
چیرۆکێکی بێ ناوونیشان ١٣٩
مامۆستا ١٤٠
هەستە لە خەوێ ١٤٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نامە

سی ساڵ بەسەر بیستنی ئەو چیرۆکەی ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە تێپەڕبووە. هەرئەو کاتیش بە چەند جۆر بۆیان گێڕامەوە. لەم سی ساڵەشدا مێشکم زۆر شتی لێ کەم و زۆر کردووە و لەوانەیە تەواو گۆڕیبێی.

بەڵام لە یەک شت دڵنیام. لە چیرۆکەکەدا ژنێک و دوو منداڵ و جاشێک ڕۆڵیان هەیە. پیاوێکیش نامەی پێشمەرگەی پێیە و کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕێ تا نامەکە بەو ژنە بدات.

ماوەیەک پێم وابوو ئەو کەسەی نامەکەی پێیە، لە ڕاستیدا پیاو نەبووە و ژن بووە، تەنانەت جەستەی ژنەکەش لە پێش چاوم بوو. ژنێکی چاو و برۆ ڕەشی، ڕەشتاڵەی بیست و چەند ساڵە. تەنانەت دەمزانی دوو ساڵ و سێ مانگ پێشمەرگە بووە. لە پێشمەرگایەتی عاشق بووە. کوڕە شەهید دەبێ و کچە دەروونی تێک دەچێ و بە ناچاری دەگەڕێتەوە شار. پێش ئەوەی بێتەوە ئەو نامەیەی دەدەنێ کە بیگەیەنێتە دەستی ئەو ژنە، بەڵام دوایین کەسێک کە ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە سوێندی خوارد قەت شتی وانەبووە و ئەو کەسەی کە نامەکەی پێ بووە پیاوێکی پیری تێکشاو بووە کە کوڕەکەی بووەتە پێشمەرگە و ئەو بەدوای داچووەتە شاخ، کە کوڕەکەی بێنێتەوە، لەوێ دەزانێ کە کوڕەکەی شەهید بووە. پێی دەڵێن کوڕەکەی لە شاخ عاشقی کچێکی ڕەشتاڵەی بیست و چەند ساڵە بووە. پیاوە پیرەکە دەیەوێ کچەکە ببینێت، بەڵام دەڵێن کچە دەروونی تێک چووە و بۆ خۆی گەڕاوەتەوە شار. هەر لەوێش نامەکەی دەدەنێ کە بیدا بە دایکی ئەو دوو منداڵە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی کە دایکی ئەم دوو منداڵە کێیە و ئەو نامەیە چی تێدایە، ڕێک بابەتی ئەم چیرۆکەیە کە ئێستا دەمەوێ بۆتانی بگێڕمەوە. ئەو کچە کێ بووە، یان ئەو پیاوە پیرە کێ بووە، هیچ پێوەندی بە ئێمەوە نییە. ئەوەیکە هەموو خەڵکی گەڕەک دەیزانن و باسیان دەکرد. ئەوە بوو کە ئەو کچە، یان ئەو پیاوە پیرە نامەیەکی لە کورەکانەوە هێناوەتەوە بۆ شار.

گۆیا باران باریوە و ئەو کچە، یان ئەو پیاوە پیرە توند لە دەرکەی داوە و بە ترسەوە سەیری دەوروبەری کردووە.

ژنەکە کە دایکی ئەو دوو منداڵە بێ بۆ خەڵکی گەڕەکی گێڕابووەوە کە ئەو لە پاش شەهید بوونی مێردەکەی قەتی نامە لە شاخەوە بۆنەهاتبوو، تەنانەت دوای ئەوەش و تا ئێستاش ژنەکە جارێکی دیکە نامەی لە شاخەوە بۆ نەهاتەوە.

ژنەکە گوتبووی نامەکە ڕێک بەقەت نوقوولێک دەبوو. زۆر بە وردی بە چەسپ پێچرابووەوە. ژنەکە نەیگوتبوو ئەو کچە، یان ئەو پیرە پیاوە نامەکەی لە کوێ شاردبووەوە. هی وایە دەڵێ لە کەوشەکەیدا شاردوویەتییەوە. هی وایە دەڵێ لە گۆرەوییەکانیدا شاردوویەتییەوە. ئەوانەی دەڵێن کچێک نامەکەی بۆ هێناوە دەڵێن نامەکە لە نێوان دوو مەمکی کچەکەدا بووە.

لە پاش ئەوەی کە ژنەکە نامەکە دەکاتەوە دەزانێ ئەو جاشەی ئەو دەیناسی ئێستا بووەتە پێشمەرگە و لە شاخەوە نامەی بۆ ناردووە. کەوایە بەداخەوە دیسان دەبێ بە چیرۆکەکەدا بچمەوە و زانیارییەکانی ڕاست بکەمەوە. لەم چیرۆکەی ئێمەدا ژنێک و دوو منداڵ و پێشمەرگەیەک کە پێشتر جاش بووە ڕۆڵ دەگێڕن.

جا ئەو جاشە بۆ بووتە پێشمەرگە و بۆ پێشتر جاش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووە. من سی ساڵ دواتر لێی تێگەیشتم. سی ساڵ هەر بە قسە خۆشە. من ئەو کات لە پەنا دایکم و ژنەکە بازەڵێنم دەکرد کە ژنەکە بەسەرهاتەکەی بە سرتە سرت بۆ دایکم گێڕاوە. گوێم لێ بوو گوتی لە لای باوکی منداڵەکان بووین. ژنەکە گوتی لە شاخ. خودا دەزانێ من نەمدەزانی باوکی منداڵەکانی ژنەکە بۆ چووتە شاخ. باوکی من لە شار بوو. وامزانی بۆ وەرزش کردن چووتە شاخ، یان چووتە شاخ کەنگر و ڕێواس بێنێـەوە، چووزانم باوکی منداڵەکانی ژنەکە پێشمەرگە بووە.

دایکم دڵی پڕ ببوو و چاوی فرمێسکی تێزا بوو. لە بن لێوێوە شتێکی گوت وەکو بڵێ یادی بەخێر، یان ڕوحی شاد، یان ... نازانم من دور بووم دور. خۆ بازەڵێن وەکو مێشێن نییە، بە بیانووی گۆرتێکەوە لە خۆت بنوسێی و گوێشت لە قسەکانی دەورووبەر بێت و چاویشت لەسەر پێنج قڕانییەک.

خۆزگە عاقڵم بوایە چوو بوایەم لە لای دایکم و ژنەکە دانیشتبوایەم و گوێم دابوایەتە بەسەرهاتەکەیان. ئەستۆم شکێ من دەمزانی ڕۆژێک دەیگێڕمەوە، بەڵام نەک بەو ناتەواویی و نیوە چڵییە. ژنەکە گوتی کە گەڕاینەوە و سواری مینی بووس بووین. جاشێکیش لە گەڵمان سوار بوو. جاشێکی زل بە کەواپاتۆڵ و چەکورەختەوە. گوتی منداڵ قوشقی بوون. گوتیان دایە پێشمەرگە. منداڵ چووزانێ جاش و پێشمەرگە جیاوازیان چیە. منداڵ سەیر دەکات، ئەوە کوردە ئەویش کوردە، ئەوە کەواپانتۆڵی لەبەر دایە ئەویش کەواپانتۆڵی لەبەردایە، ئەوە چەکورەختی پێیە، ئەویش چەکورەختی پێیە.

جاشەکە لە نامەکەدا نووسیبوی من کە منداڵەکان گوتیان دایە پێشمەرگە زوو دوو قڕانییەکەم کەوت. ئاوڕم داوە و ژنێکی داماوی ترساوم لە گەڵ کچێک و کوڕێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوار پێنج ساڵە دیت لە کورسی پشتە سەرم دانیشتوون. نووسیبووی ژنە دمی منداڵەکانی دەگرت هیچ نەڵێن. گوتی کە گەیشتینە ئیست بازرەسی منداڵەکان وەختابوو دڵیان بتۆقێ دەترسان پاسدارەکان بێنە سەرێ و منی جاش کە ئەوان پێیان وابوو پێشمەرگەم بگرن، یان بکوژن. نووسیبووی من لە شەرمان مردم. من شەرمم لەو دوو منداڵە دەکرد. خۆزگەم دەخواست پاسدارەکان منیان وەکو پێشمەرگەیەک بگرتبوایە، بکوشتبوایە.

جیرانەکان دەیانگوت کە گەیشتوونەتە نێو شار جاشەکە ئادرەسی لە ژنەکە وەرگرتووە. ژنەکە گریاوە.

جاشەکە نووسیبوی منیش گریام، بەڵام لە دڵمدا. منداڵەکان ئەو ڕۆژە نەگریابوون. جاشەکە نەیگوتبوو شەرتە من دەبمە پێشمەرگە. جاشەکە تەنیا گوتبووی مەترسن کارم پێتان نییە.

هی وایە دەڵێ ژنەکە ئادرەسی نەداوەتێ و جاشەکە بە ماتە مات وەدوایان کەوتووە و ئادرەسەکەیان فێر بووە. من زیاتر بڕوا بەوە دەکەم، چونکە جاشەکان بە ماتە مات وەدوای زۆر کەس دەکەون.

ئەو کچەی نامەکەی هێنابوو گوتبووی نامەکە لە گیرفانی شەهیدێکدا دۆزراوەتەوە. دیسان گوتم ئەو کچە، کێ ناڵێ پیاوە پیرەکە بووە کە لە بارانێکی بەخوڕدا لە دەرکەی داوە و نامەکەی داوە بە ژنەکە. من ژنەکەم قەت نەدیتەوە لێی بپرسم جاشەکە دواتر کە بوو بە پێشمەرگە شەهید بووە و نامەکە لە گیرفانی کەواکەیدا دۆزراوەتەوە، یان زیندوو بووە و بۆ خۆی نامەکەی بەم کچە یان پیرە پیاوە داوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بچووکترین کچی مردوو

جاران کە دایکم دەستی بە سەر زگیدا دێنا. موچورکێکی خۆش ئازای گیانمی دادەگرت. دەیگوت: زۆرم قسە پێیە بۆتی بگێڕمەوە. دەیگووت: لە دایک بە، لە دایک بە، چاوەڕێتم. منیش بە تەما بووم لەدایک بم. بە تەما بووم بچمە داینگە و قوتابخانە و زانکۆ. دایکم هەموو کات وای دەگووت. تا ئەو شەوەی باوکم و دایکم لە نێو جێگادا مشتومڕیان دەست پێ کرد. باوکم پێلاقەیەکی بە زگی دایکمدادا. من هیچم لێ نەهات. دایکم دەگریا. یەک بۆ خۆی دەگریا. لە نێو گریانەکانیدا باسی موعتاد بوونی باوکمی کرد. باسی دزییەکانی و باسی بێ پوڵی و باسی لە کۆڵان کەوتنەکانی و باسی ... نا من نەدەبوایە گوێم لەو قسانە بێت. من ئەو شەوە سەد ساڵ پیر بووم. من هێشتا لە دایک نەببووم و مێشکم بەرگەی ئەم قسانەی نەدەگرت. بەڵام گوێم لێ بوو. تەنانەت گوێم لە ... لە ... لە ... لە ... نا من هێشتا هێندە نەمردووم کە ڕووم بکرێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە. چەند چەتوونە گێڕانەوە.

باوکم گوتی: ئەوە منداڵی من نییە. دایکم گوتی: ئەو دەمەی پوڵت دەویست بۆ کڕینی مەواد و پوڵت نەبوو. کێ بوو لەبەرم دەپاڕاوە و داوای لێکردم خۆم بەدەستەوە دەم؟

باوکم بە پێلاقە بە زگی دایکمیدادا. دایکم ژان لە نێو جەرگ و دڵی چەقی. من هیچم لێ نەهات. من بڕیارم دابوو بێمە سەر دنیا. دەمەویست بچمە داینگە و قوتابخانە. دەمەویست وەک دایکم دەیگوت: جانتایەکی بچووک لە شانم بکەم و بەیانی زوو بڕۆمە قوتابخانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و نیوەڕۆ بێمەوە و هەر لەبەردەرکەوە دایکم باوەشم بۆ بکاتەوە و منیش بە شەرمێکەوە بچمە پێشێ و دوایە بە پەلە پەل دەست بکەم بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی قوتابخانە.

باوکم ئەگەر مەوادی لێ نەبڕابوایە باش بوو. پێدەکەنی. جارێک گوێی بە زگی دایکمەوە و نا و بە منگە منگ گوتی: کچێ کەی لەدایک دەبی؟ دایکم دڵی پڕ بوو. گوتی: جا پێت وایە خۆشە لە دایک بێت و تۆ ئاوا ببینێت؟ من هەزار ساڵ بڵێم باوکت مامۆستا بووە و لە سەر کوردایەتی دەریان کردووە بڕوا ناکات. ئەو باوکێک دەبینێت لووتی لە ئەرزی دەژەنێ و ژنەکەی بۆ دوو تمەن دەفرۆشێت. دیسان باوکم تووڕە بوو. گریا و گوتی: خەتای من نییە. گوتی: بە خودا واز لە مەواد دێنم و دەبمەوە پیاو. گوتی: چاک دەبمەوە و دەچمەوە سەر کار. دایکم گوتی: تۆ ئەو قورئانەی کە جاران بڕوات پێی بوو وابکە. باوکم لە کاتێکدا لەسەر سەندەڵییەکە خەونووچکە دەیبردەوە. گوتی: چی بکەم؟ دایکم دەستیدا کەشەفێک و لەسەری باوکمی ڕاکێشا. من بە تەقەی کەشەفەکە قاقا پێکەنیم. بەڵام باوکم دەستیدا چەقۆیەک و لە زگی دایکمی ڕۆ کرد. چەقۆکە بە نێوزگی هەر دووکماندا تێپەڕی.

خوێنمان دیسان تێکەڵ یەکتربووەوە. من نەم دەتوانی بگریم. دایکم لە جیاتی منیش گریا. باوکم لە خوماری لەوێ کەوتبوو و دایکم لە کاتێکدا تەواوی ماڵەکە ببوو بە خوێنی ئێمە، خۆی گەیاندە بەردەرکە و لەوێ کەوت. من ئاگام لێ بوو دایکم زیندووە. دایکم وای دەزانی من مردووم. کەس بە هاوارمانەوە نەهات. تەنیا سەگێکی بەرەڵڵا نەبێت. ئەو لە دایکم نزیک بووە و بۆنی بە خوێنمانەوە کرد و وەڕی. ئێمە خوێنمان خەریک بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ویشک دەبوو، نیوەشەوێ کە ماشێنی زبڵی شارەوانی هات. خێرا ئێمەیان خستە نێو ماشێنی زبڵەوە و بە پەلە ڕفاندیانین بۆ نەخۆشخانە. کە لە دایک بووم، لەسەر مێزێکی ساردیان فڕێدام. ساردی مێزەکە گەرمی جەستەی خوێناویمی هەڵمژی. من سارد بوومەوە. دایکم چاوی لە من بوو. من دەزانم پێی خۆش بوو بە دوکتورەکان بڵێ هێواش داینێن. تۆ خودا لە باوەشی بکەن زۆر چکۆلەیە. دایکم تەنیا چاوەکانی کاریان دەکرد و ئۆکسیژێنیان لە دەمی دابوو. بەڵام پێویستی نەدەکرد ئەو قسە بکات من گوێم لە قسەکانی دەبوو. ئەو گوتی: بەخێر بێی. چەندەم پێخۆشە بۆنت پێوە بکەم. قسەت بۆ بکەم. دەمەوێ باسی زۆر شتت بۆ بکەم. باسی ئاشق بوونی من و باوکت. باسی قوتابخانەکەی باوکت. باسی دەرکرانی باوکت لە سەرکار. بەڵام نا، نابێ ئەم قسەیەت بۆ بکەم دڵی تۆ هێشتا زۆر بچووکە و بەرگەی خەمی گەورە ناگرێت. دایکم چاوی هەر لەسەر من هەڵنەگرتبوو کە باوکمیان بە کەلەپچەوە هێنا. دایکم بە چاو قسەی لە گەڵ باوکیشم کرد. من هەستم کرد باوکیشم وەکو من گوێی لە قسەکانی دایکم دەبێ. گوتی: حەسایەوە ئێمەت بەم دەردە برد؟ گوتی: سەیری کچەکەمان بکە، سەیرکە دەموچاوی شێوەی تۆ دەدات. شێوەی ئەو کاتەی هێشتا نەچووبوویە زیندان و لەوێ موعتادیان نەکردبووی. باوکم نەیدەتوانی سەیری من بکات. ئەو ماندوو بوو. گیانی دێشا و چاوی باش ئەرزەکەی نەدەبینی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەریکە تێتەو

١

نێو مێترۆکە چۆڵە. بە هەموو واگۆنەکان کۆی کەیەوە بیست کەسی تێدا نییە. کۆتایی شەوە و لەم کاتەدا ئۆسلۆ وردە وردە خۆی بۆ خەوتن ئامادە دەکات. پیرێژنێکی سەرسوور سەگێکی بچووکی تووکنی سپی بە باوەشەوەیە و ڕێك سەیری ئەم دەکات. لە نیگاکانی پیرێژن ماندوو بووە. دەڵێ: سەگێکی جوانت هەیە. پیرێژنەکە پێدەکەنێ و دەڵێ: جوانە. دواتر بە دەنگێکی برێک نەوی دەڵێ: بەڵام خوویەکی خراپی هەیە. کنجکۆڵ دەبێ بزانێ ئەم سەگە تووکنە بچووکە چ خوویەکی خراپی هەیە. وردتر گوێ دەداتە پیرێژنەکە. پیرێژنەکە دەڵێ: سەگەکەم فێر بووە گوو دەخوات. لە هەر کوێ گوو ببینێتەوە دەیخوات. گووی خۆی، گووی سەگی دیکە، گووی پشیلە، گووی ... ئەو بێزی هەڵدەستێ و خەریکە هێڵنج بدات. هەست دەکات ئەویش نێودمی پڕ بووە لە گوو. جوان کە سەیری پیرێژنەکە دەکات نێو دمی پیرێژنەکەش پڕە لە گوو.

٢

نێو ڕێستۆرانەکە جمەی دێت. مۆبایلەکەی دێنێتە دەرێ و جارێکی دیکە جوان ئادرەسەکە دەخوێنێتەوە. هەوە.

٣

لە پێش ڕێستۆرانەکە دوو دەست میز و سەندەڵی ڕەش دانراون. سەندەڵییەک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و لەسەری دادەنیشێت. زۆری پێناچێت گارسۆنێکی بەڕدێن دێت و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە فارسی بەخێرهاتنی دەکات و بانگهێشتی ژوورەوەی دەکات و دەڵێ: لە ژووری دیسکۆمان هەیە و هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکی ئێرانیشمان هەیە. هەر لەو جێگایەی دانیشتووە چاوێك بە دیوارەکانی ڕێستۆرانەکەدا دەخشێنێت. لە سووچێك ئاڵای ئێرانیان لە سەر دیوارەکە کێشاوەتەوە. لای چەپی ئاڵاکەیان بە گوڵێک داپۆشیوە. لە لای ڕاستیش لەسەر دیوارەکە گوڵدانێکیان هەڵواسیوە و لە نێو گوڵدانەکەشدا دوو ئاڵای نۆرویژیان چەقاندووە. بن ئاڵاکەی ئێران حەساری ڕیستۆرانەکەیە و شەش حەوت دەست میز و سەندەڵی لێیە. هەموویان ڕەشن. تەنیا ئەوەی بن ئاڵاکە سپییە. سەری هەڵدێنێت گارسۆنە بەردێنەکە هەروا لە سەرسەری ڕاوەستاوە.

٤

سەگەکە و پیرێژنەکە هێشتا هەر چاوەڕێن ئەو ڕێگەیەکیان پێ پێشنیار بکات.

٥

- ڕەزا لێرەیە؟
- بەڵێ، ئێوە هاوڕێی ڕەزان؟
- هاوڕێ؟ ، بەڵێ هاوڕێین. دەتوانی زەحمەت بکێشی و پێ بڵێی هاوڕێیەکت هاتووە؟

٦

بە گارسۆنەکەی گوت: دەچێتە سەر میز و سەندەڵییە سپییەکەی بن ئاڵاکە و لەوێ دادەنیشێت. گوتی: تکایە بیرەیەکی هانیکێنی بۆ بێنێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧

پیرێژنەکە گوتی: کچم تۆ هیچ ڕێگایەکت پێ شک نایەت ئەم خووەی پێ تەرک بکەین؟

٨

ڕەزا دوو بیرەی هێنا و هات. بیرەیەکی ئێفێسی بۆ خۆی هێناوە. پاش ئەوەی بیرەکانی لەسەر میزەکە دانا، یەکتریان لە باوەش گرت. دوا جار پێش گیرانی لە لایەن ئیتلاعاتەوە، ڕەزای لە ڕێستۆرانی ڕەزایی لە شەقامی تاق بووستانی کرماشان بینیوە. ڕەزا تێکشاوە. واهەست دەکات بە خۆشی پیر بووە. ڕەزا لەوێش هەر شێف بوو.

٩

بیرەکانیان خواردەوە.

١٠

ڕوویان لێ وەردەسووڕێنێت. کەچی لە شووشەی پەنجەرەی مێترۆکەوە پیرێژنەکە و سەگەکەی هەر لێ دیارە.

١١

گوتی: ناوم ئەکبەرییە و لێکۆڵەری کەیسەکەی تۆم. گوتی: ئێمە دیاری دەکەین چ تاوانێکت کردووە. گوتی: هاوکاریمان نەکەی ئێمەش هاوکاریت ناکەین و تاوانێکی قورست بۆ دەنووسین. گوتی: بۆ نموونە دەنووسم سیخوریت بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە. هەروەها سیخوڕیت بۆ حیزبی دێمۆکرات کردووە و لە نێو زانکۆدا هانی قوتابییەکانت داوە جلی کوردی بپۆشن و کتێبی کوردی بخوێننەوە. دەنووسم مەبەستت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێواندنی مێشکی لاوەکان بووە.

١٢

ڕەزا گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی و ئەم لە نێو ڕێستۆرانەکە لە گۆشەیەک دادەنیشێت. ڕەزا گوتی: دوو کاتژمێری دیکە کارەکەی تەواو دەبێ. ژنێکی نیوەڕووت لە سەر سێنی ڕیستۆرانەکە بە گۆرانییەکی فارسی سەما دەکات. گارسۆنێک دێت و لەسەر میزەکەی کاغەزێک ڕادەخات. دەپرسێ: ئەمە چیە؟ دەڵێ: میوانی ئاغا ڕەزای. ڕەزا لە دوورەوە سەیری دەکات و دەستێکی بۆ ڕادەوەشێنێت. پۆرسێک خواردنی ئێرانی. لایەکی دەورییەکە برینجە و لەسەر برینجەکە، چەند کەوچکێک برینجی زەعفەرانی ڕۆکراوە. لە پەنای دوو کەباب و کەمێک سالاد و پیواز و دوو تەماتەی برژاو و کەمێک کەرە.

١٣

بە ئەکبەری گوت: قەت سیخوڕی نەکردووە. بەڵام دەزانێت ئەوان دەتوانن بە هەموو جۆرێک تاوانباری بکەن.

١٤

بێ ئەوەی وەڵامی پیرێژنەکە بداتەوە لە یەکەم وێستگە دادەبەزێت.

١٥

ڕەزا دەڵێ: بڕوای بە زەماوەند نەماوە و ئیستا بڕوای بە سێکسی ئازادە و هەست دەکات خۆشەویستییەکەیان لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرماشان بەجێماوە. ڕاشکاوانە بە ڕەزا دەڵێ: نایەوێت لە گەڵ کەس سێکسی ئازادی هەبێت.

١٦
ئەکبەری دەڵێت: ئەگەر لە گەڵم بی یارمەتیت دەدەم. دەنا تازە ڕۆژی ڕوون نابینییەوە.

١٧
لە دەرەوە دەنگی گیتارێک بە ئاستەم دەگاتە گوێی. هەڵدەستێ و خواردنەکە بە جێدێڵێت و دێتە حەساری ڕیستۆرانەکە. ڕقی لەم ئێرانە بچووکەیە کە لێرە دروستیان کردووە. چیتر حەز ناکات لێرە بمێنێتەوە. دێتە دەرێ. بەرانبەر ڕێستۆرانەکە هۆتێلێکە و بن هۆتێلەکەش پارکینگە. کچێک لە نێو پارکینگەکە لە سەر سەندەڵییەک دانیشتووە و گیتار لێدەدات. تەنیا بینەری کچە، پشیلە ڕەشەکەیەتی. لە بن پێی لەسەر ئەرزی سەری خستووەتە سەر دەستەکانی و نووستوە. گوێ هەڵدەخات. کچە گۆرانی نۆروێژی دەڵێت.
ئەویش حەز دەکات فێری گیتارژەنین بێت. ئەو کات دەتوانێ لە قەراغ دەریا بە تەنیا دانیشێت و گیتار بژەنێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بانی

خێزانم گوتی : ناوی دەنێین بانی.
گوتم : زۆر باشە با ناوی بانی بێت.
بانی بە قەد بەری دەستم دەبوو. نەرم و تووکن و ڕەش.
گوتم: بەشکم بەچکە مراوییەکەی لە بیر بچێتەوە.
خێزانم گوتی: هەولێریش.
نازانم بۆ ئەم قسەیەم پێ خۆش نەبوو. لەوانەیە چونکە تا ئێستاش دڵم هەر لە کوردستانە. هەستم کرد ناوی بانیش هەر لەوەوە دێت. دەبێ خۆمان لە گەڵ ئەم کۆچە زۆرەملییە ڕابێنین. دەبێ فێربین پیتزا بخۆین و لە مێترۆدا بخەوین و وەک خاریجییەکان ساردوسڕ بین.
ئەوانەی دەڵێم قسەی پێنج ساڵ لەوە پێشە و قەت پێمان وانەبوو پێنج ساڵ لە تورکیە دەمێنینەوە. ئێستا پاش پێنج ساڵ ئێمە لە جیاتی پیتزا فێری خواردنی کنووفە و ئەتلی ئەکمەک و پیدە بووین و چای ڕەشی بێ شەکر دەخۆینەوە.
یەکەم کەس من چاوم سوور هەڵگەڕا. شەوێ لە کاتی خەودا قووڵکەی چاوم پڕ دەبوو لە فرمێسک. هەرچەند دەقە جارێک وەخەبەر دەهاتم و کاسەی چاوم بەتاڵ دەکرد. دواتر کوڕەکەم و لە کۆتاییدا خێزانم.
چوومە دەرمانخانەیەک و چاوم لە چاوی دوکتورەکە بڕی. قسەیەکی کرد. بە دەست ئاماژەم بە چاوم کرد و بە قامکم پێم نیشاندا کە فرمێسکەکانم ڕاناوەستن. قەترەیەکی دامێ.
دیسان خێزانم گوتی: پێم وابێ بە بوونی بانی لە ماڵێدا وامان بەسەر هاتووە. پشکەڵەکانی بانیم لە هەموو شوێنێکی ماڵەکەدا دیتبوو. کە لە قەفەزەکەشی دەمانهێنا دەرێ و لەسەر کۆشمان دادەنا کە مەسەلەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستی بەسەردابێنین یەکسەر میزی پێدادەکردین. کاری خۆی بوو.

گوتم: چی لێ بکەین؟

گوتی: دەیبەینە ناو سرووشت و بەرەڵڵای دەکەین.

گوتم: ئەی ناڵێ بانی چی لێهات؟

گوتی: هەڵخەڵەتاندنی کوڕێکی چوار ساڵە زۆر زەحمەت نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنە قەرەچی

عەتا قەرەچی دوو ژنی هەبوو. ژنە گەورەکەی وەکو خۆی قەرەچی بوو، بەڵام ژنە چکۆلەکەی قەرەچی نەبوو. کچێکی سپیلکەلانەی حەڤدە ساڵە. دەیانگوت: شنۆییە و کاک عەتا نازانم لە کوێی شنۆ لە باوکی کڕیوەتەوە. هەموو ساڵێ بەهار و هاوینان ماڵی قەرەچییەکان لە شار وەدەردەکەوتن و تا سەرما دادەهات، لەم دێ بۆ ئەو دێ، لەم شار بۆ ئەو شار دەگەڕان.

جارێک لە مامۆستایەکی خۆمم پرسی: مامۆستا قەرەچییەکان کێن؟ کوڕەکان دەیانگوت: مامۆستاکەم پێشتر پێشمەرگەی کۆمەڵە بووە. دەیانگوت: چونکە کۆمەڵە باسی تیۆری و شتیان دەکرد. خەڵکی ئاسایی کەمتر لە گەڵیان دەکەوتن. دەیانگوت: ئەوەی باسەواد نەبوایە نەدەبوو بە کۆمەڵە. لەوانەیە هەربۆیە من وام دانا لەم مامۆستایەم باسەوادتر وەدەست ناکەوێت. گوتم : مامۆستا قەرەچییەکان کێن؟ ئیدی باسی ژنە قەرەچییەکەم بۆ نەکرد.

نازانم ئاشقی ببووم، یان نا. پێم وابێ زیاتر پێم گوناح بوو. دەمگوت: ئەگەر مێرد بە من بکات. لەو قەرەچیانە ڕزگاری دەبێت. ژنە چکۆلەکەی کابرا دەڵێم.

خودایە لەسەرم بە گوناح نەنووسی. دەڵێن قەرەچی هیندین. ئەو مامۆستا کۆمەڵەییە وای بە من گوت. خۆ دەڵێن کۆمەڵە نوێژ و شتیش ناکەن، تەنانەت جارێک قادری هەواڵم گوتی : کوڕە نوێژ هەرهیچ دەڵێن ئەوانە باوەڕیان بە خوداش نییە. ئەستەغفیرەڵڵا. دەیگوت: کۆمەڵەییەکان کابرایەکی سمێڵ زلی ڕدێن درێژیان خۆش دەوێ. نابینی هەموو کۆمەڵەییەکان سمێڵیان زلە. بەڵام ئەم مامۆستایەی ئێمە سمێڵی دەتاشی. ڕەنگبێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵەییەکی چاک و ئەسڵ نەبوبێت. جا کێ دەڵێ زانیارییەکانیشی لەسەر قەرەچییەکان هەڵە نین. ئەو گوتی: ئەوانە هیندین و سەردەمی ساسانییەکان بۆ سەما و گۆرانی هێناویانن بۆ کۆشکی ئەنوشیرەوان و دوای هێرشی عەرەبەکان ئەوانە ئاوارە بوون و بە دنیادا بڵاو بوونەتەوە.

من زەینم دایە کە گوتی: هێرشی عەرەبەکان نەیگوت: هێرشی برا عەرەبەکان، یان هێرشی برا موسوڵمانەکان. قادر لە خۆڕا نەیدەگوت: کۆمەڵەییەکان کافرن. بەڵام بەو قوڕئانە مامۆستا ڕاست دەکات. ئەو کچە قەرەچانە وەکو هیندییەکان خاڵێک لە نێوچاوانیان دەکوتن، هەرچی دیقەتی پیاوەکانیشیان دەدەم هەموو دەڵێی جەبار سینگی نێو فیلمی شوعلەن.

ڕۆژێک دانیشتم حەسێبم کرد. دایکم دەیگوت: ئەو چەتیوە بابان وێرانە هەر حەڤدە ساڵی دەبێ و نابێ، کەچی داویانە بەم پیرە سمێڵ حیزە سەگبابە. دەی باشە ئەگەر ئەو حەڤدە ساڵ بێ، چوار ساڵ لە من گەورەترە. تا من دەبمە بیست ساڵ و وەختی ژن هێنانم دێ. ئەو دەبێتە بیست و چوارساڵ. دەی خۆ بیست و چوار ساڵ زۆر نییە. هەرچەند کوڕە حەوت ساڵ زۆرە، بە وخودایە ئەو کاک عەتایە بە حەوت ساڵ حەیاتی ڕەشی لێ دەبڕێت و شڕی دەکات. کوڕە جا من کارم بەم حەیس و بەیسە چیە، ئەگەر تا ئەو کات شەش منداڵیشی نەبووبێت و هەر وەک ئێستا جوان و چاو شین و سپی و ناسک بمێنێتەوە. بۆ خۆم دێم و ڕزگاری دەکەم. بێجگە لەوە باوکم دەیگوت خۆ قەرەچی موسوڵمان نین. هەر مارەشی نەکردووە. دەڵێم منیش ببمە کۆمەڵە. سمێڵێکی زڵ دادەنێم. هەم باسەواد دەبم و هەم دەبمە کافر و دەحەسێمەوە و مارەشی ناکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هێنابوویانەوە. گەنجێک و پیرەمێردێک. کوڕە گەنجەکە بە پیرە پیاوەکەی گوتبوو: مام مەجید. پیاوە پیرەکە کوڕە گەنجەکەی بە ناو بانگ نەکردبوو، بۆیە نەمزانیبوو ناوی چیە. منیان بە شێوەیەکی زۆرخراپ بینیبوو. ڕووتوقووت. زگم هەمووی شاوەتاوی. گریابوو. پاڕابووەوە.

پاش ئەوەی گوێی لە تەپەی لاقیان ببوو، بە پەلە خوی بە لەتوکووتی کفنەکەم خاوێن کردبووەوە. گوتبووی: دێمەوە. دوایەش لێوی ماچ کردبووم.

هاتبووەوە. سەر و چاوی هەمووی خوێناوی. لێیان دابوو. مام مەجید هاتبووە نێو گۆڕەکەمەوە و بە خەمباری سەیری کردبووم. سەرم لە سەر بەردی ئەلحەد و جەستەم لە دەرەوی گۆڕیچە. ئەم منی ڕاکێشابووە دەرەوە.

پاڕا بووەوە بەریدەن. مام مەجید تیشکی لایتەکەی لە دەموچاوم گرتبوو. پاشان لە زگم. ئەم بە سرتە بە کوڕە جحێڵەکەی گوتبوو : گەر بەری بدات بیست میلیۆن تمەنی دەداتێ. کوڕە جحێڵەکە، بە مست لە دمیدابوو، بەڵام خەریک ببوو سیفری تمەنەکانی ناو مێشکی بژمێرێت.

بە منگە منگ گوتبووی: چی لێ بکەین؟ دەڵێم ... لە ڕێی خودا ژنە مردووەکە بنێژینەوە و ئەم سەگبابەش بەردەین. پیرە پیاوەکە گوتبووی: ئەم مەلعوونە دەبێ وەک سەگ بتۆپێنین.

ئەم دیسان بە سرتە گوتبووی: پەنجا میلیۆنت دەدەمێ. پێنجێک و ڕیزێک سیفر. مام مەجید دەستی هەڵێنابوو و گوتبووی: دەستم بگرن با بێمە سەرێ. دەستیان نەگرتبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پردا دەلال

بۆ دەیەمین جار سەیرێکی نێو ماڵە بەتاڵەکەی کرد و بە هێواشی هاتە حەسارە بچووکەکەی خانووەکە و لە بن سێبەری هەیوانەکە، لە پەنا مەکینەی سپلیتە کوژاوەکەی دانیشت. گەرمای دوایین مانگی هاوینی هەولێر هیچ لەوە نەدەچوو بەزەییەکی بەم خەڵکە بێ ئاو و کارەبایەدا بێت و نەختێك تینی گڕەکەی کەم بکاتەوە. لە سووچێکی حەسارەکە تانکیڕێکی تا نیوە پڕ لە ئاو لە سەر چوار بلوک دانرابوو. لە پەنا تانکیڕەکە توێکڵە شووتییەکی ویشک چەند مێشی لێ نیشتبوو، توێکڵەکە سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. هەستا و بەرەو توێکڵە ویشکەکە چوو و بە نووکی پێڵاوەکانی ویستی بەرەو دەرکەی دەرێی فڕێ بدات. چاوی بە لینگە سەرپاییەکی ڕەنگ پەمەیی منداڵانە کەوت کە لە نێوان دوو بلوکدا خۆی شاردبووەوە. داهاتەوە و بە حوزنەوە دەستی درێژکرد و سەرپاییەکەی هەڵگرت. لەسەر قایشی سەرپاییەکە وێنەی پشیلەیەکی ئەنیمەیشێنی کێشرابووەوە. خەفەتێکی ناخهەژێن ڕوحی داگرت. وێنەی ئەوڕۆژەی خێزانی کە بە پەلەپەل جلوبەرگ و کەرەسەکانی خۆی و کچەکەی کۆکردووەتەوە و سواری تاکسییەک بوون و لە کاتێکدا ئەو لە گەڵ بەرپرسی کۆمپانیاکەی لە لای چەمچەماڵ خەریک بوون بەرەو سلێمانی بڕۆن، چوونەتە ترمینالی شەقلاوا و تاکسییەکیان بۆ حاجی ئۆمەران بە کرێ گرتووە، هاتە پێش چاوی. ئەو هێشتا لە سلێمانییەوە نە گەیشتبووە گەرەکی مەنتکاوەی هەولێر کە ئەوان سنووریان تێپەڕاند و ئەم و ئەو لینگە سەرپاییەیان بۆ هەمیشە لە هەولێر بەجێهێشت.

بە دەنگی موبایلەکەی چاوی لەسەر سەرپاییە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەمەییەکە هەڵگرت. کۆنەکر بوو. هاتبوو سپلیتەکەی لێ بکڕێت. فەرمووی ماڵەچۆڵەکەی کرد و سپلیتەکەی نیشاندا. پیاوێکی کورتەبالای ڕەقەڵەی ڕەش ئەسمەری زیت، کە تێپەڕ بوونی شەشت بەهاری پێوە دیار بوو. بە وردی سەیرێکی ژوورە بەتاڵەکەی کرد وبەدەنگێکی زیقنەوە گوتی: بۆ دەیفرۆشی؟ ئەو لەکاتێکدا لینگە سەرپاییەکەی نێو دەستی لە لێواری پەنجەرەکە دادەنا گوتی: هەر ئەوە نییە هەموو کەلوپەلەکانی نێو ماڵێم فرۆشتووە. دەڕۆم بۆ هەندەران. کابرا بە چاوی کڕیار سەیرێکی سپلیتەکەی کرد و گوتی: من دوو وەرەقت پێ دەدەم. ئەو نەیگوت: هێشتا مانگێک تێپەڕ نەبووە کە بۆ خۆی پێنج وەرەقی پێداوە و کەمە، گوتی: پیرۆزت بێت. کابرا بە پەلە چوو لە نێو ماشێنەکەی نێردیوانێکی هێنا و خەریکی لێکردنەوەی سپلیتەکە بوو. خەریک بوو شریتی خورتوومەکەی لێدەکردەوە گوتی: بە قسە کردنت ڕا دەڵێی کوردی ڕۆژهەلاتی؟ گوتی: بەڵێ.

هەروا کە بە ددانی خەریکی پچڕاندنی چەسپێک بوو. گوتی: سیاسی؟ دیسان نەیگوت: بە تۆچی؟ تۆ خەریکی کاری خۆت بە چیت لە منداوە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەستی کرد حەز دەکات قسە بۆ ئەم کابرا نەناسراوە بکات. هەستی کرد قسەیەکی زۆر لەسەر دڵی کۆبووەتەوە و پێیخۆشە هەڵیڕێژێت. دەیەویست بڵێ ئەندامی ڕێکخستنی حیزێکی ڕۆژهەلات بووە و پاش ئەوەی قاچاخ بووە و هاتووەتە باشوور ژنەکەی لە گەڵی لە کەمپ نەژیاوە و ناچار بووە بێتە هەولێر. پێیخۆش بوو بڵێ لێرە لە کۆمپانیایەکی نەوت بووەتە شۆفیر و ڕۆژێک کە لەگەڵ بەرپرسەکەی چووتە سلێمانی، ژنەکەی دەستی کچە بچووکەکەی گرتووە و گەڕاوەتەوە ئێران. سەری هەڵێنا و سەیری نێو چاوی کابرای کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێی لێ بوو یەکێک گوتی: بەڵێ سیاسیم. دواتر زانی بۆ خۆی وای گوتووە.

کابرا گوتی: منیش بیست ساڵ پێشمەرگە بووم. یەکێتی بووم، بەڵام شەڕم بۆ ڕۆژهەڵاتیش کردووە. لە سەردەشت. پاشان گوتی: هێزی بەرگری بووم. دواتر کە خەریک بوو بە شێنەیی سپلیتەکە دابگرێتە سەر زەوی دیسان گوتی: ئەو کات یەکێتی بووم. بەڵام ئیستا هیچ حیزبێک نیم. دەزانی لە کامە شەڕدا لە ڕۆژهەلات بەشدار بووم؟ هەرچەند تۆ منداڵی پێم وانییە ئەو عەیامەت وەبیر بێت. چەند ساڵت تەمەنە کاکە؟ ، پاشان گوتی: ناویشت نازانم. بە پرسیارەکەی کابرا ڕاچڵەکی و وەک لە خەوێکی قووڵ ڕاپەڕیبێت بە لاڵە پەتەیی گوتی: لە دایک بووی هەشتام، ناویشم ئەحمەدە. کابرا گوتی: منیش حاجی عەلیم، کەوایە تۆ وەبیرت نایەت کاک ئەحمەد. دەزانی کووە برام؟ حیزبایەتی هیچ نییە. من بیست ساڵ پێشمەرگە بووم. هێندەی شەڕی حیزبە کوردییەکانم کرد هێندەم شەڕی بەعس نەکردووە. دیارە هەر من وانەبووم و ئەوەش تایبەت نییە بە باشوور. ئەرێ تۆ شەهید مستەفا دەناسی؟ ئەحمەد گوتی: مستەفا کێ؟

حاجی گوتی: بە خوا ناوی باوکی نازانم، حەزی لە کچی بەرپرسێکی حیزبێکی ڕۆژهەلاتی دەکرد. لە جەنگەی شەڕی بەرگریدا بە فەرمانی باوکی کچە کوشتیان. بە شەش زەلام تەقەیان لێکردبوو. پێشمەرگەکانی دیکە لە نێو شەڕدا ببوون چووزانن ئەم تەقەیە چیە. کە گەیشتبوونە شوێنەکە تەرمی شەهید مستەفایان بینیبووەوە. بە شەش کلاشینکۆف تەقەی لێکرابوو. هێندەیان فیشەک لە جەستەی دابوو، جێگەی ساغی نەمابووەوە. بەس سەیرەکە لەوەدا بوو، دەنگی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەقەکان تەواو نەدەبوو. تەرمەکەیان هەر لەوێ لە بن گڵ شاردەوە. دەنگی تەقە لە گۆڕەکەی دەهات. چەند ڕۆژ دواتر کە پاسدار ئەم گردەی گرتەوە. چووبوون لۆرییەکیان گڵ لەسەر گۆڕەکەی ڕۆ کردبوو، کەچی دەنگی تەقەکە هەر تەواو نەببوو. لۆرییەکی دیکەیان ڕۆکردبوو. دیسان دەنگەکە هەر نەبڕابووەوە. تا پەنجا لۆریان گڵ لەسەر گۆڕەکەی بە تاڵ نەکردبوو دەنگەکە تەواو نەببوو. پێم سەیرە نەتبیستووە. من ئەو ڕۆژە لە سەردەشت بووم. لە گەڵ ئەوەی قسەکەی کرد. دەستی خستە نێو گیرفانی و دوو سەد دۆلاری دەرهێنا و ڕوو بە ئەحمەدی ڕاگرت و گوتی: ئەمەش پارەکەت. پاشان خەریکی کۆ کردنەوەی کەلوپەلەکانی بوو.

سپلیتەکەی دەخستە نێو ماشێنەکەیەوە کە تەلەفوونێک بۆ ئەحمەد هات. قاچاخچییەکەی بوو. گوتبووی بەیانی لە نزیک پردی دەلالی زاخۆ چاوەڕێتین.

گوتبووی دوو وێنەی سێ لە چواریش لە گەڵ خۆت بێنە. حاجی گوێی لە قسەکان بوو و پێش ئەوەی بڕوات گوتبووی لە شەقامی مەلا عوزەیر برادەرێکی وێنەگرم هەیە بچۆ بۆ لای و بڵێ برادەری حاجیم. پاشان سواری ماشێنەکەی ببوو و ئەو و لینگێک سەرپایی و ماڵێکی بە تاڵی بە جێهێشتبوو.

بە وێنەگرەکەی گوت برادەری حاجی عەلیم. کوڕە گەنجەکە بە بزەیەکەوە گوتی: بەخێر بێی، ئەگەر دەتەوێ بە قاتوریباتەوە وێنەت هەبێ. تا من موەلیدەکە پێ دەکەم، کراسەکەت داکەنە، چونکە یەخەکەی بەرزە و دواتر بمەوێ لایبەم وێنەکەت تێکدەچێت. پاشان بە فۆتۆشۆپ قاتوریباتێکی کەشخەت بۆ دادەنێم. گوتی: ئاخە لە بنەوە هیچم لەبەردانییە دەبێ بە ڕووتی دانیشم؟ بەڵام چاوەڕێی وەڵامی کابرا نەماوە و خۆی ڕووت کردەوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر کورسی وێنەگرەکە دانیشت. دوو گەنج سەریان بە شووشەی دوکانەکەوە نابووسەیریان دەکرد. وێنەگرەکە چووە دەرێ و خەریکی هەڵکردنی موەلیدەکەی بوو. گوێی لێ بوو یەکێک لە گەنجەکان بە پێکەنینەوە گوتی: وادیارە خەریکی خەڵک ڕووت کردنەوەی. لە ئاوێنەکەی تەنیشتی ڕوانی. پیاوێکی ڕووتی تووکن. زگێکی زل و سەرێکی تاس، کە لاجاینگەکانی سپی ببوون، سەیری ئەمی دەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەلامین

مـەلا ئامیـن کـە لـە خۆشەویسـتیان بـە مەلامیـن بە ناوبانـگ بـوو. لـە یەکـەم ژنەکانـی کـورد بـوو کـە ببـوو بە مـەلای دوازدە عیلم. ئەو زاتـە پیرۆزە لـە لای باوکـی دەرسـی مەلایەتـی تـەواو کردبوو، بـەڵام چونکـە ژن بـوو و ژن نەیدەتوانـی بـە ڕەسمی ببێتـە مـەلای مزگـەوت، بڕیاریـدا مێرد بـە مەلایەکـی هاوتەمەنـی خـۆی بـکات و لـە ماڵێوە مزگەوتێـک هەڵسـووڕێنێت.

مـەلا وسـووی مێـردی لـە خوتبەکانـی نوێـژی هەینیـدا باسـی کوردایەتـی و نیشـتمان پـەروەری و ژینگـە پارێـزی دەکـرد و کـەس تەنانـەت دوازدە براکـەی مـەلا وسـووش نەیاندەزانـی وتارەکانـی مـەلا وسـوو، مەلاژنـە مەلامیـن دەینووسـێت. خۆشەویسـتی مـەلا و مـەلاژن بـۆ یەکتـری بە ناوبانـگ بـوو. مەلامینیـش بێجگـە لـە مـەلا کەسـیتری بە پیـاو نەدەزانـی و مـەلاش بـۆ ئـەو هەمـوو دنیابـوو. مـەلا وسـوو بـە پێچەوانـەی مەلامیـن بـە لەقـە لـەق ببـوو بـە مـەلای دوازدە عیلـم و زیاتـر مەلایەتـی لـەلای ئـەو کارێـک بـوو بـۆ پەیـدا کردنـی بژیـوی ژیانـی.

بـەڵام مەلامیـن دەرسـەکانی حوجرەی پـێ هـەو نەبـوو و پێـی وابـوو ئـەم دەرسـانە هـی پێنـج سـەد سـاڵ لـەوە پێشـن وهیـچ مەلایـەک بـەم دەرسـانە ناتوانێـت لەمـڕۆی دنیـادا قسـەیەکی بـۆ گوتـن پـێ بێـت. هەربۆیـە خـۆی فێـری فەلسـەفەی ڕۆژئـاواش کـرد و لـە یەکـەم ژنەکانـی کـورد بـوو کـە فێـری زمانـی ئینگلیسـی بـوو و تەنانەت ماوەیەک دواترهاتـە نێـو جیهانـی ئینتێرنێتـەوە.

مـەلا وسـوو ئـەم کارانـەی ژنەکـەی دەدیت و فشـەی پێـی دەهات و بـە کەرەکـەری دەزانیـن. بـەڵام لـە ترسـی بـێ نانی و بـێ گانـی نەیدەکـردە هەڵـڵا و خـۆی لـێ بـێ دەنـگ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردبوو. تا ئەوەی خودا کوڕێکی جوانی پێدان و مەلامین پێداگری کرد کە ناوی بنێن ڕزگار. مەلا ئیتر دڵی کرمێ بوو. هەر یەکەم ڕۆژ بە بزەیەکەوە لە مەلامینی پرسی بۆ ڕزگار؟ مەلامین بە پەشۆکاوییەوە گوتی: ناوی برادەرێکی باپیرم بووە. مەلا سوور سووردەیزانی مەلامین درۆ دەکات و باپیری جوانە مەرگی مەلامین قەت برادەرێکی بە ناوی ڕزگار نەبووە. بەڵام وەڕووی خۆی نەهێنا. شەوێ مەلا هەرجارەی بە بیانوویەک ناوی ڕزگاری دەهێنا و زەینی دەدایە مەلامین بزانێت دەموچاوی هیچی پێوە دیارە. مەلا بینی مەلامین ئەو شەوە لە گەڵ بیستنی ناوی ڕزگار، پێنج جار سپی هەڵگەڕا و حەوت جار کۆخی و سێ جار خواردنی لە گەروو گیرا و دوو جار ئاو لە چاوی تزا و یازدە جار ئاخی هەڵکێشا و جارێکیش لە بن خۆیەوە گوتی: ڕزگار.

مەلامین لە مێژ بوو لە ڕێگای باوکییەوە لە گەڵ شۆڕشی کورد ئاشنا ببوو و ئەویش وەک باوکی پێی وابوو کە تەنیا شۆڕشێکی چەکداری دەتوانێت کوردستان ڕزگار بکات.

مەلا لەو پیاوانە نەبوو لە خۆڕا و بێ بەڵگە بیکاتە هەرا هەرا و خەڵک وەسەر ژنەکەی بگێڕێت، بۆیە بەکاوە خۆ و بە شێنەیی هات و ئەو ڕزگار ناوانەی دەیناسین و دەیزانی مەلامینش دەیانناسێی ژمارد و ناو و ئادرەسەکەیانی لەسەر کوتە کاغەزێک نووسی. چوار ڕزگاری دەناسی کە یەکێکیان زۆرجحێڵ بوو و بۆ ئەوە نەدەبوو پێشتر دڵداری مەلامین بووبێت. بۆیە ئەمەیان نەبوو. دووەم دانەیان لانیکەم بیست ساڵ لە مەلامین گەورەتر بوو و شەلەل بوو، هەربۆیە مەلا پێی وانەبوو مەلامین چاوی لەو پیرە پیاوە نەخۆشە بڕی بێت، بەڵام دووانەکەی دیکە هەر دووکیان هاوتەمەنی مەلامین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون و هەردووکیان جوان و کەشخە بوون و مەلا کە بیری لێ دەکردنەوە، لە خۆڕا تووکی سەری قرژ دەبوو و لێوی لێ دەکرۆژتن و چاوەکانی سوورهەڵدەگەڕان و بە دەست خۆی نەبوو پێی خۆش بوو وەنجڕونجڕیان بکات. بە تایبەت ئەو هەتیوە لووسکەیەی وسێنە کوێری. ئەو هیچ وپووچەی کە هەر جار ناجارێک دێت و خۆ بە ماڵیان دادەکات.

مەلامین ئەو ڕۆژە بیری لەوە دەکردەوە کە ڕاستە توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بێ گومان ڕزگاری کوردستان دەریایەکی خوێن دەوێ و ئەگەر داهاتووی منداڵەکانمان دەوێت دەبێ لەم باسە سڵ نەکەینەوە.

مەلامین بۆ نێوەڕۆ کە مەلا هاتەوە مزراویلکەی لێنا بوو. پێش نان و کاتی نان و دوای نان دیسان مەلا چل و حەوت جاری ناوی ڕزگارهێنا و هەوڵیدا کە جارنا جارێک ناوی ئەم دوو ڕزگارەش بخاتە نێو ڕزگارەکانەوە و بزانێت ڕوخساری مەلامین چی بەسەر دێ. مەلا تێگەیشت بە ناوی ڕزگاری وسێنە کوێر، بڕۆی مەلامین جوڵە جوڵێک دەکات و هەر جارەی بە بیانوویەک قسەکە دەگۆڕێت.

ئەو ڕۆژە مەلامین مێشکی سەرقاڵی تیۆری دەستپێکی شۆڕشێکی ژێرزەمینی بوو کە پێشتر پێشکەشی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کردبوو، بەڵام ئەوان تەنانەت جارێکیش لەسەری کۆ نەبوونەوە و بیریان لێ نەکردەوە. بۆیە مەلامین هەر لەسەر سفرەی مزراویلکەکە بڕیاریدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتەوە ئەم شۆڕشە دەستپێ بکات.

هەر ئەو ڕۆژەش مەلا ئاخری هەڵچوو و نەیکردە نامەردی و لەسەرسفرەکە دەستیدا قاپێکی مزراویلکە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دەموچاوی مەلامینی داکرد و هەشاوڵی بۆ هێنا و تا لەرەی دوایین تاڵی گەرووی نەڕاندی و گوتی: چۆن وێراوتە ناوی دۆستەکەت لەسەر کوڕی من بنێیت؟

مەلامین هێندە حەپەسا بوو، دەتگوت لەو ئاسمانە بەربووەتەوە. هەرچی سوێند و قورئان و خودا بوو خواردی و گریا کە شتی وانەبووە و ڕاینەبردووە. مەلا گوتی: من کارم بەم قسانە نییە و هەر ئێستا دێی و بانگێکی دیکە بە گوێی کوڕەکەمدا دەدەی و ناوی دەگۆڕی. مەلامین بە پەلە پەل هاتە سەر لانکەکە و دەمی بە گوێچکەی کوڕەکەیەوە نا و بانگیدا و فەرمووی ئەوە بەیادی مامۆستا هێمن، ناوم نا هێمن. بەڵام مەلا لەو پیاوە گەمژانە نەبوو کە بە ناوی شاعیر و شت هەڵفریوێت. زوو هەرچی هێمن ناوی دەناسی هاتە نێو مێشکییەوە. یەک دوو هێمنی جوانیشی وەبیر هاتەوە و چاوی لە مەلامین دەرپەڕاند.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوای شەڕەکەی نەغەدە

ئەگەرکەسێک لە دوورەوە دیمەنی ئەو دوانیوەڕۆ گەرمەی هاوینێکی سەروبەندی ئینقلابی ببینیبوایە، دەیدیت کە پێمەڕەکەی مام سمایل لە خۆی درێژترە و بە زەحمەت و بە هانکە هانکێکی زۆرەوە خەریکە هەڵیدەسووڕێنێت و پاستاوە قوڕەکەی پێ ئەم بارە و بار دەکات. بە ڕواڵەت شێرزاد لەو بەرەوە و لە سەر قوڕێکی دیکە خەریکی خشت بڕین بوو، بەڵام تەنیا جەستەی لەوێ بوو و هەر خودا دەیزانی مەلی خەیاڵی لە کوێ لەنگەری گرتووە. شێرزاد بە دەستەکانی بەقەت خشتێک قوڕەکەی لێکردەوە و توند فڕێیدایە نێو قالبە دارەکەوە. پاش ئەوەی هەر پێنج خانەکەی پڕ کرد. دەستیدایە ئاسنی بەناو سەربڕ و قوڕە زیادەکەی لێ کردەوە و هەستایە سەر پێ و لە ڕیزی خشتەکانی پێشووی خۆی قالبەکەی ڕۆکردە سەر ئەرزی. پاشان بۆ خاوێن کردنەوەی قالبەکەی، قالبەکەی بە ئەرزیدادا و ڕمبەی لە ئەرزەکە هێنا. هێندە ئەم کارە ئاسایی و دووپاتە بوو، تەنانەت زارای خوشکی و ڕەئووفی ئامۆزای کە سەریان بەردابووەوە و خەریکی کار بوون، ڕمبەکەیان نەبیست. بەڵام هەموویان بە دەنگی ئەهاکەی مام سمایل ڕاچڵەکین و سەریان هەڵێنا و سەیری مام سمایلیان کرد. شێرزاد بینی مامی بەپەلە لە قوڕەکە هاتە دەرێ و بە بنی لاقی خەریکە قوڕی لاقەکەی دیکەی لێ دەکاتەوە. باریکی لاقە ڕەشەکانی مام سمایل ڕەنگبێ لە دوایین شتەکانی ئەو ڕۆژە بن کە لە مێشکیدا مابووەوە.

چاوەکانی مام لە دووری دەڕوانی. هەموو بە خێرایی ڕوویان بۆ ئەو لایە وەرسووڕاند کە ئەو سەیری دەکرد. دواتر کە مام سمایل لە نێو ڕەزایەدا ماشێن لێیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پانی کردەوە. شێرزاد بێجگە لە لاقەکانی مامی، چرچی چاوەکانی مامیشی دەهاتە پێش چاوی کە لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینێکی سەروبەندی ئینقلابدا سەیری مەیدانیماڵی عەلا و وانی دەکرد. مامی بە پەلە دەستی درێژ کردبوو و پێمەڕەکەی لە نێو قۆڕەکە دەرکێشابووە دەرێ و بە هەردوو دەستی پێمەرەکەی وەک ڕمێک گرتبوو و بەرەو مەیدانی عەولا و وان هەڵاتبوو. بەڵام پێش ئەوەی هەڵێت گوتبووی: وەرن شەڕی کورد و عەجەمە.

پاش شەڕەکە ڕەئووف کە شەڕەکەی بۆ پاسەبانەکە گێڕابۆوە گوتبووی: هەموو ئەم ڕووداوە سێ چرکە بووە. پاسەبانەکە بە شێرزادی گوتبوو: تۆ لە جەنگەی شەڕەکەدا لە کوێ بووی؟ شێرزاد چووبووە نێوەڕاستی فەنەرەکان ڕاوەستابوو و گوتبووی: لێرە بووم. زارا و ڕەئووف لە سەر قورەکە بوون و مامیشم خەریک بوو قوڕێکی تازەی دەگرتەوە.

پاسەبانەکە گوتبووی: مامت کە هەڵات ئێوە چیتان کرد؟ شێرزاد نەیگوتبوو ئێمەش بە دوای مامدا هەڵاتووین بۆ ئەوەی فریای شەڕەکە بکەوین. ڕەئووفیش باسی پێمەڕە هەڵگرتنەکەی خۆی نەکردبوو. زارا گوتبووی: من نەچوومەتە پێشێ. هەموو سەریان بۆ لەقاندبوو کە ڕاست دەکات. تەنانەت پاسەبانەکەش سەلماندبووی کە زارا بە لاقێکی شەل و بە بەژنێکی ورد و کز و لاوازەوە بۆ ئەوە نابێ بچێتە نێو چەقی شەڕێکی ئاوا خوێناوییەوە.

ڕەزا برای ئەو عەجەمەی مامە سمایل بە پێمەڕە لە سەری ڕاکێشابوو. بە پاسەبانەکەی گوتبوو. قەتم ئەم پیرە پیاوە نەدیتبوو و لە ڕۆژی شەڕەکەش نازانم ئەوە لە کوێوە هات و خۆی خستە نێو شەڕەکەوە. شێرزاد چەند ساڵ دواتر گوتبووی: وەک ڕۆژی ڕوون دەزانم مامم لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی وەبەر ماشێن کەوتنی، تەقەی پێمەڕەکەی خۆی کە بە سەری کابرا عەجەمەیدا کێشابووی، گوێ لێ بووە.

ڕەئووف دەیگوت ئەوەی کە عەولا سەری وەک کتێبێک لێک کرابۆوە و بە ناچار هەر بە پێمەڕەیەکەوە کە لە نێو سەری چەقیبوو، تەرمەکەیان سواری ئامبولانس کردبوو. دیمەنێک نەبوو کەس لەبیری بچێتەوە. دواتر مەیتەکەیان چۆن بردەوە بۆ مەهاباد و لە کوێ ناشتیان، لە نێو ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی ئینقلابدا بێ بایەخترین باسێک بوو کە دەکرا کەسێک لێی بکۆڵێتەوە. لەوانەیە ئەگەر ڕۆژێک یەکێک لە براکانی عەولا باسی ئەو ساڵانە بکات. تەنیا بڵێ دوو ڕۆژ دوای شەڕەکەی نەغەدە، عەولا لە کورەخانە کوژرا. یان لەوانەیە بڵێ دوو ڕۆژ دوای شەڕەکەی نەغەدە، عەجەمە کورەچییەکان ڕژانە سەرمان و عەولایان کوشت.

مام سمایل لە بەرانبەر پرسیاری ئەوەی کە شەڕەکە لەسەر چی بووە؟ گوتبووی شەڕی کورد لەسەر خاکە و لە هەر کوێ شەڕ بوو، کورد نابێ پرسیار بکات شەڕەکە لەسەر چییە.

شێرزاد بە پاسەبانەکەی گوتبوو: من کە گەیشتمێ شەڕەکە تەواو ببوو و لە کوردەکان عەولا کوژرا بوو و لە تورکەکان ناسر و چەند کەسێکیش بریندار بوون. براکانی هەردووک لا هەر ئەو ڕۆژە و هەر لە لای پاسەبانەکەی دەوڵەت سوێندیان خواردبوو کە تۆڵەی براکەیان دەکەنەوە و پاسەبانەکەش ئەوەی لە دەفتەرە سوورەکەیدا نووسیبوو و دەفتەرەکەی خستبووە نێو کیفە ڕەشەکەیەوە و کیفەکەی بە شانیدادابوو و لۆژە لۆژ ملی ڕێگا خۆلەکەی گرتبووە بەر و ڕۆیشتبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەسەر پردی مياندواوێ

جا ئاغای بە ماڵم عەرزی برای خۆم بکەم چل ساڵی ڕەبەق بەسەر ئەم بەسەرهاتەدا تێپەڕیوە و ئێستا ئیدی قونی ڕەش و سپی هەموو لایەک چاک وەدیار کەوتووە و ڕووڕەشی هەر بۆ قەل ماوەتەوە. تۆ کارت بەم حەسێبە نەبێ قەل کێیە و کۆتر کێیە. ڕاست و درۆی ئەم حیساب و کیتابە کاری من و تۆ نییە، بەڵام وەڵڵا وەڵڵا تا گڵەبانی چاوم دەکەن لەبیرم ناچێتەوە بە ناحەق گیرام و لەم میاندواوە حازرییە و ڕێک لەسەر ئەم پردی کارخانە قەندەی لە مینی بووسیان هێنامە خوارێ و هەتیوێکی زەردەڵەی بودەڵە بە پاستارەکانی گوت: ئەمە پێشمەرگە بووە. دەڵێن ڕوح لە جێگایەکی قایمە و هەروا ئاسان نایەتە دەرێ، دەنا هەر لەوێ وەختابوو خۆم پیس بکەم و لە ترسان دڵم بتۆقێ.

سەد جارم سوێند بۆ خواردن کوڕە بابم من و پێشمەرگایەتی. کوڕە کاکە من پارچە و قوماشم لە عێراقەوە هێناوە و دەچمە تەورێزێ دەیفرۆشم و لەوێش قەند و چا دەکڕم و دەگەڕێمەوە شاری. دیتم نەخێر خەیرە، گەواد سواری قسەی خۆی بووە و دانابەزێ. چاوم لە چاوی کرد و دوو تفم لە ڕووی کرد و گوتم کوڕی سەی خۆ سوور سوور دەزانم ئەم پاستارانە هێندە فوو لە دۆ ناکەن و تۆ قامک لەسەر هەرکەس دانێی ئەوان دەیهێننە خوارێ و بێ دادگایی دەیکوژن، بەڵام وەرە مەردبە و لە ڕێی خودادا بۆ جارێکیش بووە ڕاست بڵێ و بڵێ لێم تێکچووە و قەتم ئەم پیاوە نەدیتووە.

کاکە بەسەری تۆ نا و بەسەری خۆم هەتیوو نەیکرد، هەرچی تێیدەفکریم وەبیرم نەدەهاتەوە خودایە ئەم کوڕەم لە کوێ دیتووە. ئاغای بەماڵم پاستار وەپێش خۆیاندام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سواری شلەخەجێیان کردم و یەڵڵا و یاعەلی بردیانم بۆ کونە ڕەشێ. کە چوومە ئەوەێ دیتم خەڵکیان لە سێ ژوور ئاخنیوە و عالەم لە بێ جێوڕێیان سواری ملی یەکتر بوون. نیوەیان عەجەم بوون و نیوەیان کورد. عەجەمەکان لەلایەک دانیشتبوون و کوردەکان لەلایەک. دەی کاکە گیان چی بکەم چی نەکەم، ناچار لە سوچێک خۆم مات کرد و ملم خوار کرد و چاوەڕێی قەدەر و چارەنووس مامەوە. بەسەری تۆ لە نێو ئەم غەڵبە غەڵب و زەنا زەنایەدا هەتیوم وەبیر هاتەوە. کوڕی سۆفی خۆمان بوو. ئەی گوتم هاوار بە ماڵم ئەوە لێرە چی دەکات. هەتیو مەمنا پێشتر منی دیتبوو، وایدەزانی منی لە حیزبێ بینیوە. خودا گیان سۆفی چەند پیاوێکی مەرد و ڕەند بوو، ئەم جاشکە چییە لە پاشی بە جێ ماوە. سۆفی ناناسی؟ بێ قەزا بێ چۆنی ناناسی ماڵتە. سۆفی، سۆفی خۆمان، سۆفی بەردەوام لە مزگەوتی ئاوایی بوو. جار جار دەهاتە نێو خەڵکی و ئەگەر کارێکیان پێ ڕاسپاردبوایە سەری پێوە نەبوو بۆ خزمەت کردن. ساڵێکیان گورگ ڕانە مەڕی ئاوایی هەراسان کردبوو. مام سۆفیان ڕاسپارد بیگرێت. کاکە تەڵەی بۆ داناوە و نیوەشەوێ گورگە بە تەڵەوە بوو. مام سۆفی لێفەیەکی شڕی هەبوو. دەیگوت کە چووم گورگە لەم تاریکییەدا هەرزیتە زیتی چاوی دەهات. لێفەکەی بەسەردادابوو و دارێکی کردبووە قەمتەر و لمبۆزی پێ بەستبوو و دەست و پێی بەستبووە و سواری ولاغی کردبوو و سبەی هێنابوویە نێوەڕاستی ئاوایی و بە ئەرزێدادابوو و گوتبووی ئەوەش گورگە بۆر، جا چی لێدەکەن کەیفی خۆتانە. کوڕە چاولێکە دنیا عەمری نەمێنێ ئەم پیاوە ئازایە کێی لە پاش بەجێ مابوو.

وەڵڵا جا عەرزی برای خۆم بکەم. دەستم لە خۆم

شووشتەوەوە و بەتەمای خودای دانیشتم. هەر دوو سەحاتێک دەبوو نەدەبوو لەوێبووم. بینیم جاشێکی سمێڵ بابریان هێنا بۆ ناسینەوەی خەڵکی. پێیاندا هات ئەوە کۆمەڵەیە، هۆوە دێمۆکراتە، ئەمە فەداییە. ئاوا. حیزب بە حیزب بە خەتیان دەکردن و دەیانبردن. گەیشتە من چاوی لە چاوم بڕی. وەڵڵا لە ترسی مردن زمانم شکا بوو. لە پڕ جاشە پێکەنی و گوتی: وەستا تۆ لێرە چی دەکەی؟ بە تەعەجوب سەرم هەڵێنا چاو لێدەکەم چی ببینم کورە خۆ من ئەم جاشە چاک دەناسم. کە ماڵمان هاتە شاری منداڵی گەڕەکێک بووین. پێشتر پێشمەرگە بوو و تازە ببووە جاش. گوتم: بەقوربانت بم لە هیچ و خۆڕاییی خەریکە ئەم هەتیوەی سۆفی بە کوشتنم بدات. سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی: سەد جارم پێ گوتوون ئەم کورە خەڵک ناناسێت و لە خۆڕا خەڵک لە ماشێن دادەبەزێنێت. کاکە هەستە، هەستە، هەستە بڕۆ وەدوای ژیانی خۆت بکەوە. وەڵڵا خودا بتحەسێنێتەوە بەریاندام.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جاشکوژ

خانم دوێنێ شەوێ لە ماڵ نەبووی. بەناچار بۆ خۆم قۆڵم لێهەڵماڵی و چێشتم لێنا. جاشکوژم میوان بوو. پێم گوت: ببورە نانی خەجاڵەتییە و من کابانێکی باش نیم. جاشکوژت لە بیرماوە؟ برایمی کوڕی زێنەبی خۆمان. ئاخری پاش بیست و سێ ساڵ لە زیندان بەربوو. پێم گوت: برایم گیان، چەندە درەنگ هاتییەوە. زێنەب هەموو کوڕە خاسەکانی گەڕەکی ناو نابوو برایم. ئێستا نە زێنەب ماوە و نە برایمەکان. برایمێک لە هەولێرە و برایمێک لە کۆیەیە و برایمێک لە ئاڵمانە و برایمێکیش لە تورکیە ئەوە دەڕزێت.

گوتم: برایمەکان بە زێنەبیان نە دەگوت پورێ، یان دادە، یان نەنە. هەموو لە زمان تۆوە دەیانگوت زێنەب. گوتم: لە دەوری زێنەب کۆ دەبوونەوە و ئەو بیرەوەرییەکانی تۆی بۆ دەگێڕانەوە. جاری وابوو هەر لە پێش چاوی زێنەب یەکیان دەبوو بە تۆ و یەکیان دەبوو بە ڕەحمان بۆڵدزێر و یەکیان دەبوو بە کەریمی عەلی فەرامەرز و یەکیان دەبوو بە وەستا. زێنەب لە ترسی گیانت نەیدەوێرا پێیان بڵێ جاشکوژی بە ناوبانگ تۆی. هەر من و خات پیرۆز و چەند کەسێکیتر دەمانزانی. خات پیرۆز ڕوحی شاد بێ دەیگوت: دەوڵەت بزانێت کێی گرتووە قەت بە بیست و سێ ساڵ زیندان لە کۆڵی نابێتەوە. دوێنێ شەوێ پێم گوت: تۆش دەتزانی. گوتم: پێت خۆش بوو بیبینییەوە. گوتم: ئێستا لە گەڵ زێنەب و خات پیرۆز جێژنتان گرتووە بۆ ئازادییەکەی.

دەزانی زۆر سەیرە جاشکوژ ئاگای لە هەموو شتێک بوو. دەیگوت: مامە هەواڵەکان زوو دەگەیشتنە دەستمان. دەیگوت: کە زانیمان حیزب لەت بووە پشتمان شکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیگوت: زۆرم هەوڵدا ئەوە بەسەر ئێمەش نەیات. دەیگوت: بەسەرمان هات. نەگەیشتە مانگێک ئێمەش بووین بە دوو بەش.
پێم گوت: برایم گیان خات پیرۆز سوێندی خواردبوو کە ئازاد بووی تا بەیانی سەرچۆپی بکێشێت و هەڵپەڕێ. ئاخە هەر زێنەب دایکت نەبوو. هەموو ژنانی کوردستان خۆیان بە دایکی جاشکوژ دەزانی.
کە چێشتەکەم بۆ دانا سەرم بەرداوە و گوتم: بمبورە بە چل و پێنج هەزار تمەن یارانە و میلیۆنێک مووچەی خانەنشینی مامۆستایەتی هەرئاوا دەتوانم لە خزمەتت دابم. کچەکە نازانی برایم گریا. بەو زەوادەی لەسەر سفرەکەیە دڵی پڕ بوو. فرمێسکێک خوشییە نێو ڕدێنە ماشوبرنجییەکەی و گوتی : مامە ڕەنج بە خەسار بووین. هەردەڵێن مەلاکان شۆڕشی ئێرانیان دزی، ناڵێن بۆ خۆیان چیان بەسەر شۆڕشی کورد هێنا. گوتم: بۆم بگێڕەوە چۆن گیرای؟ گوتی: مامە لەوانە گەڕێ تۆم بۆم بگێڕەوە دایکم لە تەنیایی و بێکەسیدا چۆن دیقی کرد و مرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جووجە قەرەچی

دوایین جار کە بە تەلەفوون لە گەڵ دایکم قسەم کرد، گوتی: ڕۆڵە دوێنێ واحیدم بینیوە زۆری لێ پرسیووی و سڵاوی گەیاندووی. واحیدت لە بیر ماوە؟ هاوڕێیەکەی پشتی سیلۆت.

واحید، واحید ... حەک خودا لە ناوت ببات واحید. کوڕە چۆنم واحید لە بیر دەچێتەوە. دراوسێ بووین و هاوڕێ. دوو سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو و بە بەژن و باڵاش لە من باو خۆشتر. سوور و قەڵەو و تا خولا حەز بکات زۆرزان و قسە زل. بەڵام بۆ شەڕ خێری و بودەڵە و ترسەنۆک. پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم و دوو مانگێک دەبوو دەچوومە کارەتە و خۆم لێ ببوو بە برۆسلی و جار نا جارێک خۆم ڕووت دەکردەوە و دەچوومە پێش ئاوێنە و وەک برۆسلی دەمیاواند و گاردم دەگرت. جاری وابوو ئاوێنەکە دەیگووت: لاکە لاوە برا ترسام.

قەتم ئەو ڕۆژە لەبیر ناچێتەوە کە واحید گوتی: کوڕە خەبات چیم لێ دەکەی، جووجە هەڕەشەی لێ کردووم. بمگرێت دەمکێت. بە پێکەنینەوە گوتم: جووجە کێیە؟ گوتی: کوڕە چۆن نایناسی؟ جووجە قەرەچی. نەمپرسی بۆ دەیەوێ لێت بدات و چ کەتنێکت کردووە. واحید هی ئەوە نەبوو لە خۆڕا بیانەوێ بیگرن و عەیب نەبێ وای لێ بکەن. شتێکی هەر کردبوو و ئێستا دەیشاردەوە و باسی نەدەکرد. هەر ماوەیەک پێشتر بوو، گوتی: بچینە کوچە گەردی. منیش گەوج گەوج گوتم: با بڕۆین. چووزانم چی بە دەمەوەیە. دوو کۆڵان نەڕۆیشتبووین. یەکێک گوتی: هات. یەکێکی دیکە گوتی: بیگرن. کاکە بوو بە قوولە قوولێک هەر نەبێتەوە. منداڵ دەورەیان داین. هەتیووێکی زلی ڕەش ملی من و واحیدی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرت و بە دیوارەوەی نووساندین و گوتی: پێم نەگوتی نەتبینمەوە. پێم نەگوتی جارێکی دیکە بێرەدا بێی وەک سەگ دەتتۆپێنم. واحید لە بن دەستی کورەدا شین و ڕەش هەڵگەڕابوو. گوتی: سەگباب خۆ کۆڵانی تۆ نییە.

منیش وەختابوو بخنێکم، بە هەناسە بڕکێیەوە گوتم: واحید ئەوە کێیە و چی دەوێ؟ کورە کە زانی من ئاگام لەم کەین و بەینە نییە. ملی منی بەردا و فڕێی دامە ئەم لا و ڕووی لە یەکێک لە منداڵەکان کرد و گوتی: ها ڕەئووف تۆ لەوە هەڵدە.

ملم کە ڕزگار بوو. یەک دوو جار کۆخیم و چاوێکم لە ڕەئووف کرد. ڕەئووف دەتگوت بەچکە پشیلەیە. هی ئەوە نەبوو پێم بوێرێ. زوو گاردم گرت و برێک لە سەر پەنجەکانی قاچم هەڵبەز هەڵبەزم کرد و بە یادی خوالێخۆشبوو بڕۆسلی میاواندم و جا گوتم : ڕەئووفی خۆڕی ئەگەر لە خۆت ڕادەبینی وەرە پێشێ بزانم ئەو قەلەی مام جەلال بتخوات؟ وەڵڵا شاپ ترێنت دەکەم.

ڕەئووف هەر بە هەڵبەز هەڵبەزەکەم و دەنگی خوالێخۆشبوو بڕۆسلی زراوی چوو. گوتی: کاک برایم واحید کارەتەبازی هێناوە. کورە زلە کە ئێستا دەمزانی نێوی برایمە، ئەوەندەی دیکە قووشقی بوو و زیاتری ملی واحید گوشی و گوتی: کارەتەبازم بۆ دێنی؟ چما کارەتەبازەکەشت ناگێم.

کار گەیشتە ئێرووکانە. گوتم : ئەرێ بوەستە دەکرێ بزانم چ باسە؟ برایم گوتی: ئەم هەتیووە کەڵەگایەتی لە خوشکی ڕەئووف دەکات. گوتم: حەک عەمرت نەمێنێ واحید، ئەوە منت بۆ ئەوە هێناتە ئێرە؟ واحید بە قرخە قرخەوە گوتی: درۆ دەکات، ئەوە بۆ خۆی کەڵەگای فاتە دوو قڕانییە، بەسەر منی دادێنێت. هەر وای گوت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و برایم تێبەری بوو. ئەوەندەم پێکرا واحید لە بن دەستی برایم دەرکێشم و هەڵێین. گەیشتینەوە کۆڵانی خۆمان واحید گوتی: فاتە دوو قڕانی دەناسی؟ گوتم : نا. گوتی: قوزی بە قەت دوو قڕانییەکە بۆیە وای پێ دەڵێن. وەبیرم نایە پرسیبێتم تۆ قوزیت دیتووە یان نا. بەڵام ئێستا کە واحید دەیگوت جووجە هەڕەشەی لێ کردووم. دەمزانی کەس بە بەلاش هەڕەشە لە واحید ناکات. کەچی بۆ بەدبەختی کە تووشی جووجە هات، لە گەڵی بووم. دیسان لە یەکێک لە کوچە گەردییەکانماندا بوو. جووجە کوڕە قەرەچییەکی زۆڵ و شەڕانی. واحیدی گرت و وەبن خۆیدا. جووجەم گرت و لەسەر واحیدم لابرد و گوتم: کاک جووجکە برا بۆ وا دەکەی؟ جووجە شەمچەت لێ دابوایە ئاگری دەگرت. گوتی: سەگباب جووجکە نیم و جووجەم. بەم هەتیووەی ڕەفیقشت بڵێ بە دەوری خوشکم دانەیات. بیبینمەوە ... . . خێرا دەستی واحیدم گرت و هەڵمستاندە سەرپێ و گوتم: دەزانم بیبینییەوە دەیگێی. گوتی: ئا. گوتم: وەرە خودا لە منت بستێنێ هەر کچە قەرەچی مابوو خۆی لێ هەڵقوورتێنی. وەرە بڕۆین بە خودا ئەم کاک جووجکەیە شۆخی و شت نازانێ بە ڕاست تا سوارت نەبێ لە کۆڵت نابێتەوە. کوڕە گوتی: جووجکە نا جووجە. گوتم : ئائا کاک جووجە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سپێدە

پووڵەکانی بەرەو تەواو بوون دەڕۆیشت و وردە وردە هەوڵە بێ ئەنجامەکانی بۆ دۆزینەوەی خانوویەکی هەرزان و خاوێن خەریک بوو ماندووی دەکرد. هەموو رۆژێ لە کاتژمێر نۆی بەیانییەوە دەستی ئارانی بچکۆلانەی دەگرت و لە دەرکەی هۆتێل دەهاتنە دەرێ و کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقام دەگەڕان و لە هەر جێگەیەک کە بە تورکی کرالیک نووسرابوایە رادەوەستان و بە زمانی بێ زمانی لە گەڵ خاوەن ماڵەکان دەکەوتە مەعامەلە و ساتووسەودا.

هێندەیان پێ گوتبوو یابانجی ئیستەمەم. تێگەیشتبوو زۆربەیان خانوو نادەن بە خاریجی. ئاران زوو زوو ماندوو دەبوو و دەبوایە لە باوەشی بکات. ئاران لەم هەموو گەڕانە وەڕەز دەبوو. ئەو بە قسەی خۆش و جار جار بە لێ تورە بوون ئارانی ناچاری دەکرد بێ دەنگ بێت و دان بە جەرگیدا بگرێ. ئەم ماوەیە هێندەی بۆ خەڵک شی کردووەتەوە بۆ مێردی لە گەڵ نییە و بۆ لە ترسی مێردەکەی هەڵاتووە و هاتووەتە تورکیە زمانی مووی لێ هاتووە.

ڕەنگبێ ئەگەر لە هەلومەرجێکی تر دابوایە، قەت بیری لە بە کرێ گرتنی ئەم خانووەی دوایی نەکردبوایەتەوە. خانوویەکی بە تەختە و دار دروستکراوی کۆن. کە دەرکەیان کردەوە و لە گەڵ خاوەن خانووەکە چوونە ژوورێ، بۆنی تەڕی و شێ کاسی کردن. ژوورەکە هێندە تاریک و تنۆک بوو، تەنانەت خاوەن ماڵەکەش هەستی کرد زیادە لە پێویست خانووەکەی گرفتی هەیە و بە پەلە پەردەی پێش پەنجەرەکەی لادا، تا ئەوەندەی بکرێت تیشکی خۆر لە پەنجەرە بچووکەکەوە بێتە ژوورێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان ڕوو بە ئەم بزەیەکی کرد و هەوڵیدا تایەکی پەنجەرەکە بکاتەوە. ئەو چووە ناوەڕاستی ژوورەکە وهەر لەو چەند هەنگاوە چکۆلەیەدا گوێی لە جیرە جیرِ و قرچە قرچی تەختەکان بوو و لە ڕەهۆڵی و بۆشی و ناقایمی تەختەکانی ژێر پێی گەیشت.

ئاوڕی داوە و سەیری خاوەن خانووەکەی کرد. پیرە پیاوێکی سوور و سپی قەڵەو. باڵتەیەکی درێژی ڕەشی لەبەردابوو و بە چاوە بچووکەکانی هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەمی خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە. کە زانی سەیری دەکات وازی لە کردنەوەی پەنجەرەکە هێنا و بە ئاماژە مەتبەغەکە و ئاودەست و حەمامەکەی پێ نیشاندا و پاشان دەستی بۆ لای سووچێکی ژوورەکە درێژ کرد و قادرمەیەکی پێ نیشاندا و تێیگەیاند کە خانووەکە قاتێکی دیکەشی هەیە.

پاشان هەروا کە سەری بەردابووەوە، کوتە کاغەزیکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە قەڵەمێک لەسەری نووسی سێ سەد. بە ئاماژە نیشانیدا مەبەستی ئەوەیە خانووەکەی مانگێ بە سێ سەد لیرە بەکرێ دەدات. ئەم سەرێکی بۆ لەقاند و دەستی ئارانی بچووکی گرت و لە قادرمە دارەکەی ناو ژوورەکە وەسەرکەوتن.

سەرێ تاقە ژوورێک بوو. بە پێچەوانەی خوارێ، ژوورەکەی سەرێ دەتگوت تازە دروست کراوە و خستراوەتە سەر خانووەکە. پەنجەرەیەکی گەورەی ئاسن و دەرکەیەکی داری تێدا بوو. دەرکەکە ڕوو بە باڵکۆن دەکراوە. خێرا بیری لەوە کردەوە کە دەکرێ بەم پارەیەی ماوێتی، کرێی مانگێک بە کابرا بدات و بۆ ئەم ژوورەش موکێتێک و چکیاتێک بکڕێت و بە ڕۆژ وەک مۆبڵ و شەوانە وەک تەختی نووستن، خۆی و ئارانی بچکۆلە لەسەری بخەون. ئاران بە قاچە گچکۆکەکانی بەرەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرکەکە ڕۆیشت. بە هەڵەداوان بەر لە ئاران گەیشتێ و دەرکەکەی کردەوە و پێکەوە ڕۆیشتنە سەر باڵکۆنەکە و ڕاوەستان.

ڕووبەڕووی خانووەکە ڕیزە ماڵێک بوو. گشتیان دار و گشتیان کۆن و ڕەش. بە بینینی دیمەنی خانووەکان هەستی بە پشوو سواری و هێڵنج و تەنگە نەفەسییەکی سەیر کرد. سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی تا بەشکم دیمەنی هەور و شینایی ئاسمان برێک سوکنایی پێ بدات. لەپڕ چاوی بە منارەی مزگەوتێک کەوت کە وەک کۆڵەکە ڕوو بە ئاسمان هەڵکشابوون. دیار بوو لە پشت ئەم ڕیزە ماڵە، مزگەوتێکی گەورەی لێ بوو. چاوی لەسەر منارەکان مۆلەق وەستان. دوو منارە. هەر منارەیەی چوار بڵندگۆی پێوە بوو. وەک پەردەیەکی سینەما، ڕووداوەکانی داهاتوو هاتە پێش چاوی. بۆ خۆی و ئاران لە گەرمای هاوینێدا پەنجەرەیان کردووەتەوە و خەوتوون. شەوێکی بێ دەنگ و کڕ. لە پڕ لە هەشت بڵندگۆوە پیرە پیاوێکی دەنگ گڕ بە هێز و قەوەتی خۆی تێی دەتووڕێنێ و تا هەناسەی بڕ دەکات وشە عەرەبییەکان لێک دەکێشێتەوە و بانگ دەدات.

ئاران بەو دەنگە دەنگ و هاتوهاوارە زۆرە لە خەو ڕادەچڵەکێ و دەگری. ئەو بە پەلە پەل پەنجەرەکە پێوە دەدات. پەنجەرە و شووشەکان توانای بەرگری لە بەرانبەر شەپۆلی دەنگەکەیاندا نییە.

ئاران دەزیقێنێ. ئەو توند توند دەستی دەخاتە سەر گوێچکەی. دەڵێی لەناو مێشکیدا دەهۆڵ دەکوتن. گوێچکەی وەختە کەڕ بێت. گەرووی دەگوشرێ و وە قرخە قرخ دەکەوێت. ڕێک وەک ئەو ڕۆژەی مێردەکەی لەسەر بوختانێکی هەڵبەستراوی جیرانێکیان دەیەویست بیخنکێنێت. هەناسەی سوار بووە. دەبێ تازووە بگاتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێنێکی کراوە و بایەکی فێنک لە سەروپۆتراکی بدات. فرمێسک بە گۆنایدا دێتە خوارێ. بە پەلە دەستی ئاران دەگرێ و لە ژوورەکە دێنە دەرێ و بە قادرمەکاندا دێنە خوارێ. کابرا بە قامکەکانی پێی نیشان دەدات کە پێشەکی پارەی شەش مانگی بەسەر یەکەوە دەوێت. ڕاناوەستێ وەڵامی کابرا بداتەوە. فێر بووە بڵێ ئیستم یۆروم. بە هەناسە بڕکێ و دەنگێکی گریاناوییەوە دەڵێ: ئیستممم یۆروم. واتە نامەوێ. پیرە پیاوەکە دەمی دەبێتە تەڵەی تەقیوو و چاوەکانی زەق دەبن. دەیەوێ بڵێ باشە کرێی سێ مانگم بدەیە. بەڵام پێش ئەوەی فریا بکەوێت و وابڵێ، ئەو و ئاران لە خانووەکە دێنە دەرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کێ لە ڕەزای داوە؟

ئەگەرکەسێک لە دوورەوە مەنسوور و مەسعوودی برای بینیبوایە کە لە بن کۆڵکە سیمانەکەی سەری کۆڵان هەڵترووشکاون و چاویان بڕیوەتە دەرکەیەکی شینی دووتایی، قەت بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەم دوو ئاوری قودرەتە لە چاوەڕوانی شەڕی ژنانی گەڕەکدان.

مەسعوود بێ دڵەڕاوکێی پیس بوونی پاتۆڵە ڕەشەکەی لەسەر سمیتەکە دانیشت و چاوی قووچاند و گوتی: ئێستا دێن. مەنسوور ئەنیشکێکی لە کەلەکەی مەسعوود کوتا و گوتی: دیسان لەسەر عەرزی پان بوویەوە پانێر. پاشان بە دەنگێکی نەوی گوتی: نایەن.

هێشتا مەنسوور نایەنەکەی تەواو نەگوتبوو کە ڕەزێ عەجەم دەرکەی کردەوەوە و بە پڕتاو هاتە دەرێ. مەنسوور و مەسعوود بەپەلە هەستانە سەر پێ. خات ڕەزێ کە لەوان تێپەڕی، مەنسوور و مەسعوود دیتیان خات ڕەزێ پیلی ڕەزای کوڕی گرتووە و بە ڕاکێش ڕاکێش بەرەو ماڵی سەلاح و وان بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێت.

مەنسوور لە خۆشی ئەوەی کە پێشبینی ئەم شەڕەی کردووە شاگەشکە ببوو. بە دوایاندا هەڵات و پێش ڕەزێ عەجەم و ڕەزای کوڕی گەیشتە ماڵی سەلاح و وان.

خات ڕەزێ هەر لە یەکەم هەنگاویدا کە گەیشتە نێو کۆڵانەوە پڕ بە گەرەک قیژاندی و بە زاراوەیەکی تێکەڵی کوردی - تورکی گوتی: کوڕەکەیان کوشت. ڕەزایان کوشت.

خەڵکی گەڕەک ئیدی تازە خەوی دوانیوەڕۆیان چوو بوو بەناچار یەک یەک و دوو دوو ڕژانە ناو کۆڵان. بوو بە دەنگ و مەقۆ مەقۆی چی بووە؟ وکێ لە ڕەزای داوە؟ چ باسە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خات ئیستیفا هەر وەک هەموو کات کوڵی پێکەنینێکی ناوەخت گرتی ودەمە بێ ددانەکەی کردەوە و بە پێکەنینەوە گوتی: کچێ ڕەزێ ئەونێ ڕەزا زیندووە ئەوە بۆوا دەکەی داوەشێی، بەم گەرمای هاوینە بۆ هار بووی؟

کاممحەمەد سەرێکی بادا و گوتی: دیسان قەومااا.

پاشان وەک زۆریشی پێ ناخۆش نەبێ، چوو لە سەر بلوکەکەی نزیک دەرکەی خۆیان هەڵتووتکا و بە دەست ئاماژەی بە مەنسوور کرد کە بێتە لای.

مەنسوور نابەدڵ خات ڕەزێ و ڕەزا و مەسعوودی بە جێهێشت و خۆی گەیاندە کاممحەمەد.

قیژە قیژی خات ڕەزێ هێندە زۆر بوو بە حاڵ کاممحەمەد و مەنسوور لە یەکتر حاڵی دەبوون. مەنسوور بۆ کاممحەمەدی گێڕاوە و گوتی: هەموومان تۆپێنمان دەکرد. تۆپەکە هی ڕەزا بوو. تۆپە تەقەڵییەکەی. کاممحەمەد گوتی: دەی. مەنسوور گوتی: سەلاح و یۆنسی برای و من و مەسعوودی برام و ڕەزا و ئەمیرە قەڵەو بووین. ئەمیر دەروازەبانی ئێمە بوو و ڕەزاش دەروازەبانی ئەو لابوو.

کاممحەمەد گوتی: باشە لەوە گەڕێ، کێ لە ڕەزایدا؟

مەنسوور گوتی: من و سەلاح و ئەمیر لە لایەک بووین. سەلاح سێ گۆڵی لە ڕەزا و واندا، بەڵام ڕەزا هەزار سوێندی خوارد کە ئەوەی ئاخری، تۆپەکە بەسەر بەردەکەدا ڕۆیشتووە و گۆڵ نەبووە. دوایە سەلاح نێوگەڵێکی لە ڕەزا کرد و دیسان گۆڵی لێ کرد. ڕەزا تۆپەکەی هەڵگرت و گوتی: نایکەم.

کاممحەمەد بە وەڕەزییەوە گوتی: باشە لەم حەکایەتە قۆڕە گەڕێ ئێستا سەلاح لە ڕەزای داوە؟

مەنسوور گوتی: نا دەزانی چۆنە؟ سەلاح ... . .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەنسوور بزەیەکی هاروهاجانە هاتە سەر لێوی و گوتی: سەلاح شانازی خوشکی ڕەزای خۆش دەوێ بۆیە ... .
کاممحەمەد لەبەر دەنگ دەنگی خەڵکی گەڕەک گوێی لە قسەکانی مەنسوور نەدەبوو، هەستا و لە شەڕەکە نزیک بووەوە. ئەوندەی خات ڕەزێ دەیزیقاند، ئەوەندەش دایکی سەلاح و وان.
کاممحەمەد تێگەیشت گۆیا ڕەزا ویستوویەتی تۆپەکەی بباتەوە ژووری و یۆنسی برای سەلاح تۆپەکەی لە دەستی ڕفاندووە و ڕەزاش وەدوای کەوتووە و یۆنس بە لای ماڵی مەحموود کەبابدا شۆڕ بووەتەوە بەرەو نیروگای بەرق و پاشان بە کۆڵانی مزگەوتی حاجی برایمدا، تا سێڕای خاوەران هەڵاتووە و دوایە بە لای سیلۆدا هەڵگەڕاوەتەوە و هاتووەتەوە نێو گەڕەک.
سەیرەکەی لەوەدابوو کاممحەمەد تێگەیشت کە ڕەزا بە درێژایی ئەم ڕێگایە بەدوایەوە بووە و نەیتوانیوە بیگرێت. خات سارا ژنی کاک لوقمانی نانەوا لەوبەری کۆڵانەوە گوتی: دەی باشە کێ لە ڕەزای داوە؟
دایکی سەلاح و وان گوتی: کچێ لێدانی چی؟ ئەم ژنەتیووە بەم قرچەی نیوەڕۆیە بەردەرکەی لێ گرتووین و بوختانمان پێ دەکات. منداڵن ئیدی، پێکەوە کایە دەکەن، شەڕ دەکەن، ئاشت دەبنەوە.
خات ڕەزێ قیژاندی یۆنس تۆپەکەی وەبەر ماشێن داوە. یاڕەبی یۆنس وەبەر تیری نەبەدی بکەوی ئینشائەڵڵاا.
دایکی سەلاح و وان هەر بە هەوای خات ڕەزێ گوتی: هەی دەمت بشکێ ئینشائەڵڵاا. گوو بەو دەمەت دەم کەوچک. ئەوە دوعا لە کوڕی من دەکەی عەجەمە سەر ڕەشکاوی. لە پڕ دەنگی تەواو هەڵێنا و گوتی: گۆڕی حەسەنی کاشیت بە کەران دەگێم تۆپێک بایی ئەوەیە دوعا لەو تفڵە بکەی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خات ئیستفا دیسان کۆڵی پێکەنینی ناوەخت گرتی و زگە زلەکەی وە لەرەلەر کەوت و بە پێکەنینەوە گوتی: وەڵڵا عەیبە لەسەر منداڵ شەڕ دەکەن. جا منداڵی قوون بە گوو بۆ ئەوە دەبێ ئێوە ئاوا شەرت و شوورتی یەکتر دەربێنن.

کامحەمەد وەرسووڕاوە بۆ لای مەنسوور و گوتی: مەنسوور: کێ لە ڕەزای داوە؟

مەنسوور دیسان بزەیەکی زۆڵانەی کرد و گوتی: دەزانی، دەزانی سەلاح شانازی خوشکی ڕەزای خۆش دەوێ. ڕەزاش دەزانێ، بەڵام دەرەقەتی سەلاح نایە، بەڵام دەرەقەتی یۆنس دێت. جا ئێمە تۆپێنمان دەکرد، ئەمڕۆ نا دوێنێ. ئا تۆپە دوو بەرگەکەی یۆنسمان پێ بوو. ڕەزا تۆپەکەی خستە حەساری ماڵی مام حاجییەوە.

کامحەمەد گوتی: حەساری ماڵی حاجی عەلی بەننا؟

مەنسوور گوتی: ئا، جا حاجی ژن بە چەقۆ تۆپەکەی دڕاند. جا ئێمەش دەرکەکەیانمان بەردە باران کرد. کامحەمەد : پشتی لە مەنسوور کرد و بەرەو بلووکەکەی بەردەریان گەڕاوە و گوتی: هەیهوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قەقنەس

سبەی ڕاگەیاندنەکان دەنووسن بە هۆکارێکی نەزانراو کچێک لە میراوای بۆکان لە حەمامدا نەوتی بە جەستەیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە.
خەڵکەکە کە بڵاوەی کرد، نەمهێشت ئازاد بڕوات. دڵنیا بووم ئازاد دەزانێ شەونم بۆ خۆی کوشتووە. بردمەوەماڵی خۆمان.
ئەو شەوە تا کۆتایی لە قەبران مامەوە. تەنانەت ئەو کاتەی باران چیتر بە لێزمە نەدەباری، تەنانەت ئەگەر ڕێژنە بارانیش، تەنانەت ئەگەر شەستە بارانیش، تەنانەت ئەگەر زریان و تەنانەت ئەگەر تۆفانیش با من هەر نەدەڕۆیشتم.
زۆرم لێ کرد. سەری خستە نێو دەستە لەرزۆکەکانییەوە. هەزار جاری قسە گۆڕی. چاوی لە چاوم نەدەکرد. خێرا خێرا مژی لە جگەرەکەی ناو مستی دەدا. پشتی لە خوماریان چەمابووەوە. سەری بە دیوارەکەوە نووساند. ماندوو بوو. چەند خولەکێک دواتر دەنگی پرخەی هات. هەستامە سەر پێ و دەستم کرد بە ڕێگا ڕۆیشتن لە ناو ژوورەکەدا.
زیاتر لە پێنج ماشێن گلۆپەکانیان لە گۆڕەکە چەقاندبوو. ئەگەر کەسێک لە ئاسمانەوە سەیری گۆڕستانەکەی کردبوایە، تیشکی گلۆپەکان وەک نقێمێک لە ناخی تاریکییەکەدا دەهاتە پێش چاوی. کاک محێدین و ئازاد چوونە نێو گۆڕەکەوە و تەرمەکەیان وەرگرت. ڕوو بە قوبلە، قیبلە.
شەونم لەوانەیە ئێستا پێی خۆش بێ وەک قەقنەسێک لە دایک بێتەوە و بێتەوە بۆ لام، بەڵام تازە تەرمەکەی بووە بە زووخاڵ. لە تاو گەرما و تینی ئاگرەکە خۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرمۆڵە کردبوو. زۆریان هەوڵدابوو ڕاستی بکەنەوە. بەڵام ببوو بە کۆتەرە دارێک. چۆک و باسکی پێکەوە نووسابوون.

هەموومان خووسابووین. ئەرزەکە ببوو بە قوڕ و زەلەق. کەوشەکانمان جلّقە جلّقی ئاوی لێ دەهات.

کاک محێدینی باوکی شەونم بێ دەنگ بوو. نەدەگریا. لەوانەیە گریابێ. خۆ لەو بارانە بە خووڕەدا ئەسرینەکان دیار نەبوون. بەڵام دەنگێک، هاوارێک، لە خۆدانێک. هیچ. ڕەنگبێ لەوەی شەونم خۆی کوشتووە شەرمەزار بووبێت. لەوانەیە هەر بە کافریشی زانیبێت و پێی وابووبێ نابێ لە گۆڕستانی موسلمانان بینێژن. بەڵام چووە ناو گۆڕەکەوە و تەرمی کیژەکەی وەرگرت. تەرمێکی سووک و بچووک و گەچلاو. چی لێ مابووەوە. گشت جەستەی سووتابوو و ببووە خەڵووز. تەرمەکە لە دەستی ئازاد هەڵخلیسکا و بەربووەوە ناو گۆڕیچەکەوە. دەستیان گرت و هەڵیانکێشا سەرێ و کەسێکی دیکە چووە ناو گۆڕەکەوە.

لە ماشێنەکەشدا ئازاد هەر مات دانیشتبوو. خۆ فی قەبر گرتبووی، یان خەمباری کۆچی خوشکی بوو نازانم. کە گەیشتینەوە نێو شاری، کاک محێدین لەبەر پلیکانەکانی ماڵی خۆیان قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. دەنگی دەرنەدەهات. دەتگوت گەرووی بووە بە پلووسک. لە جیاتی وشە. هەر دەنگی خوڕە خوڕی ئاو دەهات.

پکنیکەکەم هێنا و لوولەیەک تریاکم لە شیشدا و قالبە خودکارێکم دایە دەستی ئازاد. بۆم داغ کرد. نەشە بوو. هێور هێور مژۆڵی قورس بوون و زوو زوو چاوی دادەخست. دەستی کرد بە فشە فش کردن و هاتەڕان پاتەران گوتن. گاڵتەی بە باوکی کرد و گوتی لە گۆڕەکەدا دەستی لەرزیوە. جنێوی بە خوشکیدا و گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەچێتە جەحەنەم. زوو زوو مژی لە قالبە خودکارەکە دەدا و دەیگوت هەموو دنیا بە قوربانی ئەم دووکەڵە بێت.
گوتم: بۆ خۆی سووتاند؟ تاڵ سەیری نێوچاوانی کردم. نەشەیی لە سەری دەرچوو. بەڵام دەنگ لە بەردەوە هات لە ئازاد نەهاتە دەرێ. پاش ماوەیەک بێ دەنگی دوو پێکی قورسم ویسکی تێ کرد. گەرم داهات. چاوی لە گوڵی فەرشەکە بڕی. دیار بوو گێژ بووە و چاوی هیچ کوێ نابینێت. وەقسە هات. گوتی: کە زانیم دوو گیانە بە گیانی دایی دنیا بەسەرمدا ڕووخا. ناحەقمە داداش؟ دەرمانی بێهۆشیم کردە ناو ئاومیوەوە و هێنام. گوتم شەونمی کاکی خۆی دووگیانە. تا زاواکەمان دێ و خوازبینی دەکات و ئاگای لێی دەبێ کاکی خۆی ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرێت.
بە گومانەوە سەیری کردم. چوارپەلم لەرزی. لیوانەکەی لێوەرگرتم و بە دردۆنگییەوە خواردییەوە. لە هۆش خۆی نەچوو. گێژ گێژ بوو. دەستیم گرت و گوتم شەونمی کاکی خۆی بۆ حاڵی تێکچووە وەرە بتبەمە حەمامەکە ئاوێک بەسەرت دابکەم خاس بییەوە. وەک مەستان بە ڕێ دادەڕۆیشت و هەر لەتری لێدەدا.
کە نوتەکەم بەسەریدا کرد. بە بێ هێزی ویستی رابکات. نەیتوانی. شقارتەکەم لێدا و هاتمە دەرێ. بە گیانی دایی خەممە. وەڵڵا خەممە، بەڵام دوو گیان ببوو لامەسەب. دەبوایە شتێک بکەم. من برای بووم برا، خۆ نەدەکرا هەر وا بێ دەنگ بم و لەبەرانبەر ئەم حەیاچوونە بێ هەڵویست بم. وانییە داداش؟ من نۆکەرتم. پێکێکی دیکەش تێکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گێژاو

١

سکرتێر و جێگری سکرتێر لە کۆبوونەوەیەکی بە پەلەدان. لە پشت دەرکەی ژووری سکرتێر و لە دیوی پێشوازی لە میوانەکان، ڕەحیمی لە پشت میزەکەی دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کارێکە کە کاوە پێیداوە. کاوە لە پێش میزەکەی ڕەحیمی لەسەر مۆبلێک بێ دەنگ دانیشتووە و چاوەڕێی بۆچوونی ڕەحیمییە لەسەر ڕاپۆرتی کارەکەی. ڕەحیمی منگە منگێک دەکات و دوایین ڕستە بۆ کاوە دەخوێنێتەوە و دەڵێ: لە سلێمانی جەعفەری نوێنەری حیزب بە دوامدا هات و لە گەڵ ئەو سواری لاندکرۆزێرەکەی حیزب بووم و هاتمەوە مەقەڕ. پاشان سەری هەڵدێنێ و دەڵێ: بەخێر بێیتەوە.

کاوە بزەیەک دەکات و دەڵێ: سپاس

ڕەحیمی بۆ ئەوەی هەروا قسەیەکی کردبێ و گاڵتەیەکیشی لە گەڵ کاوە کردبێت دەڵێ: دەی چ خەبەر لە کچە جوانەکانی سابلاغی؟

کاوە قاقا پێدەکەنێ و دەڵێ: کوڕە جا کوا فریا کەوتم تا ...

بە دەنگی زەنگی ژووری سکرتێر قسەکانی دەبڕێ و دەڵێ: وابزانم ئێستا دەتوانم بچمە ژووری؟ ڕەحیمی هەڵدەستێتە سەر پێ و دەڵێ: یەک دەقە ئیزنم بدە با پرسیارێک بکەم. دەرکەکە دەکاتەوە. لەوبەرەوە دەنگی سکرتێر دێت کە دەڵێ: بە سولەیمان بڵێ تا ئێرە بێت. دواتر دەڵێ: با کاوەش بێتە ژووری.

کاوە بە پەلە هەڵدەستێتە سەر پێ و دەست درێژ دەکات و کاغەزەکانی ڕاپۆرتەکەی لەسەر میزەکەی ڕەحیمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدەگرێ و دەچێتە نێو وەتاغەکەوە.

سکرتێر و جێگری سکرتێرهەردووکیان بە پێوەن و سکرتێر کاوە ماچ دەکات. جێگری سکرتێر تەنیا یەڵڵای لە گەڵ دەداتەوە و بەخێرهاتنی دەکات. جێگری سکرتێردەڵێ: کاوە من بە جێتان دێڵم، بەڵام بۆ شام وەرەوە ماڵی ئێمە، دەعوەتی پەپوولە خانمی. کاوە لە خۆشیان پێی وەئەرزی ناکەوێ و دەمی بستێک دەکاتەوە و بە شاگەشکەییەوە دەڵێ: پێویستی بەم زەحمەتە نەدەکرد، بەڵام دەستاوی پەپوولە خانم بۆ ڕەتکردنەوە نابێ، بە چاوان دێمە خزمەتتان.

کە جێگری سکرتێر ڕۆیشت، سکرتێر فەرمووی دانیشتنی کاوەی کرد و لە گەڵی گەرمی قسە بوو. کاوە ڕاپۆرتەکەی دایە دەست سکرتێر و بە زارەکیش بۆی گێڕاوە کە چۆن عەلی مەنگوڕی جاشی لە مەهاباد بردووەتە دەرەوەی شاری و سێ فیشەکی لە تەپڵی سەری داوە و بە سزای خیانەتەکانی خۆی گەیاندووە.

سکرتێر بە هێمنی گوێی دابووە قسەکانی. پاشان پرسی: بەڵام وابزانم لە نێو شاریش بۆ ماوەی دوو ڕۆژ پێوەندیت لە گەڵ کوڕەکان پسابوو، وایە؟

کاوە گوتی: بەڵێ بە ماتۆڕ لە گەڕەکی دۆڵی کەروێشکەوە دەهاتمە خوارێ. ماشێنێکی گەشت لێم مەشکووک بوو و وەدوام کەوت. بۆ شوێنە ونکێ زۆر کەلێن و قوژبنم کرد، بەڵام دیاربوو بە دوامەوەن و چەند ماشێنی دیکەش کەوتبوونە دوام. ئاخری لە کۆڵانێک خۆم لێ ون کردن و خۆم بە ماڵێکدا کرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەوێ خۆم شاردەوە. بنەماڵەیەکی تا خودا حەز بکات نیشتمانپەروەر و حیزب دۆست بوون و بە باوەشی ئاوەڵەوە پێشوازیان لێکردم. ئەم دوو ڕۆژە کوڕەکان لێم بێ هەواڵ بوون و منیش نەمدەوێرا لە ترسی جاش و پاسدار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێمە دەرێ، یان کەسێکیان لێ ڕاسپێرم. دواتر کە نێو شار برێک ئارام بووە، خۆم گەیاندەوە کوڕەکان.

لەگەڵ دەنگی تەقەی لە دەرکەدانی سولەیمان، کاوە هەستا سەرپێ. سکرتێر بە سولەیمانی گوت: سولەیمان، کاوە تا قەڵا بگەیەنەوە با حەمام بکات و ڕدێنی بتاشێ و پاشان بیهێنەوە. هەوا تاریک بووە و دەرنگێتی و بۆ شامیش بانگهێشتی ماڵی جێگری سکرتێرکراوە.

کاوە گوتی: نا پێویست بەم زەحمەتە ناکات. تا قەڵام بگەیەنێ دواتر بۆ خۆم دەگەڕێمەوە.

سولەیمان کە کاوەی لە نزیک قەڵا دابەزاند، هەوا تەواو تاریک ببوو.

کاوە لە سەر لێژەکەی بەرانبەر قەڵا ڕاوەستابوو و لە تاریکیدا سەیری قەڵای دەکرد. دەتگوت قەڵا بە کەسێکی ناشارەزا دەناسێنێ و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمەش یادگاری بەعسییەکانە بۆ کورد و بۆ دێمۆکرات. قەڵایەکی گەورەی بێ خزمەت. بەڵام قایم و ڕەختە. دوو قاتە و جێی پێنج هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە. دەڵێن لە نوقتەی کوێرە و تەیارە ناتوانێ بۆمبارانی بکات. ئەگەر لەشکرێکی پۆشتە و پەرداخی تێدابێ و لە چوار لاوە نیگابانی هەبێ، پێم وانییە بە کەس بگیرێت.

هەروا کە بیری لەم قسانە دەکردەوە، هاتە ژووری و سڵاوی لە نیگابانی بەردەرکە کرد. نیگابان پاش ناسینەوەی ئیزنی چوونە ژوورێی پێدا.

کاوە بە ناوەڕاستی قەڵادا دەستی بە پیاسە کرد و پاش کەمێک بە لای ڕاستدا وەرسووڕا و بە باخچەیەکی ویشک بوودا تێپەڕ بوو و گەیشتە سەر سیمانەکانی بن دیواری قەڵا. دیسان وەرسووڕا و ڕووی لە پلیکانەکانی قاتی سەرێ کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاریکە سەلاتێک بوو چاو چاوی نەدەدیت. بە کوێرە کوێرِ دەستی بە دیوارەکانەوە گرت و وردە وردە وەسەرکەوت. لە نێوەڕاستی پلیکانەکاندا کەسێک ڕاوەستابوو. کاوە بە بینینی تارمایی کابرا برێک سڵەمییەوە و سڵاوی لێ کرد و ویستی بە تەنیشتیدا تێپەڕێت. کابرا پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە بوو و کاوە بەزەحمەت سەری دەگەیشتە نزیک شانی. پێش ئەوەی لێی تێپەڕ بێ. کابرا گوتی: کاک کاوە حاجی سڵاوی دەگەیاندی و عەرزی کردی کاک عەلی مەنگور شوکور سڵامەتە و ئێستا لە تارانە. ئەویش ڕێز و سڵاوی بۆت هەیە. کاوە وەک بەرق گرتبێتی لە جیگەی خۆی ویشک بوو. تفی نێو گەرووی بە زەحمەت قوتدا و سەری هەڵێنا و لە کابرای ڕوانی، بەڵام هێندە تاریک بوو دەموچاوی نەدەبینی.

کابرا دوو پلیکانتر چووە خوارێ و گوتی: ئاگامان لە یەکتر دەبێ و یەکتر دەبینینەوە ...

٢

هەموو کچەکان دەیانزانی، کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی خوێندنەوەی کتێبخانەی گشتیی سەلاحەدینی ئەیووبیی بۆکان، لە دەوری یەکتری کۆ دەبنەوە.

یازدە مانگە ئەم پێنج کیژە بە ڕێنوێنیی مینا و بە یارمەتیی مامۆستایەکی مێژووی قوتابخانەکەیان خەریکی خوێندنەوەیەکی چڕی مێژوون. هەر لە قەڵای دم دم ڕابگرە تا شۆڕشی شێخی شەمزینان و سمایل ئاغای سمکۆ و کۆمار و ئەنفال و کیمیاباران و تیرۆری سەرکردەکان. مینا زۆر زووتر لە کیژەکانی تر ئەم کتێبانەی خوێندبووەوە و هێندە تێیاندا قووڵ ببووەوە کە ڕووداو بە ڕووداوی بۆ هاوڕێکانی شرۆڤە دەکرد و شی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکــردەوە.

بــەڵام کچــەکان دەیانزانــی، ئەمــڕۆ مینــا بەتەمایــە شــتێکی تایبەتیــان پــێ بڵــێ. باســێک و پرســێکی جیــاواز لــە مێــژووی هاوچەرخــی کــورد. مینــا کچــە وردیلــە چاویلکــە لــە چاوەکــەی قوتابخانــەی دواناوەندیــی کەمــاڵ، چەنــد مانگــە لەژێــر ڕێنوێنیــی مامۆســتای مێــژووی قوتابخانەکەیــان لەگــەڵ ئــەم کیژانــە کار دەکات و خەریکــە بــۆ باســە گرینگەکــەی ئەمــڕۆ ئامادەیــان دەکات.

چلــەی هاوینــە و گەرمــا لــە چڵەپۆپــەی خۆیدایــە. هۆڵــی خوێندنــەوەی کچــان و کــوڕان لــە قاتــی ســێی بیناکەیــە و بەشــی کتێــب بــە ئەمانتدانــی کتێبخانەکــە لــە ناوەڕاســتی دوو هۆڵەکــەدا هەڵکەوتــووە. دەرگــای هــەردوو هۆڵەکــە پەردەی پێوەیــە و هەرجارەی کــە کەســێک دێــت و دەچــێ، بــۆ چەنــد چرکەیــەک پەردەکــە لادەدرێــت و چاوەچاوێکــی بچووکــی کــوڕ و کیژەکانــی نێــو هۆڵــەکان هەســت پێدەکرێــت. مینــا پێشــتر ڕایســپاردوون ئــاگاداری کاکــی ســەرایەدار بــن و خــۆی لــێ بــەدوور بگــرن. مینــا دەیگــوت: «ئــەم کابرایــە جاشــە.»

کاتژمێــر چــوار، هەمــوو کچــەکان لــە هۆڵەکــە بــوون و پــاش کەمێــک، یــەک یــەک و دووان دووان لەژێــر دارەکانــی پارکــی میللــەت و لــە ســەر ســەندەڵییەکی کەســکی چیمەنتۆیــی و لــە تەنیشــت شــۆڕەبییەک یەکتریــان گرتــەوە.

دوو کــەس لــە کچــەکان لەســەر لێــواری پشــتی ســەندەڵییەکە دانیشــتن و دوو کچیــش لــە ســەر ســەندەڵییەکە دانیشــتن، میناش ڕووبەڕوویــان ڕاوەســتا و بــە پێشــەکییەکی کورتــەوە چــووە نێــو باســەکە و گوتــی: «کچینــە دەزانــم بــاش تێگەیشــتوون ئێمــە میراتگــری چ مێژوویەکــی خوێناویــن. هەنووکــە بــە بــڕوای ئێــوە دەبــێ چ بکەیــن و ئەرکــی ئێمــە چیــە؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوار کچ ڕوو بە مینا ملیان کز کرد و بێدەنگمان. لە ئەنجامدا فاتم هاتە گۆ و گوتی: ئێمە تەنیا دەتوانین منداڵەکانمان وشیار بکەینەوە و ئەوەندەی پێمان بکرێ خەڵک لەم هەموو جینایەتانە ئاگادار بکەینەوە.

مینا گوتی: ئەوە زۆر باشە بەڵام هەر ئەوەندە؟

فاتم هەڵیدایەوە و گوتی: دەی ئێمەی بێ دەسەڵات لەوە زیاتر چیترمان لە دەست دێت؟

مینا وەک ڕێک چاوەڕوانی ئەم پرسیارە بێ، ، مستی توند کرد و گوتی: تۆڵە. ئێمە دەبینە هێزی تۆڵە. ڕێک بەم هۆیە کە کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئێمە بتوانین کارێکی ئاوا جیدی بکەین. تۆڵەی دانە دانەی شەهیدانی کورد، تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی، تۆڵەی خوێنی شەهید سمکۆ، تۆڵەی دڵۆپ دڵۆپ خوێنی کاک فواد، تۆڵەی چرکە بە چرکەی ساتەکانی بەندیخانەی ئاپۆ. ئێمە دەبینە هێزی تۆڵەی مێژووی خوێناویی کورد.

نەسرین کە لە قسەکان ڕامابوو گوتی: هورررراااااا. پاشان چەپڵەی لێدا و گوتی: بە قسە ئەم کارانە چەندە خۆشە، بەڵام هەمووی دروشمێکی ڕووتن. دروشم بۆ ئێمە نابێتە هیچ.

مینا چاوێکی لێکرد و گوتی: بۆ ئێمە چیمان لە لاوانی کۆمەڵەی ژێکاف کەمترە.؟ ئەوانیش وەک ئێمە دەستیان بەتاڵ بوو، بەڵام هەوڵیاندا و کۆماریان دامەزراند. ئێمە کۆمار دانامەزرێنین. ئێمە تەنیا تۆڵە دەکەینەوە. دەبێ خەو لە چاوی دوژمن بتارێنین. شەو نەبێ جاشێک نەتۆپێنین. من لیستێکیشم ئامادە کردووە. دەی کچینە کێ لە گەڵمە؟

شەونم بە سەرسوورمانەوە گوتی: باشە بە چی؟ ئاخە چۆن جاش بکوژین؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مینا گوتی: من دەچمە باشوور و چەکتان بۆ دێنم. بەڵێنتان پێدەدەم نەگاتە مانگێکی دیکە ئێوە چەکتان پێ بێت.
نەسرین گوتی: ببوورن من ناتوانم کاری وابکەم، بەڵام بەڵێنتان پێدەدەم ئەم نهێنییەتان بپارێزم.
مینا گوتی: کێ لە گەڵم دەمێنێتەوە؟ سێ کچەکەی دیکە گوتیان: ئێمە.

مینا دڵنیا بوو لەوەیکە ئەم کچانە لە قسەی دەرناچن. بۆیە هەر لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ ماڵێ، پاکەت نامەیەکی کڕی و لاپەڕێکی تایپکراوی تێخست و لە سەری، ناوی باوکی نووسی.
شەوێ بە هەزار ناری عەلی باوکی ڕازی کرد کە ئیزنی بدات بۆ ماوەی حەوتوویەک لەسەر تێچووی دەوڵەت بچێ بۆ ئۆردووی ڕامسەر. باوکی چەند جار لاپەڕەکەی ئەمبارەوبار کرد. بێ ئەوەی بتوانێ پیتێکی لێ بخوێنێتەوە. بە نابەدڵی خەتێکی بەبن لاپەڕەکەدا هێنا، واتە واژۆم کرد و ڕازیم کچەکەم بچێ بۆ ئوردووی ڕامسەر.
زۆری پێ نەچوو مینا، بە خۆی و جانتایەک، خۆی لە کۆنەخانێ بینییەوە و لە گەڵ قاچاخچییەک ڕێکەوت کە بە دە هەزار تمەن لە سنووری بپەڕێنێتەوە. کابرا مینای سواری جیب گالانتێکی بۆر کرد و ملی ڕێگای گرتەبەر. مینا هێشتا تەواو لەگەڵ هەڵبەز دابەزی نێو جیبەکە ڕانەهاتبوو کە شۆفیرەکە لە بەردەم پایەگایەک ڕایگرت.
جیب گالانتەکە لە پێش زنجیری سەر ڕێگای پایەگا ڕایگرت. مینا ئازای گیانی وەک شەق شەقە وەلەرزین کەوتبوو و ڕەنگی بەڕوویەوە نەمابوو. بە نیگەرانییەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوی لە شۆفیرەکە بڕی. سەربازێک بە کاوەخۆ لە ماشێنەکە نزیک بووەوە و لە گەڵ هاتنە پێشیَ چەکەکەی لە شان کرد و بە فارسی گوتی: ها عەلی ئەمجارە چیت بۆ هێناوین؟

عەلی بە کوردی گوتی: ئەم کیژە دەچێت بۆ نێو عیزبیَ.

سەربازەکە گوتی: بە فارسی بیڵیَ، دەڵێی چی؟

مینا چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و ڕووی لە کابرا کرد و گوتی: کاک عەلی بە خاتری خودا تەحویلم مەدە.

ترس کاسی کردبوو. لە نێو سەریدا تەنیا دینگە دینگ و دەنگی دووووووودێکی بێ کۆتایی دەبیست. خوێن بە لەشیدا نەدەگەڕا و هەر ئێستا نا ئیستا بوو کە بە تەواوی دڵی بوەستێ. ترس ئیفلیجی کردبوو.

عەلی بێ گوێدانە قسەی مینا دووپاتی کردەوە و گوتی: قوندەر دەڵێم ئەم کچە دەیەوێ بچێتە نێو عیزبیَ و منیش تا عاجی ئۆمەرانێی دەبەم.

سەربازەکە لە حاجی ئۆمەرانەکە حاڵی بوو. سەرێکی لەقاند و زنجیرەکەی بەرداوە و جیبەکە وەڕێ کەوت.

بۆ چەند چرکە مینا نەیدەزانی چ قەوماوە. بێ ئەوەی مژۆڵ لێکدا، سەیری شووشەی پێشەوەی جیبەکەی دەکرد و کڕ دانیشتبوو. لە تەپۆڵکەکەی پایەگا کە ئاودیو بوون عەلی دەستی خستە نێو گیرفانییەوە و کارتێکی دەرهێنا و دەستی بۆ لای مینا ڕاداشت و گوتی: ها سەیری ئەمە بکە.

مینا بە هێواشی دەستی درێژ کرد و کارتەکەی لێ وەرگرت و لێی ڕوانی. وێنەی عەلی لەسەر بوو و دیار بوو ئەندامی سپایە. عەلی لەسەرخۆ گوتی: من جاشم، بەڵام کاسبم. حەقم نییە تۆ کێی و چ دەکەی و دەچی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ کوێ. من لەسەر پارەی خۆمم. بە دزی و فزیش ئیش ناکەم. ئەوە بە چاوی خۆت بینیت بە پایەگاشم گوت تۆ دەچی بۆ کوێ. ئیدی بێ منەتم و حەقم نییە.

مینا لە بن لێوییەوە گوتی: دنیا بە دەستی جاشە کەر و گایەکە.

عەلی گوتی: ئەم ورتە ورتە چیە دەیکەی، قسەکەت بکە.

مینا هێور هێور هێزێکی هاتبووەوە بەری و گوتی: کاک عەلی من دەمەوێ بچمە زانکۆی هەولێر ناوم بنووسم. کەس دەناسی بتوانێ لەو دیو تا هەولێرم ببات؟

عەلی گوتی: ئامۆزام ماڵی لە عاجی ئۆمەرانە، ناوی ڕەعیمە، ئادرەسیت دەدەمێ، بڵێ حەلی ناردوومی. گەیشتییە سەیتەرەی پێشمەرگانیش بڵێ دەچم بۆ ماڵی ڕەعیم پێشت پێ ناگرن. بەڵام ئەم مانتۆ و شتە داکەنە. لەچکەت ئەگەر پێیە لەچکەیەک لەسەر نێ و هەڕوو، خوڵا کەریمە. جا من لێرە زیاتر نایەمە پێشێ، تووش دەهەزارەکەم دەیە و خوڵا حافیزت بێ.

مینا گەیشتبووە لێژێک وەک بەری دەست ساف و هەڵدێرێکی ڕەژدی وەک دیوار خز. مانتۆ و ماقنەکەی داکەند و لەچکەیەکی لەسەر نا. کراسێکی زەرد و شارواڵێکی پارچەیی ڕەشی لەبەردا مابووەوە. قەتی خۆی بەم چەشنە لە دەرێ نەبینیبوو. بزەیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ کرد و بەرەو خوارێ شۆڕ بووەوە.

بە کونفەیەکونێک گەیشتە شیوەڕەش و ڕووی لە حەساری مزگەوتی ئاوایی ناو و لایدا. دەست و دەموچاوی بە ئاوی شێرەی حەوزی مزگەوتەکە شووشت و مات لەسەر تاتەبەردێک دانیشت.

دارێکی گەورە لە نێو حەساری مزگەوتدا بوو و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێبەرێکی فێنکی بۆ حەسارەکە چێ کردبوو. مینا حەزی دەکرد تا ئەبەد لەوێ دانیشێ و لاقی بخاتە نێو ئاوی حەوزەکەوە. لەپڕ ئامانجی سەفەرەکەی وەبیر هاتەوە. دەستی لەسەر چۆکی دانا و هەستا سەر پێ و جانتاکەی بە شانیدادا.

٣

قاسمی بە بێسیمەکەی لە گەڵ جێگری سکرتێر قسەی کرد و گوتی: کچێک لە بۆکانەوە هاتووە و داواکارییەکی هەیە کە لە دەرەوەی بەرپرسیارەتی منە و دەبێ ئێوە وەڵام دەرەوە بن. جێگری سکرتێر پێی گوت: هەر ئەمشەو بیهێنە بۆماڵی ئێمە، بەڵام ڕەچاوی نهێنی پارێزی بکەن با کەس نەیبینێ. هیوای کوڕیشی ڕاسپارد کە کاتێک قاسمی و میوانەکەی هاتن بیانباتە ژوورێکی جیاواز لەوەی کاوە لێی دانیشتووە.
کاتێک مینا و قاسمی گەیشتنە بەردەرکەی ماڵی جێگری سکرتێر مینا کڵاوێکی کانوای ڕەشی دووچاوی لەسەر کردبوو و تەنیا کونی چاوەکانی دەبینرا، هەر لەو کاتەدا بوو کە کاوە ئیزنی ئەوەی لە جێگری سکرتێر وەرگرت بۆ سیگارکێشان تا حەسارێ بچێ، قاسمی و مینا لە دەرکەیاندا. هیوا بە پەلە دەستی کاوەی گرت و داوای لێکرد کە پێکەوە بچنە ژوورێ و ڕێگا بۆ هاتنە ژوورێی کەسێکی تەشکیلاتی چۆڵ بکەن.
هیوا کاوەی لە ژوورێک بە جێی هێشت و گەڕاوە و دەرکەی لە قاسمی و مینا کردەوە. ڕێک لەو کاتەدا کە کاوە بە دزییەوە لۆیەکی پەردەکەی هەڵدابووەوە، مینا لە ناوەڕاستی حەوشە و بێزار لە گەرمای بن کڵاوی کانوا و خووساو لە گەرمای هاوین، کڵاوەکەی لابرد و پرچی ئاڵۆزی بەلای شانی ڕاستیدا بەبادا و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان چاویلکەکەی لەچاو کرد و خۆی بۆ بینینی جێگری سکرتێر ئامادە کرد.
ئەوەی کاوە لە نیوەشەوێکی هاوینیدا و لە ماڵی جێگری سکرتێر دەیبینی، تەنیا کەسێک نەبوو کە بە دزییەوە سنووری بڕیوە و هاتووەتە حیزبێکی کوردی و دەیەوێ چاوی بە بەرپرسێک بکەوێ، بەڵکوو ئەو مینای پورزای لە نێوەڕاستی حەساری ماڵی جێگری سکرتێر دەبینی کە پاش پێنج ساڵ پێشمەرگایەتی و دورکەوتنەوە لە ڕۆژهەڵات چاوی پێی دەکەوتەوە. دوایین جارێک کە کاوە مینای دیتبوو، مینا مێرمنداڵێکی بچووک ببوو، لێ ئێستا کیژێکی جحێڵە و کاوە بە تامەزرۆیی و سەرسوڕمانەوە سەیری خەرمانی پرچی ئاڵۆزی کچە پورەکەی کرد کە لە بن کڵاوی کانوا وەک ڕووبارێکی بە خوڕ بە سەرشانیدا دەڕژا.
سبەی کاوە بێ دوو دڵی چووە لای قاسمی و گوتی: دوێنێ شەوێ لە ماڵی جێگری سکرتێر بووم و زۆر نەخوازراوانە چاوم بە ئێوە کەوتووە. پێم خۆشە بزانم ئەو کچەی لە گەڵت بوو کێ بوو و چی لێهات؟
قاسمی بە پێکەنینەوە دەستی خستە سەرشانی کاوە و گوتی: پەکوو چەند کەری من چ کارم بەوە داوە کێیە و بۆ کوێ دەچێ و کاتێک کاوە پێداگر بوو لە سەر پرسیارەکەی قاسمی تەنیا گوتی: ئەو کچە داوایەکی لە حیزب هەبوو و حیزب داواکەی ڕەت کردەوە و ئەویش بەیانی زوو ڕۆیشت بۆ سلێمانی.
بەڵام مینا وەک قاسمی بە سادەیی باسی کرد هەروا بە سانایی وازی لە داواکارییەکەی نەهێنابوو و ڕاشکاوانە داوای چەکی سووکی بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکەی کردبوو. جێگری سکرتێریش داوای لێکردبوو کە بە خۆی و گرووپەکەی ببنە ئەندامی حیزب و بچنە ناو شانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نهێنییەکانی تەشکیلاتەوە. مینا هەروەک چۆن قسەی بۆ هاوڕێکانی دەکرد، هەر بەم شێوازە باسی لە هێزی تۆڵە کردبوو. جێگری سکرتێرش باسی ئەوەی کردبوو کە لە چوارچێوەی حیزبدا تێرۆر مەحکوومە و تەنیا کاتێک دادگای شۆڕش بڕیار دەدات کەسێک بە سزای تاوانەکانی بگەیەنن، ئەو کات ئێعدامی شۆڕشگێڕانەمان هەیە کە لە زۆربەی کاتەکاندا بڕیارەکە بۆ کەسەکە دەخوێندرێتەوە و پاشان لە سەری جێبەجێ دەکرێت.

مینا گاڵتەی بە قسەکە هاتبوو و گوتبووی: ئەم سیستمە جوابگۆی ئێستا نییە و ئێوەش بە چەند ساڵ جارێک دەتوانن کەسێک ئێعدام بکەن، ئەویش زۆر جار سەرکەوتوو نابن بۆ نموونە حەوتووی ڕابردووعەلی مەنگوڕتان ئێعدام کرد، کەچی ئێستا دەنگۆیەکی بەهێزهەیە کە نەکوژراوە و بە برینداری لە تارانە و ماوەیەکی دیکە چاک دەبێتەوە و وەک گورگی هار بەر دەبێتە گیانی خەڵکی.

جێگری سکرتێر بە بیستنی ئەم قسەیە خۆی شلویَ نەکردبوو، بەڵام هەستی کردبوو بەری دەستی ئارەقەی کردووە. دواتر باسەکەی گۆڕیبوو و دیسان بۆی دووپات کردبووەوە کە حیزب بە هیچ شێوەیەک بەم چەشنە چەک بە کەس نادات. کە مینا و قاسمی ڕۆیشتبوون، پێش ئەوەی بچێتەوە ژوورەکەی دیکە و چاوی بە کاوە بکەویَ، بە چیای کوڕی گوتبوو: هەر ئێستا بە کاک شیرکۆ بڵێ تا ئێرە بێت.

ڕەحمانی، سەروانی پێشووی سەردەمی شا و بەرپرسی ئێستای بەشی ئەمنییەت، بە هاتنە ژوورەوەی مرادی فەرماندەی هێزی پێشەوا، قرچەپێ هەستا و گەرموگوڕ پێکەوە دەستوموشتاقیان کرد. ڕەحمانی بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدات یەکسەر چووە سەر باسەکە و گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەی مانگێکە کاوەمان خستووەتە ژێر چاوەدێرییەوە. دەزانین کچێکی پورزای هاتووەتە نێو حیزب و داوای چەکی کردووە، پاش ئەوەی داواکارییەکەی ڕەد کراوەتەوە سەردانی حیزبێکی دیکەی کردووە و لە گەڵ سکرتێرەکەیان دانیشتووە، بەڵام لەوێش هاوکارییان نەکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ بۆکان. چەند ڕۆژ لەوە پێش دیسان هاتووەتەوە بۆ باشوور و ئێستا لە چیایە. ئێمە نازانین ئەوان چەکیان دەدەنێ یان نا. هەروەها نازانین ئەم کچە تا چ ڕادەیەک پێوەندی بە کاوەوە هەیە. بەڵام ...

دەستی برد و چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا و کاغەزێک و وێنەیەکی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا و درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: ئەمە کاغەزی ئیعلامیەی کوژرانی عەلی مەنگوڕە، ئەو کەسەی کاوە دەڵێ ئێعدامم کردووە، ئەم کاغەزە لەسەر داوای سپا چاپ کراوە، بەڵام پێش ئەوەی بڵاوی بکەنەوە، دیسان هەر لەسەر داوای سپا پێش بە بڵاوکردنەوەی گیراوە و ڕاگەیاندراوە کە عەلی مەنگوڕ بریندارە و بە هێلەکۆپتێر ڕفاندوویانە بۆ تاران. ئەمەش وێنەی تازەی عەلی مەنگوڕە وهەر وەک دەبینی لە گەڵ ژن ومنداڵەکەی لە دەربەندی تاران دانیشتوون و خەریکی نان خواردنن و تەشکیلات بۆیان ناردووین. خیانەتی کاوە ئاشکرا بووە، بەڵام زۆر لەوانەیە کەس یان کەسانێکی دیکەش لە نێو حیزب هاوکاری بن، بۆیە تا ئێستا دەستبەسەرمان نەکردووە و هەروا لە ژێر چاودێریدایە.

لە ماوەی ئەم مانگەدا دووجار تا ئێستا شەڕی بە پێشمەرگەکانی دیکە فرۆشتووە و وا هەست دەکەین کە دەیەوێ بکەوێتە زیندانی حیزب. تا ئێستا نازانین بۆچی دەیەوێ بکەوێتە زیندان و چ مەبەستێکی هەیە، بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمانەوێ یارمەتی بدەین و ڕێگای بۆ خۆش بکەین و بزانین لە نێوزینداندا چی دەکات. بۆیەش موزاحیمی جەنابت بووم، لە نێو هێزی پێشەوادا کەسێکی جێگەی متمانەم دەوێ کە بە بێ دەنگی هاوکاریمان بکات.

مرادی کە بە وردی گوێی دابووە قسەکانی ڕەحمانی. دەستی خستە نێو ڕدێنی و بۆ چەند چرکەیەک هەروا کە ڕدێنی دەخوراند بیری لە داواکارییەکە کردەوە. پاشان بێ دوودڵی گوتی: من زانام پێ باشە. کەسێکی وریا و خوێندەوار و چاو کراوە و هەڵسورە.

تا چایەکیان خواردەوە زانایان بانگ کرد. زانا کە هاتە ژوورێ کاک ئەحمەد هەستا و ڕووی لە زانا کرد و گوتی: زانا گیان کاک شیرکۆ کارێکی گرینگی پێتە. من تۆم پێ پێشنیار کردووە و هیوا دارم ئەرکی خۆت بە باشی جێبەجێ بکەی.

لە گەڵ چوونە دەرێی مرادی، ڕەحمانی فەرمووی دانیشتنی زانای کرد و بە کورتی ڕووداوەکەی بۆ گێڕاوە و بە وردی سەیری سیما و هەڵسووکەوتی زانای کرد. کوڕێکی سەرفڕی سمێڵ قەیتانی ڕەش تاڵە. چاو زیت و وریا. سەری بەردابۆوە و گوێی دابووە قسەکانی ڕەحمانی.

ڕەحمانی پێی گوت: کە دەمەوێ لە گەڵ کاوە بەشەڕ بێی و هەر دووکتان دەخەمە زیندان. هەلێکتان بۆ دەڕەخسێنم تێکەڵ زیندانییەکان بن. تەنانەت بتوانن ئەو جاشانەش ببینن کە لەوێ زیندانین. نابێ بۆ چرکەیەکیش چاوت لە کاوە خافڵ بێ. دەمەوێ بزانم دەیەوێ چاوی بە کێ بکەوێ و چی پێ بڵێت. تا ئێوارێ لێرەم. بزانم چی دەکەی، زانا تێدەگەی مەبەستم چییە؟

زانا گوتی: کاک شیرکۆ گیان دڵنیابە ئەرکەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆم بە باشی ڕادەپەڕێنم.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ڕەحمانی، تا ئێواریێ چاوەڕێی ئەوان نەمایەوە و کاتژمێرێک دواترزانا و کاوەیان بە شپرزەیی هێنا. یەکتریان خوری شۆر کردبوو. ڕەحمانی پێشتر ڕایسپاردبوو چی بکەن. کاوە و زانایان تا بەردمی هێنا. زۆری لۆمە کردن کە چۆن دوو کادری پێگەیشتووی حیزب دەبێ ئاوا بەسەر یەکتر بێنن؟ پاشان گوتی: بۆ پێش گرتن لە دووپات بوونەوەی ڕووداوی لەم چەشنە دەتاندەم بە بەشی قەزایی. کەماڵی زەحمەت بکێشە و تەسلیمی بەشی قەزاییان بکە. کەماڵی هاوکارە قژڕەش و سمێڵ قەترانییەکەی ڕەحمانی، دەرکەی کردەوە و بە دەست ئاماژەی پێ کردن کە بڕۆنە دەرێ. لە کاتی چوونە دەرێیاندا زانا سەیری ڕەحمانی کرد و بزەیەکی بچووک کەوتە سەر لێوی. ڕەحمانی خۆی لە بزەکەی زانا نەبان کرد، بەڵام بزەکە لە چاوی وردبینی کاوە شاراوە نەما.

کاوە ڕاستی دەگوت. بە تەنیا بوو. کۆتێکی خەلەبانی و شاروالێکی شەش گیرفانی فشی لەبەردابوو. سمێڵێکی زلی هێشتبووەوە. ئەوکاتەی ماشێنی گەشتەکە وەدوای کەوتبوو، مەئمورەکان تەنیا شتێک کە بیریان لێ نەکردبووەوە ئەوە بوو کە وەدوای پێشمەرگەیەک کەوتوون. ئەوان وایان زانیبوو ئەو کەسە مەوادفرۆشە و لە گیرفانیدا لەوانەیە چەند لوولی تریاک پێ بێ. بەڵام کاتێک لە سەری کۆڵان کاوە بە دەمانچەکەی تەقەی لێکردبوون، بە چەند ماشێن دەورییان دابوو. کاوە درۆی نەکردبوو. خۆی بە ماڵێکدا کردبوو و نەڕاندبووی: پێشمەرگەم یارمەتیم بدەن. بەڵام ژنی خانەخوێ بە گەسکێک تێبەری ببوو و گوتبووی: لە ماڵە من بڕۆ دەرێ سەگباب. کوڕەکەیان هەڵاتبووە کۆڵان و بانگی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەئموورەکانی کردبوو و گوتبووی: وەرن مەواد فرۆشەکە لێرەیە. تەنانەت ئەوکاتەی کە دەستبەسەر کرابوو و هاواری کردبوو: خەڵکی فریام کەون، پێشمەرگەم با نەمبەن. پیاوێکی پیر تفێکی ڕۆکردبووە سەر ئەرزەکە وگوتبووی: حەدت نییە ناوی پێشمەرگە بێنی، دواتر پێکەنیبوو و گوتبووی: ئەگەر تۆ پێشمەرگە بی، منیش دکتور قاسملووم. کاوە گەڕابۆوە و گوتبووی: گەواد ڕۆژێکم مابێ بۆ تۆم ماوە.

کاوە هەڵەی کردبوو. هەڵەیەک کە بە نرخی بە دیل گیرانی تەواو ببوو. ئیتلاعاتییەکە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی کاوە پیاوێکی زلی ڕیشدار نەبوو. کوڕێکی جحێڵی وەک خۆی بوو. بردبوویە پێش پەنجەرەیەک و دایک و باوکی کاوەی پێشان دابوو و گوتبووی: هەردووکیان دەکوژم. گوتبووی: کارم بە تۆ نییە. هەر لە پێش چاوی کاوە قامکە تیتۆڵەی باوکیان بڕی بوو و لێیان کردبۆوە. خوێن فیچقەی کردبوو و تەواوی دیوەکە لە خوێن هەڵکشابوو. باوکی پڕ بە گەرووی نەڕاندبووی. چەند خولەک دواتر لە تاوی ئێشی قامکی کەوتبووە سەر ئەرزی و ناڵاندبووی. دایکی گریابوو و دەموچاوی خۆی ڕنی بۆوە و داوای کردبوو فریای مێردەکەی بکەون. کابرا هەروا بە چەقۆیەکەوە لە سەر سەریان ڕاوەستابوو. گوتبووی: جا ورد ورد هەموو شتێکمان بۆ دەگێڕییەوە، یان پارچە پارچە ئازای گیانیان لێ بکەینەوە. کاوە بێ دەنگ ببوو. دیسان کابرا هەشاوڵی بۆ بردبوونەوە، پڕی دابووە دەستی دایکی کە قامکی ئەویش لێ بکاتەوە. کاوە گریا بوو. باوک و دایکی گوێیان لە دەنگی نەببوو، بەڵام دایکی دڵی ڕاچڵەکی بوو. وەرسووڕابوو. بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانێت بۆ خولەکێک سەیری دیواری پشتەسەری کردبوو. کاوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەیری چاوەکانی دایکی کردبوو. سەری بەردابۆوە و گوتبووی ئەوەی نەدەبوایە بیڵێت.

کاوە لیستێک لە ناوی ئەو کەسانەی دەیناسین. ئامانجی هاتنەوەی و شوێنی مانەوەی و زۆر زۆر زۆر شتی دیکەشی گوتبوو. کوڕە گەنجەکە ئیتلاعاتییەکە گوتبووی: خێرا باوکی بەرن بۆ نەخۆشخانە و برینەکەی بۆ ببەستن. گوتبووی: دیەی قامکیشی بدەنێ. دەمانچەکەی کاوەی پێدا بۆوە و گوتبووی: بەخێرهاتی بۆ نێو کۆڕی هاوکارەکانت. لەم مانگە ڕا هەموو مانگێ پێنج سەت دۆلار وەردەگری. بەڵام نەک لێرە.

ڕەشە هەروەک جێگری سکرتێر گوتبووی: پێی بڵێن بێنە نێو چوارچێوەی تەشکیلاتی ئەوانەوە، بەڵام ئێمە دیاری دەکەین لە ناوخۆ چ بکەن و هەروەها دەبێ شەش مانگیش لە لای ئێمە خولی نیزامی و ئایدۆلۆژی ببینن.

مینا بە یارمەتی دۆستێک توانیبووی بچێ بۆ چیا. نزیک شاخ چاویان بەستبوو. لە ڕێگە هێندە ماشێنەکە سووڕابووەوە و هێندە هەڵبەز دابەزی کردبوو، جەرگ و دڵی دەرهاتبوو. ئاخری ڕایانگرتبوو و تێر ڕشابۆوە، بەڵام کە گەیشتبوونێ و چاویان کردبۆوە، هەوای پاکی شاخ و بینینی ئەم هەموو کوڕ و کچە جحێڵە، خوێنیان وەجۆش هێنابوو. لەو ماوەیەی لە چیا ببوو، شەوێک فڕۆکەکانی تورکیا بۆمبارانی بنکەکانیانی کردبوو و دوو کچ شەهید ببوون. مینا لە ناشتنیاندا بەشداری کردبوو. هەستی بە بەرپرسیارەتی لەبەرانبەر ئەم خوێنانەدا کردبوو. یەکەم جار بوو ببینێت کەسێک بۆ ئامانجەکانی دەمرێ. بەڵام مینا خوێندکار بوو و نەیدەتوانی شەش مانگ بمێنێتەوە. سەرەنجام بڕیاری گەڕانەوەی دابوو.

ڕەشە گوتبووی: با کارمان لە گەڵ بکات و پێوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە گەڵمان بمێنێ. مینا گوتبووی: بە مەرجی هاوکاری کردنتان. ڕەشە گوتبووی پێی بڵێن: ئێمەین مەرج دیاری دەکەین نەک تۆ. مینا لە ئەوانش بێ هیوا ببوو. بیری لە کڕینی دەمانچە کردبۆوە. دەکرێ لە سلێمانی چەند دەمانچە و فیشەک بکڕن. دەکرێ کاریان بە هیچ ڕێکخراو و حیزبێک نەبێ. هەموو پارتە سیاسییەکان دەیانەوێ ببنە خاوەنیان. ئەو نەیدەویست پابەندی شوێن و لایەنێک بێ.

ڕۆژ، پیاوێکی سمێڵ سووری، چل ساڵەی کورتە باڵای، سوورمزی هەورامی بوو. بە زاراوەیەکی تێکەڵ، لە گەڵ مینا ئاخەڤتبوو. مینا لە ژیانیدا کەسی هێندە زۆربڵێی نەبینیبوو. ڕۆژ باسی شکستی مێتۆدی شۆڕشی حیزبە کلاسیکەکانی بۆ کردبوو. میناش هاوڕای بوو کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێویستان بە گۆڕینی شێوازی خەباتە.

ڕۆژ باسی ڕزگاری چوارپارچەی بۆ کردبوو و میناش دڵنیابوو ئەم دروشمە لە دروشمی خودموختاری باشترە.

بەڵام مینا هەستی بە جۆرێک چوارچێوەداربوونی باسەکان کردبوو. هەستی بە سنووربەندییەکی هزری کردبوو. من، یان کەس. شەو، یان ڕۆژ. مینا دنیای ئاوا دوو جەمسەر نەدەبینی. ئەو دڵنیابوو ناتوانێ لەو جەغزە تەسکەدا بمێنێتەوە. دەبوایە بگەڕێتەوە سلێمانی. دوو حەوتوو بۆ گەڕانەوە دەستیان پێ کردبوو. کاتێکی کەمی مابوو بۆ کرانەوەی قوتابخانەکان. ترسی نەگەیشتنەوە نیشتبووە سەر ڕوحی. ئەو ڕۆژەی بڕیاریدا بوو ڕابکات، پێیان ڕاگەیاندبوو، دوو کاتژمێری دیکە دەینێرنەوە بۆ ڕانیە. پێش سوار بوون، دیسان ڕۆژی بینیبووەوە گوتبووی: ڕەشە دوو دەمانچەی بۆ ناردووی. بەڵام بەو مەرجەی ئێمە پێتان بڵێین لە کوێ و کەنگێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ڕوو بە کێ بیتەقێنن.

ڕەحمانی کە چاوی بە زانا کەوت. کوڕێکی ماندوو و تووڕەی بینی. ماندوو لە زیندان و تووڕە لە بێ ئەنجامی کارەکەی. ڕەحمانی بە زانای نەگوت: بێجگە لە تۆ چەند کەسی دیکەش چاودێری کاوەیان کردووە. هەروەها وێنەی کاوەشی پێشان نەدا، ئەو کاتەی دوور لە چاوی زانا، لە کاتێک کە خەریکی سرتوخورت لە گەڵ عەبووە ڕەش ببوو، وێنەیان کێشابوون. عەبوو پێنج ساڵ بوو لە زیندانی حیزب بوو و بە ڕواڵەت وازی لە بیروباوەڕی پێشووی هێنابوو و تەنانەت دەیگوت: پاش تەواوبوونی ماوەی زیندانەکەم ئەگەر حیزب ڕامگرێ دەبمە پێشمەرگە. لەم پێنج ساڵەدا بچووکترین گلەیی نەهاتووەتەوە سەر. چەند مانگێکی ماوە و ئازاد دەبێ. وادیاربوو ئیتلاعات هێشتا کاریان بە عەبوو ماوە و کاوە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە ناچار بووە بچێتە زیندان.

کاوە تا ئێستا دووجاری پێنج سەت دۆلاری لە دوکانی مەکتەب سەفینی هەولێر، بە ناوی کەسێک لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ هاتووە و وەریگرتووە. مەکتەب سەفین دوکانێکی گەورەیە لە دەوری قەڵای هەولێر و بۆ تەلەفوون کردن و کاری سەڕافی خەڵک ڕووی تێ دەکەن.

زانا لە کاوە بەرقدا چووە و بۆ چرکەیەک چاوی لێ خافڵ ناکات. بێ ئەوەی حیزب ڕایسپاردبێ. وەک نیسەیەک شەو و ڕۆژ بە دوای کاوەوەیە. کاوە و ئیتلاعات ئاگایان لە زانایە و پیلانی لە ناوبردنی زانایان داڕشتووە. بە کاوەیان گوتووە لە زانا نزیک بێتەوە و ببێت بە هاوڕێی و ڕۆژێک بێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێ بیهێنێ بۆ سلێمانی.

ئەوەندەی کاوە دەیەوێ لە زانا نیزیک بێتەوە، ئەوەندەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانا حەز بەمە دەکات. ڕەحمانیش دوراودور ڕووداوەکان دەبینێ و بێ دەنگە. هەینی وەک ڕۆژی چوونە سلێمانی زانا دیاریکراوە. پێنجشەمە زانا و کاوە پێکەوە دەچنە گەراجی کۆیە. ڕەحمانی لە پاش ڕاوێژ لە گەڵ دەفتەر سیاسی بەو ئەنجامە دەگەن کە ناتوانن لە ناو شاری سلێمانی درێژە بەم یارییە بدەن و لەوانەیە زانا وەک سەدان پێشمەرگەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی لە سلێمانی تیرۆربکرێت و فریای نەکەون. بڕیار دەدرێ دەستبەجێ پێش بەم سەفەرە بگرن و مام خدر بە شلەخەجێک دەنێرن کە بە زانا بڵێ: سکرتێر کارێکی بە پەلەی پێتە و دەبێ بگەڕێیتەوە.

زانا و کاوە لە ناو تاکسییەکەدان و پیرێژنێک و کچێکی جحێڵیش لە دەرەوە و لە بن کەپرێک چاوەڕێن نەفەرەکانی تاکسییەکە تەکمیل بێ و وەڕێ بکەون. شۆفیری تاکسییەکە پێیان دەڵێ: تا نەبنە پێنج کەس وەڕێ ناکەوم. چارەگێکە لەو گەرمای هاوینەدا چاوەڕێی کەسێکن بێ و تاکسییەکە وەڕێ بکەوێت. مام خدرلە ناو شارە و گەیشتووەتە حاندی پەیکەرەکەی تاهیر تۆفیق. تاکسییەکە لە پێش ئەم سوورەتاوە بووەتە پارچەیەک ئاگر و کاوە و زانا لە ئارەقەدا خووساون. وردە وردە کاوە نیگەران دەبێ و هەست بەوە دەکات کە خەریکن کات بەفیڕۆ دەدەن. بەناچاری دەست بۆ گیرفانی دەبات و چەپکێک دیناری سویسری دەردێنێ و بانگی شۆفیرەکە دەکات و دەڵێ: کاکی سایەق وەرە سواربە، پارەی ئەم نەفەرە زیادییە دەدەم. کیژە جحێڵەکە و دایکی پارەکان دەبینن. سەیرێکی مانادری یەکتر دەکەن و سواری تاکسییەکە دەبن.

کچەکە گوتی: من دواوەم پێخۆشە.

دایکەکە گوتی: وەڵڵا بۆ من تەوفیری نییە، چ دواوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ و چ پێشێ بێ، هەمووی هەر خۆشە.
شۆفیرەکە بە قەڵسی سەرێکی بادا و گوتی: ئەستەغفیرەڵڵا، خوشکم لانیکەم بڵێن عەیب نەبێ، با ئەم کوڕە گەنجانە خراپ تێنەگەن.
کاوە لە پێشێ دانیشتبوو ئاوڕی داوە و سەیری کردن.
دایکەکە قاقا پێکەنی و گوتی: برام قابیلە باسی شتێکیتر بێ، باسی دانیشتن لە ناو تەکسییەی تۆیە ئیتر.
کاوە لە کچەکەی ڕوانی. وا دانیشتبوو لایەکی ڕانی کەوتبووە سەر لاقی زانا. زانا خۆی کۆ کردبۆوە و خۆی بە دەرکەی تاکسییەکەوە نووساندبوو و سەری بەردابووەوە.
پاش ئەوەی نیوەی ڕێگایان بڕی، تاکسییەکە لە چایخانەی کانی وتمان لایدا. تا موسافیرەکان دەستێک بەئاو بگەیەنن و پشوویەک بدەن و ماستاوێک، چایەک شتێک بخۆنەوە، یان لەوانەیە نانێک بخۆن. کاوە لەم دەرفەتەدا خۆی گەیاندە دایک و کچە و مەعامەلەی لە گەڵ کردن. ژنە بە دوو سەت و کچە بە سێ سەت دینار بۆ هەر جارە تەواوبوونێک. هەروەک لە ناو تاکسییەکەش ڕاشکاوانە گوتبوویان ژنە لە پێش و پشتەوە و کچەش تەنیا لە دواوە. شوێنیش لە سەر ئەوان. کە لە گەراجی سلێمانی دابەزین، ژنەکان وەک شارەزا وەپێش کەوتن و کوڕەکان بە دوایاندا.
پێش ئەوەی لە گەراج بچنە دەرێ. گوێیان لە کچێک بوو کە پڕ بە گەرووی بانگی کاوەی دەکرد.
- کاک کاوە گیان، کاک کاوە گیان.
کاوە ئاوڕی داوە. مینا بوو. کاوە لە هاوڕێکانی جیا بووەوە و بەرەو پیری مینا چوو. مینا لە پاش چەند ساڵ کاوەی دەبینییەوە. لە خۆشیان وەختابوو بفرێت. تا تاکسییەکەی پێنجوێن پڕ بوو، پێکەوە چەند خولەکێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەستان.

کاوە گوتی: ئەو شەوە لە ماڵی جێگری سکرتێر تۆم بینی. لە قەستی گوتی: بۆ خۆی پێی گوتم بۆچی هاتووی، بەڵام بە مەسڵەحەتی نەزانی یەکتر ببینین.

مینا وەک ئەوەی کاوە هەموو شتێک دەزانێ. گوتی: خۆزگە یەکترمان بینیبوایە. بەداخەوە هاوکارییان نەکردم. بەڵام ... دەستی بۆ لای جانتاکەی ڕاداشت وسەیری شاخەکەی بەرانبەری کرد و گوتی: ئەوان کردیان. مەرجێکیان بۆ داناوەم، ئەویش بە قسەیان ناکەم. پێکەنی و بە سەبرایەک گوتی: دوو دەمانچەم پێیە. پاشان بزەیەکی کرد

کاوە هەر لە خۆڕا گوتی: جا پێت جێبەجێ دەبێ؟

مینا گوتی: پەلە مەکە. شەرتە هەموو ڕۆژێ جاشێک بتۆپێنین.

کاوە ڕەنگێکی هێنا و برد و تفێکی قووتدا وهیچی نەگوت.

مینا گوتی: تۆ چی دەکەی و ئەوانە کێن؟ کاوە بە پەشۆکاوی گوتی: ئەوانە ... ئەوانە دایک و خوشکی زانای هاوڕێمن. دەچین بۆ ماڵی ئەوان. پاشان گوتی: دەی من دەبێ بڕۆم، بە قەت ئەرز و ئاسمان سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ پورم و باوکت.

لە پاش گانەکەیان تا شەقامی سەهۆڵەکە کوڕەکان هەر پێکەنین و قسەیان بۆ یەکتر گێڕاوە. زانا لەوەی چەندەی شەرم کردووە و کاوەش لە هێزی پیاوانەی خۆی و چەند جار پەڕینەکانی.

کاوە گوتی: ئەمشەو دەچینە ماڵی پورە خەجیجم و سبەی دیسان دەچینەوە بۆ لای ژنەکان.

کتوپڕ سبەی وەبیرهاتەوە. زانا بە نیشانەی ڕازی بوون سەرێکی لەقاند. بەڵام کاوە خەمبارانە سەیری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانای کرد. هەستی کرد، شتێک گۆڕاوە. لە ناخیدا چیتر وەک نەچیر سەیری زانا ناکات. شتێکی وەک برادەرایەتی و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا دروست بووە.

پاش ئەوەی لە دەرێ نانیان خوارد، کاوە بە سفارشی حاجی و لەسەر حەسێبی ئەو کامێرایەکی زۆر چاکی canon ی کڕی. ئێوارێ بەرەو گەڕەکی شێخ محێدین شۆڕبوونەوە. تاکسییەکی برازیلی نوێ لەبەر دەرەکەی کاوە گوتەنی ماڵی پوری ڕاوەستابوو.

کاوە گوتی: سەیارەی بەختیاری پورزامە. نانیان خواردبوو و دایکی بەختیار خۆی لێ تورە کردن، بۆچی لەدەرێ نانتان خواردووە. بەختیار و دایکی هەردووکیان قەڵەو و سوورکارە بوون. دایکی پەنجا ساڵ و بەختیاریش پیرە کوڕەیەکی سی و پێنج ساڵە. سەر لووتی بەختیار تەواو تاوەسووت ببوو و تۆخی هەڵدابوو.

دەیگوت: زۆر لە دەرێم و تاو لێم دەدا.

لە سەربان جێگایان ڕاخست.

بەختیار گوتی: مادام ئەمشەو لە ماڵی ئێمە نانتان نەخواردووە سبەی بۆ نانی نیوەڕۆ هەموومان پێکەوە دەچین بۆ سەیران. دەڕۆین بۆ لای ئەزمەڕ. جێگەیەکی خۆش پێ دەزانم.

زانا گوتی: حەز دەکەم ئەزمەڕ ببینم.

کاوە بە دوودڵییەوە گوتی: بەداخەوە کاتمان نییە و دەبێ بگەڕێینەوە کۆیە.

زانا و بەختیار بە سەرسووڕمانەوە لە کاوەیان ڕوانی. زانا هێشتا تەواو خەوی لێ نەکەوتبوو. گوێی لە دەنگە دەنگ و مشتومڕی کاوە و بەختیار بوو کە لە حەسارێ قسەیان دەکرد. لە قسەکانیان هەر ئەوەندە تێگەیشت کە کاوە گوتی: من پارەکەت دەدەمێ.

بەیانی کاوە لە دیسان چوونەوە بۆ لای ژنەکان پاشەگەز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووەوە و پاش نان خواردن، بەختیار بە برازیلییەکەی تا گەراجی سلێمانی بردن. پێش ئەوەی بەجێیان بێڵێت، کاوە لە پەنجەرەی پێشەوە سەری بردە ژوورێ و بە بەختیاری گوت: بە حاجی بڵێ زانامان کوشت و لە کەندێک فڕێماندا. تا لەبیرمە با حاجیش بێ دەسکەوت نەبێ. پێی بڵێ مینای کچە پوری کاوە بە دوو دەمانچەوە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرانێ.

٤

مام خدربە ڕەحمانیی گوت: کە گەیشتمە گەراجی کۆیە تاکسییەکە ڕۆیشتبوو. ناچار گەڕامەوە فەلەکەی حاجی قادر و لە سەنتەری ئاسیاوە تەلەفوونم بۆ سکرتاریا کرد. گوتیان: وەدوایان بکەوە. لە کانی وتمان لایاندا بوو. بۆیە لێم ون بوون و لەوان زووتر گەیشتمە سلێمانی و لە دەرەوەی گەراج چاوەڕێیان مام. کە گەیشتنێ زانا و دوو ئافرەتیتر زووتر لە کاوە لە گەراج هاتنە دەرێ. زانا بە بینینم واقی وڕما. لە ژنەکان جیا بووەوە و بەرەو پیرم هات. بڕیاری دەفتەری سیاسیم پێڕاگەیاند. کەمێک تێڕاما و بێ دەنگ بوو. پاشان گوتی: لەسەر بەرپرسیارەتی خۆم درێژە بەم گەمەیە دەدەم. تۆش تکایە تا کاوە نەیبینیوی برۆ. مابوومەوە چی پێ بڵێم. گوتم: دەتکوژن. گوتی: ئەگەر بە نرخی مردنیشم تەواو بێ دەبێ بیسەلمێنم کە کاوە جاشە. بە ناچاری کۆڵتەکەی خۆمم دایە و لێی دوور کەوتمەوە. مام خدر گوتی: کە بە لای دەرکەی گەراجدا تێپەڕ بووم، بە بینینی کاوە و مینا کە پێکەوە ڕاوەستابوون ویشک بووم. مینام دەناسی. دوو مانگ لەوە پێش لە هەولێر بووم. کاک مەولوود پێی گوتم: مام خدر بێ ئەوەی کەس ئەم کچە ببینێ، لە سەیتەرەکان دەربازی کە و بیبە ناوەندی دووی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزب و تەسلیمی برایم قاسمی بکە. تا کۆیە قسەی لە گەڵ کردم. دەیەویست لە ڕێگەی منەوە زانیاری لە سەر حیزب دەسکەوێت. کیژێکی وریا و چاوکراوە بوو.
ڕەحمانی بە بیستنی دووبارەی ناوی مینا تێکچوو.
لە پاش ڕۆیشتنی مام خدرخێرا کورەکانی ئەمنییەتی ڕاسپارد تەشکیلاتی بۆکان ئاگادار بکەنەوە، مینا بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

مینا کە گەیشتەوە بۆکان، کچەکانی هاوڕێی باسی پرۆژەیەکی گرینگیان بۆ کرد. بە سزا گەیاندنی عەلی قادرزادە، جاشێکی خوێڕی کە لە سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵکیدا بەناوبانگە. گوتیان گۆیا حەوتووی جارێک دێتە پایەگای ئەبووزەڕ. مینا بێ سێ و دوو قبوڵی کرد. گەڵاڵەکە دارێژرا. بڕیاردرا شەونم و مینا بەڕێوەی بەرن. تەنیا بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری زیاتر پتریان کات دەویست
حەوتوویەک دواتر تەشکیلات ڕەحمانیان ئاگادار کردەوە کە مینا و تیمەکەی لە لایەن ئەوان و ئیتلاعاتیشەوە بە جیا جیا لە ژێر چاودێری دان. دیاربوو پێش ئەوەی مینا بگاتەوە ئێران ڕاپۆرتی لێ دراوە.
حەوتی، حەوتی حەفتا و حەوت مینا مانتۆیەکی ڕەشی لەبەر کرد و لەچکەیەکی زەردی گوڵ سووری لەسەر نا و وەک هەموو دوانیوەڕۆکانی پێشتر بە بیانووی چوونە کتێبخانە لە ماڵێ وەدەرکەوت.
ئەو کاتەی لە چواڕای شارەبانی لە تاکسی دابەزی و لە شەقامی دوخانیاتەوە بەرەو پارکی میللەت هەڵکشا، پەیکانێکی سپی ئارام بە تەنیشتیدا تێپەڕ بوو و دوو میتر دواتر لە پێشی ڕایگرت. دوو کەسی تێدابوو. پیاوێکی کورتەباڵای چوارشانە و ژنێکی ڕەشتاڵەی، ڕەقەڵەی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەمەن سی ساڵەی مانتۆ لەبەر و لەچکە بەسەر. ژنە بێ هیچ پێشەکییەک مینای بانگ کرد و داوای لێکرد سوار بێت. مینا بە ترسەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد. ویستی جوابی نەداتەوە و بڕوات. ژنە بە هێواشی گوتی: بە ناوی هەڤاڵ ڕەشەوە داوات لێ دەکەم کە سوار بی. مینا بە بیستنی ئەم قسەیە موچڕکێك بە تۆقی سەریدا هات و لە بن پێیەوە دەرچوو. حەپەساو سەیری ژن و پیاوەکەی کرد. ژنە دووپاتی کردەوە کە دەبێ خێرا سواربێت. مینا بە ناعیلاجی دەرکەی پشتەوەی کردەوە و سوار بوو. پەیکانەکە بە هێواشی لە لێژەکە وەسەرکەوت.

پەیامەکە کورت بوو. ئاگاداریان کردەوە کە لە چەند لاوە لە ژێر چاودێری دان و نابێ جارێ هیچ کارێک بکەن. دەمانچەکان بشارنەوە و تا پێتان نەڵێین خۆ وەدەرمەخەن.

ماشێنەکە بە لای چەپدا بەرەو چوارای خەجێ بەندەری سووڕایەوە. زۆر دور نەکەوتبووە کە ڕایگرت و مینا دابەزی. ژنە پێی گوت: دیسان یەکتر دەبینینەوە. بەڵام مینا هیچ حەزی نەدەکرد جارێکی دیکە ئەم ژن و پیاوە ببینێتەوە. مینا ترساو و کاس و وڕ، بە لۆژە لۆژ بەرەو پارک وەڕی کەوت. هەستی بە سەرلێشێواییەکی سەیر دەکرد. ترس و دڵەڕاوکەیەکی لێڵ ڕوحی تەنیبۆوە. بە پلیکانەکانی پارکدا وەسەرکەوت. لە دورەوە شەونمی بینی لە بن دارێک لە نێو چیمەنەکەدا دانیشتووە و چاوەڕێی ئەو دەکات. هێشتا نەگەیشتبووە کن شەونم، هەر لەوێ بڕیاریدا لە لای شەونم باسی هیچ شتێک نەکات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥

فەرهادی دوو پەتوو و چەند لیوان و خالیدی فەلاسکێک سەهۆڵاو و شووشەیەک زەحلە و زانایش قاپێک ماست و چەند خیار و پۆفەکێکی هەڵگرت. بە پلیکانەکانی قەڵادا وەسەرکەوتن و چوونە سەربانی قەڵا. چوار دەوری قەڵا کەوانێکی هەیە کە لە بنەوە وەک ساڵۆن هەڵکەوتووە و مەودا مەودا پەنجەرەی بۆ دەرەوە هەیە و دەکرێ لە کاتی پێویستدا لەوێوە تەقە لە دوژمن بکرێ. نێوان ئەم کەوانانە و خودی قەڵا بۆشاییەکی وەک حەوشەیە و لە یەک دوو لای قەڵا پێشمەرگەکان کردوویانەتە باخچە و گوڵ و سەوزی و تەماتەیان لێ چاندووە. بۆ ئەوەی لە سەربانەوە بچییە سەر کەوانەکان دەبێ بەسەر دیوارێکی یەک میتریدا باز بدەی. زانا بە ئارامی شتەکانی دانا و بە تەکانێکی خێرا، بازیدا ئەوبەری دیوار و دانە دانە شتەکانی لە کوڕەکانی دیکە وەرگرت و لەسەر زەویەکەی دانان.

تا خالیدی پەتووەکانی ڕاخست و فەرهادی خەیار و سیر و ماستەکەی ئامادە کرد، زانا بە ناڕەحەتییەوە بۆی گێڕانەوە بۆچی لە حیزب دادەنیشێ و دەچێتە هەولێر. فەرهادی گوتی: مادام مام خدر پێی گوتی دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە بگەڕێیتەوە، دەبوایە خێرا بگەڕێیەوە.

زانا وەک گوێی لە قسەکەی فەرهادی نەبووبێ گوتی: ڕەحمانی گوتی پێویست ناکات تۆ بیسەلمێنی کاوە خائینە ئێمە بۆ خۆمان دەزانین. گوتم: کاک شێرکۆ ئەگەر دەزانن بۆ نایگرن؟ گوتی: دەمانەوێ هاودەستەکانیشی بدۆزینەوە. گوتم: ئێوە لەسەر ئەوەی بڕیاری دەفتەری سیاسیم پێشێل کردووە، سزام دەدەن و نەقڵی ناوەندی سێم دەکەن. باشە بۆ بیر لەوە ناکەنەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوانەیە کاوە شک بکات و هەڵێت؟
خالیدی گوتی: کاوە نەیپرسی بۆ دادەنیشی؟ زانا گوتی: هێشتا یەکترمان نەبینیوە. ئەمشەو دەمەوێ بچم و سەرێکی لێ بدەم. ئەگەر پرسی دەڵێم دەمەوێ بڕۆم بۆ دەرەوە.
فەرهادی یەکەم پێکی بە سڵامەتیی زانا و خالیدی هەڵێنا و ئەوانیش لیوانەکانیان بە سڵامەتی ئەو لێکدا و هەڵیاندا. هەرچی شووشەکە بەتاڵتر دەبوو، بە پێچەوانەوە باسەکان چڕتر و تا دەهات گەرمتر و قووڵتر دەبوونەوە. باسی پشتیوانی حیزب لە بزووتنەوەی خوێندکاری و هاتنە سەر شەقامی خوێندکارەکان و کرانەوەی فەزای ئێران دوای هەڵبژاردنی خاتەمی و بڵاو بوونەوەی گۆڤار و نامیلکەی کوردی لە زانکۆکان و دەیان باسی لەو چەشنە لەم چەند کاتژمێرەدا هاتنە گۆڕێ و شرۆڤە کران. زانا تا ئەو کاتە هەڵنەستابووە سەر پێ و هێشتا نەیدەزانی تا چ ڕادەیەک مەشرووبەکە گرتوویەتی. هەوا تاریک ببوو و چیتر مەزراکانی دەوربەری قەڵا نەدەبینران. هەستی کرد پێویستە بچێتە خوارێ و میز بکات. گوتی: کوڕینە لەسەر ئیزنتان دەچم دەستێک بە ئاو دەگەیەنم و دێمەوە. کە هەستا سەرپێ، یەک جێ سەری لە گێژەوە هات و لەترێکی لێدا. فەرهادی گوتی: کاک زانا وریابە ئەم کەوانانە دیواریان نییە، بەرنەبییەوە خوارێ.
زانا دەستێکی ڕاوەشاند و بەرەو دیوارەکە چوو و دەستی بە دیوارەکەوە گرت. هەرچی هەوڵیدا لە خۆی ڕانەبینی وەک ئێوارێ خۆی فڕێداتە ئەو دیوو. ناچار زگی خستە سەر دیوارەکە و بە زەحمەت خۆی بەو دیوودا شۆڕ کردەوە. چاوی ڕێشکە و پێشکەی دەکرد و میترێک پێش خۆی نەدەبینی. بیری کردەوە جا باشە بۆ چۆڕێک میز بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچیتە خوارێ؟ هەر لە بن دیوارێک میزەکەی بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای کوڕەکان. دۆخینەکەی کردەوە و کیری ڕوو بە دیوارەکە ڕاگرت. هێندە لە دیوارەکە نزیک بوو، پریشکەی میزەکەی وەخۆی دەکەوتەوە و بەشێک لە پانتۆڵەکەی تەڕبوو. میزەکەی بە دیوارەکەدا خووشیە بن لاقی و جۆگەلەی دروست کرد. زانا دۆخینەکەی بەستەوە. پاشان بیری لەوە کردەوە تا تەواو سەرخۆش نەبووم و دەتوانم بە ڕێگەدا بڕۆم و قسە بکەم، بچم سەرێک لە کاوە بدەم. لەوە زیاتر مەست بم لەوانەیە لە لای کاوە نەتوانم خۆم ڕابگرم و نهێنییەکان بدرکێنم.

سەبر سەبر دەستی بە دیوارەکانەوە گرت و لە پلیکانەکان هاتە خوارێ. بە قەراخ ژوورەکاندا بەرەو دیوەکانی بەشی ماڵی وەرێ کەوت. قەڵا بێ دەنگ بوو و لە سریوە سریوی سیسرکە و هارە هاڕی موبەڕیدەی ژوورەکان زیاتر گوێت لە دەنگێکی تر نەدەبوو.

زانا گەیشتبووە کەوانی ئەوسەری قەڵا و پێش ئەوەی بچێتە نێو ڕێڕەوی کەوانەکەوە وەرسووڕا و ڕووی لە دالانی بەشی ماڵی نا. دەرکەکانی دەستی چەپی بژارد. دەرکەی یەکەم نا دووەم ژووری کاوەیە. دەستی بە دیواری تەنیشتی دەرکەکەوە نا و ویستی لە دەرکە بدات. سەری وەک خوول خوولە دەسووڕایەوە. گوێی لە دەنگی دوو کەس بوو کە لە نێو ژوورەکەدا قسەیان دەکرد. دەنگی کاوەی ناسییەوە. کاوە گوتی: بڕوا بکە ئەم ماوەیە پتر لە دوو حەڵقەی سی و شەشیم وێنە گرتووە و بۆ حاجیم ناردووە، کەچی هێشتا هەر داوای وێنەی دیکەم لێدەکات.

زانا بە بیستنی ئەم قسەیە لە جێی خۆی ویشک بوو. کەسەکەی دیکە گوتی: دوو ڕۆژیتر هەموو شتێک تەواو دەبێ، پێلینۆمان کە تەقاندەوە تاران بگرە و هاتم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆڵ ئەم ژیانە کولەمەرگییە حیزە دەبینەوە. کاوە چی گوت؟ زانا گوێی لێ نەبوو. بڕوای بە گوێچکەی خۆی نەدەکرد. ڕق و ترس و بێزاری ببوونە وزەیەکی یاخی و هەوسار پساو. خۆی بە دەرکەدا و نەڕاندی: گەوادانە ئەوە دەتانەوێ چ گوویەکی بخۆن؟ لە گەڵ کرانەوەی دەرکە دەمەوڕوو کەوتە نێو ژوورەکەوە و لە پێش لاقی کاوە و هاوڕێکەی کەوت. هەوڵیدا هەستێتە سەر پێ. بە پەلە یەکیان لاقی خستە سەر سەری. کەسی دووەم کە زانا هەوڵیدەدا بیبینێت گوتی: کاوە چەندەم پێ گوتی ئەمە لە سلێمانی بتۆپێنە بە قسەت نەکردم.

کاوە گوتی: نەچووە بچێ تازە نابێ لێرە بە زیندووی بچێتە دەرێ.

٦

پێشتر لووتیان شکاندبوو و دواتر بۆیان پانسمان کردبوو. پانسمانەکە بەشێکی زۆری دەموچاوی داپۆشیوە. مانتۆکەی خوێناوی بووە و بۆردوویەتی و خوێنێکی زۆری پێوە ڕەق هەڵاتووە. لە ڕادەبەدەر کز بووە. چاوی بە پەڕۆیەکی ڕەش توند بەستراوە و دەستەکانی لە پێشەوە دەستبەندی لێ دراوە. لە سەرکورسییەکی سپی پلاستیکی دایان نیشاندووە و پێنج کاتژمێرە لێیان نەپرسیوەتەوە. پرسیارە بێ وەڵامەکان ڕوحیان بنکۆڵ کردووە. ژوورەکە لە ڕادەبەدەر بێ دەنگە و مینا شەو و ڕۆژی لێ تێکەڵ بووە و نازانێ ئەم چرکەیەی تێیدایە کەنگێیە. جیڕەی دەرکەیەک دێت و دوو کەس دێنە ژوورێ. بە ئازەری قسە دەکەن و پێکەوە خەریکن کارێک دەکەن. مینا بە پێی تێگەیشتنی خۆی بە قسەکانیان ڕا دەزانێ کە خەریکن کامێرایەک بە تلویزیۆنێک ڕەبت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن و خەریکی تاقیکردنەوەن. پاش چەند خولەکێک دەڕۆنە دەرێ و دیسان بێ دەنگییەکی بە سام دیوەکە دادەگرێتەوە.

نزیکەی بیست خولەک دواتر چەند کەس دێنە ژووری. دەنگی ڕاکێشانی سەندەڵییەک دێت و کەسێک دادەنیشێت. بە فارسی دەڵێ: چاوی بکەنەوە. تیشکی بە هێزی گڵۆپی ژوورەکە چاوی ئازار دەدات و بۆ چەند چرکەیەک هەموو شتێک لێڵ دەبینێت. وردە وردە چاوی ڕادێت و ژوورەکە و کەسەکان دەبینێ. پیاوێکی بەژن مامناوەندی چل و پێنج ساڵەی چاویلکە لە چاو، لە سەرکورسییەکە دانیشتووە. کۆتوشەرواڵێکی ڕەشی لەبەردایە و بە حاڵ دیارە لە بن کۆتەکەیەوە زگێکی زلی هەیە. دوو کەسی دیکەش لە پەنای ڕاوەستاون. کابرای دانیشتوو ڕوو بە تلویزیۆن و میز تلویزیۆنێک دانیشتووە. لەسەر میزەکە کامێرایەکی ویدیۆ هەڵگرتنەوە دانراوە و وایەرەکانی بە تلویزیۆنەکەوەن. بە ئاماژەی دەستی کابرا سەربازێک دەچێتە پێشێ و تلویزیۆنەکە پێ دەکات. پێش ئەوەی کامێراکە هەڵ کات. کابرا دەڵێ: ناوم ڕۆکنابادییە و پێم خۆشە پێکەوە سەیری ئەم فیلمە بکەین. ئاماژە بە سەربازەکە دەکاتەوە و سەربازەکە کامێراکە هەڵ دەکات. مینا چاودەبڕێتە تلویزیۆنەکە.

بۆ خۆیەتی، ڕێک بەم جلوبەرگەی ئێستایەوەی. پێنجوێنە. مینا سەری بەردەداتەوە. ڕۆکنابادی دەنەڕێنێ. سەیری بکە. بە ناچاری مینا سەری هەڵدێنێ و لە تلویزیۆنەکە دەڕوانێت.

لە فیلمەکەدا مینا هەروەک ئێستای لە سەر کورسییەک دانیشتووە. کەسێک بە زاراوەی ئەردەڵانی دەڵێ: لە سەرەتاوە بۆمان بگێڕەوە.

مینا بە دەنگێکی خەمبارەوە دەڵێ: هەر وەک پێشتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێم گوتوون، ئێمە پێنج هاوڕێ بووین. پێکەوە بڕیارماندا تیمێکی تۆڵە ئەستاندنەوە دامەزرێنین. کابرای پشت کامێرا دەڵێ: تۆڵە لە کێ بکەنەوە؟

مینا دەڵێ: لە جاشەکان.

کابرا دەپرسێ: چۆن چۆنی؟

مینا دەڵێ: بیانکوژین.

کابرا دەپرسێ: سیلاحتان لە کوێ وەدەست کەوت؟

مینا دەڵێ: من هاتمە باشوور و لێرەوە دەمانچەم بردەوە.

کابرا دەپرسێ: چەند دەمانچە و لە کێت وەرگرت؟

مینا دەڵێ: دوو دەمانچە. لە ئەوانم وەرگرت. کابرا دەڵێ: بۆ لە دیمۆکرات یاخود لە کۆمەڵەت وەرنەگرت؟

مینا دەڵێ: داوام لێ کردن نەیاندامێ.

کابرا دەپرسێ: دوو دەمانچە بۆ پێنج کەس، کەم نییە؟

مینا دەڵێ: چوار کەس. یەکێک لە هاورێکانمان کشاوە.

کابرا دەڵێ: کێتان تێرۆر کرد؟

مینا دەڵێ: عەلی قادرزادە.

کابرا دەڵێ: چۆن و کەی؟

مینا دەڵێ: دوو مانگ لەوە پێش. ئێمە ساغ بووینەوە کە زانیاری پێویستمان لە سەر عەلی قادرزادە کۆ کردووەتەوە و دەبێ بیکوژین. هەموو پێنج شەمەیەک کاتژمێر چواری پاش نیوەڕوان، لە گەڵ ئیسکۆرتەکەی بە تویوتایەکی لەندکرۆزێر دەهات بۆ پایەگای ئەبووزەڕ، لە جادە حەساری بۆکان. ئێمە دوومانگ لەوە پێش لە سەری کۆڵانی پایەگای ئەبووزەڕ و ڕێک لە سەر شەقامی سەرەکی کەمینمان بۆ داناوە. بڕیارماندا من و کچێکی هاوڕێم بە ناوی ڕۆژان لە تەنیشتی ڕاستەوە تەقەی لێ بکەین و دوو هاورێیترم بە ناوەکانی فاتم و شەونم لە تەنیشتی چەپەوە تەقەی لێ بکەن. ماشێنەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند چرکەیەک لە کاتی هاتنە سەر شەقامی سەرەکی دەوەستا و ئەم چەند چرکەیە کاتێکی گونجاو بوو بۆ ئێمە.
کابرا پرسی: دەی توانیتان بیکوژن؟
مینا گوتی: نا.
کابرا گوتی: بۆ؟
مینا گوتی: پێشترئاگاداریان کردینەوە کە ڕاپۆرتمان لێ دراوە. ئێمە بە جدیمان وەرنەگرت. گوتمان: بۆیە وادەڵێن بمانترسێنن و نەهێڵن کار بکەین. گوتمان: دەیانەوێ بۆخۆیان دیاری بکەن ئێمە کەی و کێ بکوژین. دەمانەویست سەربەخۆ بین، بۆیە بڕوامان پێ نەکردن.
کابرا گوتی: دەی بەردەوام بە.
مینا گوتی: بەڵام وادیاربوو درۆیان نەکردبوو. گوزارشتمان لەسەر بوو. ئەو ڕۆژە ڕێک لەو کاتەدا کە ئێمە ویستمان جاشەکە تێرۆر بکەین. لە چەند لاوە تەقەمان لێ کرا. تەنانەت کەسێک لە پشتەوەی ماشێنەکە هەستا سەر پێ و تەقەی لێ کردین. من لەوم دا و کوشتم. ڕۆژین لە پەنا من کوژرا و منیش بە بریندارى هەڵاتم و خۆم گەیاندە نێو کۆڵانەکانی جادە حەسار.
کابرا پرسی: وەدوات نەکەوتن؟
مینا گوتی: با بەڵام خۆم شاردەوە. دوو فیشەک لە شانم درا بوو. ئەو شەوە لەماڵێک مامەوە. خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشتبوو. ئەو ماڵە خزمێکیان تەزریقات پانسمانی هەبوو. هێنایان و فیشەکەکانی لە شانم دەرهێنا و برینەکەمی پانسمان کرد. دواتر من لەوێ ڕۆیشتم و چوومە ماڵی خزمێکی زۆر دوورم لە گەڕەکی خانەقا.
کابرا پرسی: فاتم و شەونم چیان بەسەرهاو؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مینا گوتی: نازانم. تەنیا ئەوەندە دەزانم لە لای ئەوانەوە هیچ تەقەیەک نەکرا. تەقەشیان لێ نەکرا. نازانم ئەوان ڕایانکردووە؟ یان گیراون؟ یان خیانەتیان کردووە؟ هیچ هەواڵێکم لەوان نییە.

کابرا گوتی: دەی باشە بەردەوام بە، دواتر چت کرد؟

مینا گوتی: ئیتلاعات و سپا کون بە کون بەدوامەوە بوون. خزمەکەم گوتی: لە کوردستان بی، ئاخری دەتگرن، بچۆ بۆ تاران. ڕاستی دەکرد، تەنانەت ڕێژیمیش بیری لەوە نەدەکردەوە من لە تاران بم. بە ڕایدی خزمەکەمان لە کوێرە ڕێگەکانەوە تا تاران چووم.

کابرا گوتی: لە تاران لە کوێ دەمایەوە؟

مینا گوتی: کچێکی هاوڕێم لەوێ خوێندکار بوو و خانووی بە کرێ گرتبوو. چوومە ماڵی ئەو.

کابرا پرسی: ناوی چ بوو؟

مینا گوتی: سەیران.

کابرا گوتی: ئێ بەردەوام بە.

مینا گوتی: دوو مانگ لە تاران بووم. تاڕادەیەکی زۆر ڕووداوەکە فەرامۆش کرابوو و هەستم کرد چیتر ئیتلاعات بەدوامەوە نییە. گوتم: ناتوانم تا ئەبەد ئاوا بژیم. دەچمە باشوور. لە تارانەوە بە ئوتوبووس هاتمە سنە و لە سنەوە هاتمە مەریوان. لەوێش لە گەڵ کۆڵبەرەکان هاتمە باشماخ. لە باشماخ ئاسایش گرتیانم و هێنایانم بۆ پێنجوێن. مینا دەستی کرد بە گریان و گوتی: تۆ ئەو خودایەی بە حەقی دەناسن، کاکە گیان دەستتان ماچ دەکەم، لاقتان ماچ دەکەم، بۆ خۆتان بمکوژن و تەسلیمی ئێرانم مەکەنەوە.

ڕۆکنابادی ئاماژەی بە سەربازەکە کرد. سەربازەکە فیلمەکەی ڕاگرت. ڕۆکنابادی هەستا سەر پێ و لە مینا نزیک بووەوە. سەری بردە پێشێ و بە کوردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتی: دەڵێی چی؟
مینا هەرچی ئاوی نێو زاری بوو کۆی کردەوە و تفێکی بە نێو دەموچاوی حاجیدا کرد.

٧

دەست و لاق و دەمیان بەستووەتەوە. بە زەحمەت هەناسە هەڵدەکێشێ. کاوە و سابیر بە دیارییەوە دانیشتوون و تەگبیر دەکەن چی لێ بکەن. قەڵا پڕە لە پێشمەرگە و بردنە دەرەوەی هەروا ئاسان نییە. شاردنەوەشی لەم ژوورەدا لەوانەیە تا بەیانی ئیمکانی هەبێ. کاوە دەڵێ: ناتوانین بە دەروازەی قەڵادا بیبەینە دەرێ، باشترە لە پەتوویەکییەوە بیپێچینەوە و لە سەربانی قەڵارا فرێی دەینە خوارێ.
سابیر بزەیەکی تاڵ دەکات و دەڵێ: ئێستا سەربانی قەڵا پڕە لە پێشمەرگە و هەر یەکەی لە سووچێک خەوتوون. چۆن دەتوانین ئەم کارە بکەین؟
کاوە بێ دەنگ دەبێ و سەیری زانا دەکات. چاوە ترساوەکانی لە چاوی کاوە دەبڕێت. چاوەکانیان بۆ ساتێک لە یەکتردا نووقم دەبن. هەستێکی نامۆ لە کاوەدا دروست دەبێ. خێرا ڕوو لە سابیر دەکاتەوە و خۆی لە نیگای زانا دەدزێتەوە.
سابیر دەڵێ: هەر لێرە دەیخنکێنین و تەرمەکەی دەبەینە ژێرزەمینی ئینتشاراتەوە، تا پێلێنۆم دەگیرێ و تەقینەوەکە ڕوو دەدات نایبیننەوە. دواتریش گرینگ نییە و ئێمە لێرە نەماوین.
کاوە دەڵێ: چۆن تا ئەوێی بەرین؟
سابیر دەڵێ: کاتژمێر دوازدە ماتۆڕی قەڵا دەکوژێننەوە و قەڵا دەبێتە تاریکە سەلاتێک چاو چاو نابینێت. زۆربەی پێشمەرگەکان دەچنە سەربان و لەوێ دەخەون. تەنیا کەسێک لە بەردەرکەی قەڵا نیگابانە. دەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتووچۆکانیش تا کاتژمێر سێ تەواو دەبێ. ئێمە پاش کاتژمێر سێ دەیبەینە دەرێ و بن دیوارە و بن دیواردەڕۆین و بە ئارامی کارەکە جێبەجێ دەکەین.

زانا بڕوای بە گوێچکە و چاوی خۆی نەدەکرد. سابیر چایچییەکەی ئۆرگانی ئاموزش ئەم دڕندەیە بووە و دوو ساڵە لە نێو حیزبدا دێت و دەچێ. چاوی لە دەمی کاوە بڕی. تەنیا هیوای زانا، ویژدانی کاوە بوو. ویژدانی بێ و ئەم کارە نەکات.

دیسان لە گەڵ کاوە نیگایان لە یەکتر گیرا. فرمێسکێک بە گۆشەی چاوی زانادا خوشییە خوارێ و کەوتە سەر موکێتی ژوورەکە. کاوە فرمێسکەکەی بینی. هەستا سەرپێ و گوتی: من ناتوانم ئەم کارە بکەم. تۆ بیخنکێنە. تا دەچمە دەرێ و جگەرەیەک دەکێشم تەواوی کە. دەرکەی کردەوە و چووە دەرێ.

کە ڕۆیشتە دەرێ. سابیر وەک گورگێک سەیری مەڕ بکات چاوی لە زانا بڕی. بە هێواشی هەستا سەر پێ و بەرەو تەختی خەوەکەی کاوە چوو. باڵنجێکی چڵکنی بەرگ شین، لە سەر تەختەکە بوو. هەڵیگرت و لە سەر سەری زانا ڕاوەستا. زانا بەلای تەنیشتدا ڕاکشابوو. وەریسووڕاندە سەر پشت. زانا هەوڵیدا سەری وەرسووڕێنێت، بەڵام دەستە زلەکانی سابیر دەموچاویان گرت و بە هەموو هێزی خۆی چەند مستی لە نێو دموچاویدا. خوێن لە دمولووتی فیچقەی کردە دەرێ. نێودمی پڕ بوو لە خوێن. پاشان باڵنجەکەی لە سەر دموچاوی دانا و فشاریدا. زانا وەک مریشکی سەربڕاو دەستی بە هەڵبەز دابەز کرد. نزیک دوو خولەکی پێ چوو تا لە جووڵە کەوت.

سابیر بۆ دڵنیا بوون باڵنجەکەی هەر لانەبرد. بۆ خۆی لەسەر باڵنجەکە دانیشت و جگەرەیەکی دەرهێنا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەڵیکرد.
دوو سێ جار لامپەکە هەڵبوو و کوژاوە. ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە بە زوویی ماتۆڕەکە دەکوژێننەوە. کاوە بە پەلە هاتەوە ژووری. بە بینینی سابیر لەم دۆخەدا، شێت و هار بوو. خۆی پێدادا و وەبەر مست و شەقیدا. سابیر وەک منداڵێک کاوەی توند گرت و نەڕاندی ئەوە بۆ شێت بووی؟
کاوە گوتی: سەگباب کوشتت بۆ لەسەر دموچاوی دانیشتووی؟
سابیر قاقای کێشا و پاڵێکی پێوەنا و گوتی: لاچۆ تا تۆشم نەگاوە. ماتۆڕی بەرقەکەی قەڵا بە یەکجاری کوژاوە و بێ دەنگی باڵی بەسەر قەڵادا کێشا.
کاوە لامپێکی شارژی بچوکی لە بن تەختەکەی دەرکێشا و هەڵیکرد. تیشکێکی کەم ژوورەکەی ڕووناک کردەوە.

سابیر لە سەر تەختەکەی کاوە درێژ بوو. کاوەش لە پەنا تەرمی زانا ڕاکشا. خولەکەکان بە هێواشی تێدەپەڕین. کاوە هەستی دەکرد لە نێو سەریدا دەهۆڵ دەکوتن. دەنگی پرخەی سابیر دەهات. لەم هەموو بێ خەیاڵییەی سابیر سەری سوڕما. هەستی دەکرد مێشکی بەستوویەتی. چاوەکانی لە ڕەشەوە دەهات. دەستی سڕ ببوو. درێژی کرد. دەستی لە دەستی ساردی زانا درا. ڕاچڵەکی. وەرسووڕا و پشتی لە تەرمەکە کرد. بە پێی پلانی پێشوو دەبوایە تا پاش کاتژمێر سێ چاوەڕێ بمێننەوە.
پێڵووی چاوی وردە وردە قورس بوو. گوێی لە دەنگی زانا بوو بانگی دەکرد. وەرسووڕا و سەیری زانای کرد. لە قەراغ شەقامی سەهۆڵەکە بوون. هەر یەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیرەیەکی سادیان بە دەستەوە بوو. لە سەر بلوارەکە دانیشتبوون. کاوە گوتی: بەیادی سەدی سابڵاغێ. زانا قوتووەکەی هەڵێنا و گوتی: خۆش بی کاکە.
لە نەکاو دەنگە دەنگێکی زۆر لە نێو ڕێڕەوەکەوە هات. کاوە چاوی هەڵێنا. دەنگی فەرهادی ناسییەوە. وەرسووڕا. بە سەر سووڕمانەوە بینی ڕۆژ بووەتەوە و هەر دووکیان تا ئێستا خەویان لێکەوتووە. دەرپەڕی. بە ترس و دڵەڕاوکێوە بانگی سابیری کرد و گوتی: هەستە قوڕمان بەسەر بووە. ڕۆژ بووەتەوە و قەڵا پڕ پڕە لە خەڵک.

٨

چاویان بەستبوو، ڕەحمانی و دوو پێشمەرگەی دیکە سواری لاندکرۆزێرێکیان کرد و بەرەو سنوور وەرێ کەوتن. نزیک نوێژی شێوان و لای ئێواری درەنگانێک گەیشتنە شوێنی مەبەست. هەر چوار کەسەکە دابەزین. چاویان کردەوە. کاوە قۆڵی پێشمەرگەیەکی گرت و ئیلان و بیلان گوتی: زانا وەرە با بڕۆین. ڕەحمانی ئاماژەی بە شاخە بەرزەکەی پێش خوی کرد و گوتی: کاوە باوکت و دایکت لە سەر ئەم شاخە چاوەڕێتن. ئەودیوی ئەم کێوە سنووری ئێرانە و ئێمە لەوە زیاتر نایەینە پێشێ. بەڵام کاوە وەک بڵێی لە دنیایەکی دیکەیە و ئاگای لەو قسانە نییە گوتی: زانا ئەوانە دەیانەوێ من بکوژن وەرە پێیان بڵێ من تۆم نەکوشتووە. ڕەحمانی سەرێکی بە نارەحەتییەوە بادا ولە قەستی گوتی: کاوە، زانا لەوبەری کێوەکە چاوەڕێتە. کاوە بە بیستی ناوی زانا دەستی پێشمەرگەکەی بەردا و گوتی: زانا؟ پاشان سەیری شاخەکەی کرد و پرسی: زانا لەوێیە؟
ڕەحمانی گوتی: ئا ئا زانا لەوێ چاوەڕێتە.
کاوە بە ئارامی وەسەر شاخەکە کەوت. ڕەحمانی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگەکان گەڕانەوە دواوە و لە پەنا ماشێنەکە ڕاوەستان و سەیری دوورکەوتنەوەی کاوەیان کرد. وردە وردە کاوە گەیشتە نزیک لووتکەی شاخەکە. وەرسووڕا. بزەیەک نیشتە سەر لێوی. دووحەوتوو لەوەپێشی هاتبووە پێش چاو.

سکرتێری دێموکرات باڵا بەرز و قیت، ڕانکوچۆخەیەکی شین لەبەردا و حەیدەری و حوسێنی و ڕەحمانی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، هەر کامە و کەواپانتۆڵی خاکی لەبەردا پێکەوە هاتنە ئەو ژوورەی ئەوی لێ بوو. حەیدەری دەمانچەیەکی بە نێو قەدەوە بوو. کاوە بە بینینیان هەستا سەر پێ و باوەشی بە حوسێنیدا کرد و پێوەی نووسا و ملچە ملچ ماچی کرد. گوتی: ئاخری هاتی؟ ماڵتە چەندە درەنگ هاتی. ئەوانە دەیانەوێ بمکوژن. دەڵێن تۆم کوشتووە. زانا گیان وەرە وەرەرە بۆیان بگێڕەوە من تۆم نە کوشتووە. لە بیرتە سابیر ... سابیر تۆی خکاند.

جەباری ئیسکۆرتی سکرتێر لێی چووە پێشێ و پاڵێکی پێوەنا و لە حوسێنی دوور خستەوە. کاوە لە ڕادەبەدەر کز ببوو. چاوەکانی بە قووڵدا ڕۆچووبوون و قژی درێژ ببوو و ڕدێنی هاتبوو. لە گەڵ پاڵەکەی جەباری کەوتە سەر زەوی و گوتی: وامەکە، پاڵم پێوە مەنێ، زانا تۆ خودا پێیان بڵێ ... زانا وەرە دانیشە دوو بیرەی ساردم هێناوە پێکەوە بیخۆینەوە.

ڕەحمانی گوتی: لەو ڕۆژەی ئەمە و سابیریان لە سەر تەرمی زانا گرتووە. ئەمە خۆی لە شێتی داوە، یان بە ڕاستی تێکەڵی کردووە و شێت بووە نازانین. وەک دەبینن بە هەموو کەس دەڵێ زانا. ڕۆژ تا ئێوارە دادەنیشێ و قسە لە گەڵ زانای ناو مێشکی دەکات. لە دوورەوە بەردەوام لە ژێر چاودێریماندا بووە. وا وێ دەچێ بە ڕاستی بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاوە دیسان گوتی: زانا وەرە با بچین لەوێ دانیشین، شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.
دەستی حوسێنی گرت و ڕایکێشا. دیسان جەباری فریا کەوت و دووری خستەوە. حەیدەری گوتی: ئەگەر خۆی لە شێتی دابوایە هەر لە مانگی یەکەمدا دەردەکەوت درۆ دەکات. سابیر دانی بە تاوانەکەیدا نا و سزای کارەکەشی بینی. بەڵام کەسێک کە باری دەروونی تێکچووبێ سزا بدرێ و سزا نەدرێ، چ تۆفیری هەیە؟ بۆ ئەو وەک یەک وایە، بۆیە پێم وابێ بەرەڵڵای بکەین لە هەموو شتێک باشترە.
سکرتێر گوتی: باشە خۆ ناکرێ هەروا بیڵێین بڕوات. سابیر دانی بەوە داناوە کە لە گەڵ کاوە بە تەمابوون پیلێنۆم بتەقێننەوە. زانایان هەر لەبەر ئەوە کوشت، چونکە بەم نهێنییەی زانیبوو.
ڕەحمانی گوتی: کاکە ئێوە هەر بڕیارێک بدەن ئێمە وادەکەین.
حوسێنی گوتی: وادیارە شۆکی تێهەڵدانی دوای تاوانەکە شێتی کردووە. ئەوە تازە نایێتەوە بە بەشەر. شەقێکی تێهەڵدەن و وەدەری بنێن.
سکرتێر گوتی: نا باشترە لە باشوور نەمێنێ. پێم باشە بنەماڵەکەی ئاگادار بکەینەوە بێن و لە حاجی ئۆمەران تەسلیمیان بکەینەوە. بۆ خۆیان چی لێ دەکەن با لێی بکەن.
ڕەحمانی گوتی: زۆر باشە، کەوایە ئاگاداریان دەکەمەوە و بۆ خۆشم بە ماشێنی حیزب تا حاجی ئۆمەرانی دەبەم و دەنێرمەوە ئەو دیو.
کاوە قاقا پێکەنی. دەستی وەک بڵندگۆ لێ کرد و بە دەمییەوە نا و نەڕاندی: هۆی دەوگێم، چاکم ڕەزگتان نا. تازە دەستتان پێم ڕانا گات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمانی و پێشمەرگەکان بە بیستنی ئەم قسانە لە ماشێنەکە دوور کەوتنەوە و بە پەلە ڕوویان لە شاخەکە کرد. کاوە بە بینینی ئەم کارەی ئەوان، دیسان قاقای پێکەنی گوتی: مەگەر تازە گونم بگرن. هەنگاوەکانی خێراتر کرد و خۆی گەیاندە ترۆپکی شاخەکە و ئاودیوو بووەوە. گڵۆپەکانی شاری یەکەم دیمەن بوون کە کاوە دەیبینی. بێ گومان گڵۆپەکان هی خانێ بوون و ئەو تازە گەیشتبووەوە ناو ئێران. دوو هەنگاوی دیکە ڕۆیشت. لە نەکاو لەسەر جادەکە چاوی بە تاکسییەکی برازیلی کەوت. چۆکی لەرزی. سەیری خوارەوەی جادەکەی کرد. چەند کەس لە پەنا تویووتایەک ڕاوەستا بوون. لە دوورەوە خالید فەتاحزادە فەرماندەی پارێزگاری حیزبی ناسییەوە. باڵابەرز و تیژکەڵە لە پەنا سێ کوڕی دیکەی چەک بە شان ڕاوەستابوو. کاوە بە نیگەرانییەوە سەیری ناوچەکەی کردەوە. ئێستا شارەکەی باش باش ناسییەوە. تازە تێگەیشت لە کوێیە. فەتاحزادە بە هێواشی دەستی بەرز کردەوە و ئاماژەی بە کاوە کرد بچێتە پێشێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گیتارژەن

١

سەرەتا وایزانی گوێی لە گۆرانییەکی تورکییە، بیری بۆ ئەوە چوو کە ئەو سۆزەی لەو گۆرانییە دایە چەند ئاشنایە، بیری لەوە کردەوە هونەر پردی پێوەندی نێوان هەموو گەلانە. هەوڵیدا زیاتری گوێ لێ بێ. دەنگی گیتارەکە بەسەر وشەکاندا زاڵ بوو و گۆرانییەکەی گوێ لێ نەدەبوو. یەکەم وشەی کە باش گوێ لێ بوو. دەلالا من بوو. موچورکێکی پێدا هات. چاوەکانی زەق بوونەوە و بە سەرسووڕمانەوە گوتی: کوڕە خۆ ئەمە کوردە.

سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد. کاتژمێر دووی بەیانییە. هەوڵیدا بزانێت ئاراستەی دەنگەکە کوێیە. دراوسێی سەرەوەیە. نا دراوسێی خوارەوەیە، یان لەوانەیە دراوسێکانی تەنیشتی بن. ئاراستەی دەنگەکەی بۆ نەدەبینراوە. بەپەلە هەستا سەر پێ و چووە چێشتخانەکە. لەوێ دەنگ نەدەهات. کەوایە دەنگەکە لە لای دراوسێی چەپەوە دێ.
بە ئارامی دەرکەی دەرەوەی کردەوە. لامپی نێو کۆردیدۆرەکە هەڵبوو. دەیەویست بزانێ دەنگەکە لە کوێوە دێ. بێ دەنگی بەسەر هەموو ئاپارتوومانەکەدا زاڵ بوو. تەنیا دەنگێک کە گوێی لێ دەبوو ویزە ویزی لامپەکەی سەرەوە بوو. بە هێواشی دەرکەی داخست و هاتەوە ژووری. چووەوە ژووری خەوەکەی و گوێی بە دیوارەکەوە نووساند. ئەمجار دڵنیا بوو دراوسێی تەنیشتیەتی. دۆزینەوەی کوردێک لە تاراوگە، ئەویش کوردێکی هونەرمەند ئۆقرەی لێ هەڵگرتبوو. لە خۆشیان نەیدەزانی چی بکات. ئاخری خۆی پێ ڕانەگیرا وهاتە دەرێ و لە دەرکەیدا. چەند جاری لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرکەدا. کەس دەرکەی نەکردەوە. گوێی بە دەرکەکەوە نووساند. هیچ دەنگێک نەدەهات. بیری لەوە کردەوە، لەوانەیە ترسابێ و خۆی مات کردبێ، وەک ئەوەی پێی ناخۆشە بەم نیوەشەوە دەنگە دەنگ ساز بووە. شەقێکی لە دەرکەکەیاندا و دیسان چاوەڕێ ماوە. دیسان هیچ دەنگێکی گوێ لێ نابێ. تەنیا گوێی لە دەنگی ویزە ویزی لامپەکەی میچەکە دەبێ.

بە ناچاری هاتەوە ژووری. لە گەڵ ئەوەی پێی نایەوە ژووری خەوەکەی گوێی لە دەنگی گیتارەکە بووەوە. بەپەلە هاتەوە دەرێ. دیسان ویزە ویزی لامپەکە وهیچیتر. بە سەرسووڕمانەوە تێگەیشت ئەم دەنگە تەنیا لە ماڵی ئەو و تەنیا لە دیوی خەوەکەی دەبیسترێ. گوێی بە دیوارەکەوە نووساند. دەنگی ژنێک ڕایچڵەکاند کە گوتی: بەخۆشیت. گیتارژەنەکە دەستی کردەوە بە چرینی گۆرانییەکی تازە.

باران بارانە
باران بارانە
نم نم تەڕمی کرد
چاوەکەت نەسرین لە دین دەرمی کرد
لە دین دەرمی کرد
لە دین دەرمی کرد یار.

٢

کەڕەی بەیانی لەبەر دەرکە، حەقی بینی. حەقی پیرەپیاو بەکاری بیناکە ڕادەگەیشت و لەبەرانبەردا کرێی نەدەدا.

چووە پێشێ و سڵاوی کرد و وەبیری هێناوە کێیە و پێی گوت کاری پێیەتی. حەقی گوتی: شەوێ وەرە دادەنیشین و قسە دەکەین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو تا ئێوارە دەیتوانی زۆر کار بکات. دەیتوانی بچێتە کیشلای پارک و چەند کاتژمێر دانیشێ و سەیری خەڵکی بکات. دەیتوانی تا گەڕەکی کۆزەیکەند بە پێیان بچێ و بێتەوە. دەیتوانی بچێتە سێ ڕێیانی ئانکارا و لە سەرکورسییەک دانیشێ و خۆی لە خەیاڵدا نووقم بکات.

بەڵام ئەو تەنیا دەیەویست گیتارژەنەکە بناسێ. ئەو پێویستی بە کوردێک هەبوو پێکەوە دانیشن وقسە بکەن. قسە بکەن، قسە بکەن. تا ماندوو دەبن. دواتر پێکەوە بیری کوردستان بکەن و ئاخ هەڵکێشن. ئەو گیتارەکەی دەربێنێ و بارانە و بارانە ئەی هەوای چۆمی مەجیدخانی بۆ بڵێ و ئەم بگری. بۆ ئەوە بگری بۆ تا لە کوردستان بوو نەچوو چۆمی مەجیدخان ببینێ.

ناسینی گیتارژەنەکە بۆ ئەو لە نانی شەو گرینگتر بوو. لەوانەیە ئەویش بخواتەوە. ئا دەخواتەوە ئەونێ گوێی لێ بوو ژنەکە گوتی: بەخۆشیت. ئەو ژنی هەیە. کێ دەڵێ لە گەڵ دەمرووتێکی وەک ئەم دەبێتە هاوڕێ؟ لەوانەیە چەند منداڵیشی هەبێ و فریا نەکەوێ دانیشێ و بارانە و بارانە بۆ ئەم بڵێت. دەی باشە ئەی ئەگەر وانەبوو چی؟ ئەگەر بوو بەهاوڕێی و لە گەڵی تا سێ ڕێیانی ئانکارا هات و دانیشتن و پێکەوە سەیری جادەیان کرد چی؟

کلیلەکەی خستە ناو قفڵی دەرکەوە و بە ئارامی دەرکەی کردەوە و گەڕاوە ژوورێ. چووە ژووری خەوەکەی و لەسەر جێگاوبانەکەی دانیشت و گوێی بە دیوارەکەوە نووساند. هیچ دەنگێک نەدەهات. جا دەنگی چی بێ؟ تا بەیانی قسەیان کرد و گیتاریان لێدا وخواردیانەوە و گۆرانیان گوت. ئەی باشە بۆ ئەم گوێی نەدا بە قسەکانیان بزانێ دەڵێن چی؟ جا دەڵێن چی؟ دەڵێن وەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دەست غەریبایەتی. ئاخ دووری ئاخ. نا کێ دەڵێ وایان دەگوت؟ ئەو هێندە گوێی دابووە گیتارەکە گوێی نەدا قسەکانیان. نەدی بدی گیتارنەدیتوو. گیتارە گیتار!!!! لە یوتیوب بنووسە گیتارهەزار گیتارژەنت بۆ دێنێ.

بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ئەوان هیچیان دراوسێت نین. هیچیان نازانن هەوای چۆمی مەجیدخان چۆنە.

هێندەی گوێ بە دیوارەکەوە نووساند و گوێی لە هیچ نەبوو. وردە وردە پێڵووی چاوی قورس بوون و خەوی لێ کەوت.

بە دەنگی گیتارەکە وەخەبەر هات. هەموو گیانی ڕەق ببوو. بۆ خۆشی بە زەحمەت بڕوای دەکرد گوێی بە دیوارێکەوە نووساندبێ و بە درێژایی ڕۆژێک خەوتبێت. دوێنێ شەوێ تا بەیانی نەنووستبوو.

لە برسان قوورەی زگی دەهات و بە ناچاری هەستا و لامپەکەی هەڵکرد و دانیشت. چووە چێشتخانەکە ودەرکەی بەفرگرە کۆنەکەی کردەوە. تەنیا شتێک کە هەی بوو هێلکە بوو، کەچی ئەو هەرچاوی گێڕا، وەک بیەوێ شتێکی دیکە بخوا. حەقی پیرەپیاوی وەبیرهاتەوە. بە پەلە هێلکەکەی کردە نێو تاوەیەکەوە و چاوی بڕییە نێو تاوەکەوە و گوێیەکانی بۆ قرچە قرچی هێلکە و ڕۆنەکە شل کردن. پاشان بەسەرە قامکەکانی کەمێکی خۆی پێدا کرد.

## ٣

حەقی کە دەرکەی کردەوە. پشتە سەری تەنیا تاریکی دەبینرا. بە سەرسووڕمانەوە گوتی: ئیلکتریک نییە؟ حەقی گوتی: با هەیە، بەڵام گرانە لە ژووری تلویزیۆنەکەم پێکردووە. پێویست ناکات لەمپ هەڵبکەم،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژووریٚ ڕووناکە، وانییە؟
ئەو بە کوێرە کوێر چووە ژووریٚ و دەستی بە دیوارەکەوە گرت و بەدوای حەقیدا وەریٚ کەوت. هەستی دەکرد دەچێتە نێو ئەشکەوتەوە و لە خوڕا چاوەڕیٚ بوو گوێی لە دەنگی فڕینی شەمشەمە کوێرەکان بیٚ.
حەقی کە دەرکەی ژوورێکی کردەوە. چەند تاڵە تیشکی لاواز بەردەمیان ڕووناک کرد و بە یارمەتی ئەوان بە پەلە خۆی گەیاندە ژووریٚ. چاوێکی بە هۆدەکەدا خشاند. دەتگوت کەر هەڵیخستووەتەوە. هەر کەلوپەلەی بە لایەکدا کەوتبوون. حەقی فەرمووی دانیشتنی کرد و ئەویش نابەدڵ لە پەنا حەقی لە سەر کورسییەکی پلاستیکی دانیشت. گوتی: ئەی کەی لامپەکان هەڵدەکەی؟ حەقی پێکەنی گوتی: کاتژمێر نۆ تا یازدەی شەویٚ. دواتردەخەوم.
پاشان تلویزیۆنەکەی بیٚ دەنگ کرد و بە هێواشی دەستێکی بۆ چاویلکەکەی برد و لە سەر لووتی بڕێک شوێن گۆڕکێی پیٚ کرد و بە بزەیەکەوە گوتی: دەی فەرموو چ کارێکت هەبوو؟
گوتی: مام حەقی لە قاتی سەریٚ، ماڵی بیست و سیٚ کێی تێدایە؟
حەقی گوتی: چی بووە؟
گوتی: حەز دەکەم بیانناسم، وابزانم ئەوانیش ئێرانین.
بزەکەی حەقی بە لێوییەوە ویشک بوو و کەوتە خواریٚ. ئەو بەربوونەوەی بزەکەی بینی و تا کەوتە سەر کاشییەکان و وردوخاش بوو سەیری کرد. پاشان چاوی هەڵێنا وهەوڵیدا سەیری نێو چاوەکانی حەقی پیرە پیاو بکات، بەڵام تەنیا تیشکدانەوەی تلویزیۆنەکەی بینی. بیٚ دەنگییەکی ناخۆش بە سەر ژوورەکەدا زاڵ ببوو. لە قەستی کۆخی و جووڵەیەکی بە کورسییەکەی کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەقی گوتی: سەبارەت بەمماڵە چی دەزانی؟
ترسێک خزایە نێو ڕوحییەوە. هەستی کرد حەقی دەتوانێ گرفتێکی بۆ دروست بکات. بە ترسەوە گوتی: هیچ نازانم، تەنیا دەزانم گیتارژەنە و وەک من ئێرانییە. حەزم کرد بیانناسم. تا ئێستا دوو جار چوومەتە بەر دەرکەیان و لە دەرکەم داوە. بەڵام دەڵێی لە ماڵ نین.
حەقی گوتی: دەرکەت لێ ناکەنەوە؟
گوتی: نا.
حەقی بە نووکی کەوشەکانی شەقێکی لە لەتووکوتی بزەکەیدا و گوتی: ئەوان لە مێژە دەرکە لە کەس ناکەنەوە.

٤

حەقی گوتی: تۆ لێیان تێدەگەی؟ گوتی: بەڵێ. دەستی بۆ گیرفانی برد و موبایلێکی نوکیای کۆنی دەرهێنا و ژمارەیەکی گرت و بە گوێیەوەی نووساند. پاش کەمێک گوتی: عوسمان خێرا خۆت بگەیەنە ئێرە لەوانەیە ئەمشەو بتوانین کێشەی خانووەکەت چارەسەر بکەین.
ئەوگەرووی ویشک ببوو. هەستێکی ناخۆشی بۆ دروست ببوو. بە منگە منگەوە گوتی: من خۆم ناخەمە کێشەی نێوان ئێوە و ئەوانەوە. حەقی هەستا سەر پێ و لامپەکەی هەڵکرد و کورسییەکەی بە کورسییەکەوەی نووساند و بە دەنگێکی هێواش گوتی: پەلە مەکە.
ئەو گوتی: باسی پەلە کردن نییە، من نامەوێ کێشەم بۆ دروست بێ. حەقی گوتی: تۆ لە مێژە کێشەت بۆ دروست بووە، تۆی ئێرانی کێشەت نەبێ لە تورکیە چی دەکەی؟
ئەوگوتی: بەڵام ئەوە کێشەیەکی تاکەکەسییە، من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدیوو و نەناسیوو خۆم لە کێشەی کابرا هەڵناقورتێنم.
حەقی بڕێک هەستی تووڕەیی بەسەریدا زاڵ ببوو، بەڵام دانی بە جەرگیدا نا و بێ دەنگ چاوی تێبڕی. چەند چرکە دەمی کردەوە قسەیەک بکات، بەڵام پەشیمان بووەوە. ویستی دەنگەکە قووت بدا، بەڵام چەند وشەیەک لە نێوان ددانەکانی خۆیان کێشا دەرێ و بازیاندا خوارێ. ئەو دیتی. وشەکان هەرپەلە مەکە بوون. بەربوونەوە سەر عەرزی و بە خێرایی بەرەو ئەو دەستیان بە ڕاکردن کرد. کە دەنگی دەرکە هات. حەقی پێش ئەوەی بچێ دەرکە بکاتەوە. بە پانییەی پێی لاقی لەسەر وشەکان دانا و وەک قالونچە بکوژێ پانی کردنەوە و پاشان بەرەو دەرکەکە چوو.
عوسمان کە هاتە ژوورێ. ئەو پیاوێکی پیری سوورکارەی باڵابەرزی کوێرە مووشەی بینی کە دەستی بۆ ڕاداشت و گوتی: عوسمانم.
بە بێ تاقەتییەوە تۆقەی لە گەڵ کرد و گوتی: سامڕانم. عوسمان بۆ ئەوەی باشتر تێبگات، دەستی بردە پشتی گوێچکەی و گوتی: کامڕان؟ گوتی: نا سامڕان. عوسمان دیسان گوتی: گوتت کامڕان؟ ئەو لە ناچاری گوتی: ئا کامڕان.
عوسمان کە دانیشت گۆچانەکەی لە نێوان لاقەکانیدا ڕاگرت و هەردوو بەری دەستی لە سەر قەفی گۆچانەکە دانا و گوتی: بە خێرهاتی کامڕان.

٥

دەنگی پیرانەی عوسمان ئەوی سڕ کردبوو. پاش ماوەیەک گوتی: سوپاس. عوسمان گوتی: کامڕان خەڵکی کوێی؟
ئەو بێ سێ و دوو کردن گوتی: ئێ ێرانیم. گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فارسی، عەرەبی، تورکی؟
گوتی: فارسم.
گوتی: هەتیوو بۆ درۆ دەکەی؟ ئەو ژن و مێردە کوردن، یان لێیان تێناگەی، یان دەبێ تۆش کورد بی.
ئەو سوورهەڵگەڕا و سەری بەرداوە و هێواش گوتی: ترسام بڵێم کوردم. لێرە هەموو ڕقیان لە کوردە.
عوسمان هەستا سەرپێ و گوتی: دیارە هەموو نا. پێش شەڕی یەکەم نێوانمان باشتریش بوو و دۆستایەتیمان زیاتر.
سامڕان سەری هەڵێنا و سەیری کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: بە درۆتدا ڕیم تۆ پێش شەڕی یەکەم ... .
عوسمان گوتی: بەڵێ کامڕان من ئەوکات پیاوبووم. من دوایین نەوەی سیحربازەکانی کۆشکی عوسمانیم. دەزانی سیحر چییە؟
سامڕان فشەی بە قسەکانی هات و هەستا سەر پێ و گوتی: دەی شەوێکی خۆش بوو خۆشحاڵ بووم لە ناسین ...
عوسمان نەڕاندی دانیشە، من پێت دەڵێم کەنگێ بڕۆی. لە گەڵ قسەکەشی گۆچانەکەی فرێدا سەر ئەرزی. گۆچان بوو بە مارێکی ڕەش و هەشاوڵی بۆ سامڕان هێنا. سامڕان لە ترسان بەربووەوە سەر کورسییەکە و دانیشتەوە.
عوسمان کلکی مارەکەی گرت و هەڵیهێنا. مار لە دەستی هالا و سەری لە سەر مەچەکی دانا. پاشان مارەکە دەمی کردەوە و دەنگی عوسمان لە دەمی مارەکە هاتە دەرێ و گوتی: لێم پرسی دەزانی سیحر چییە؟
سامڕان ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما بوو، بە لاڵە پەتەییەوە تفی نێو زاری قووتدا و گوتی: بەڵێ. مارەکە گوتی: ئەو خانووە تەلەسم کراوە. تۆ دەزانی تەلەسم چییە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتی: بەڵێ
گوتی: ئافەرم، وەرە با بچینە سەرێ. زۆر شت هەیە کە دەبێ بۆت بگێڕمەوە.
کە گەیشتنە بەردەرکەی خانووەکە، عوسمان کلیلی دەرهێنا و دەرکەکەی کردەوە و هەرسێکیان چوونە ژووری.
سامڕان بینی ئەم خانووە ڕێک دەڵێی خانووەکەی خۆیەتی. تەنیا ئەوەندە نەبێ پڕە لە کەلوپەل و زۆر ڕێکوپێکتر ڕاخستراوە. عوسمان گوتی: هەر وەک دەبینی. ئەم خانووە خانووەکی ئاساییە. تەمەنی ئەم خانووە دەگەڕێتەوە بۆ چل ساڵ لەوەپێش. چل ساڵ پێش ئێستا ئێرەم کڕییەوە. ژن و پیاوێکی جحێڵ کە پاش ئینقلابی ئێران ڕایانکردبوو وهاتبوونە ئێرە، بۆ ماوەی مانگێک ئەم خانووەم بە کرێ دانێ، بەڵام ئێستا چل ساڵە لێرەن.

٦

دەنگی عوسمان لەنێو مێشکیدا دەنگی دەداوە. چل ساڵە لێرەن. یانی چی چل ساڵە لێرەن؟ کێ وای لێ کردوون؟ باشە ئەو دەبێ چی بکات؟ بۆ بەودەڵێن؟
ڕووی کردە حەقی پیرە پیاو وگوتی: کێ وای بەسەر هێناون. حەقی ویستی دەم بکاتەوە. عوسمان بە دەستی ئاماژەی بە حەقی کرد کە بێ دەنگ بێ. پاشان گوتی: ئێمەش ئەوەمان دەوێ. ئەم خانووە لە بواری مادییەوە گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام شکاندنی ئەم تەلەسمە بۆ ئێمە گرینگە. ئێستا لەوانەیە بڵێی بۆ منیان هەڵبژاردووە؟ بەم هۆکارانە تۆمان هەڵبژاردووە. یەکەم تورکیزانی چاکی، دووەم کوردی وهاوزمانتن و سێهەم و لە هەمووشیان گرینگترئەوەیە کە گوێت لە دەنگیان دەبێ و زۆر لەوانەیە بتوانی بیانبینی و لەوانەیە بتوانی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی خەودا قسەشیان لە گەڵ بکەی. تێگەیشتی؟ لەو چل ساڵەدا زۆر کەسمان هێنا، بەڵام بەداخەوە، یان کورد بوون، بەڵام گوێیان لەوان نەدەبوو، یان تورک بوون و گوێیان لەوان دەبوو، بەڵام کوردییان نەدەزانی، یان کورد بوون و گوێیان لەوان دەبوو، بەڵام تورکیزان نەبوون. تۆ هەموو مەرجەکانت تێدایە.

سامڕان بە دردۆنگییەوە گوتی: ئەگەر نەیکەم چی دەبێ؟ ، یان ئەگەر بیکەم چی بە من دەبڕێت؟

عوسمان گوتی: ئەگەر نەیکەی تەحویلی پولیست دەدەین ودەڵێین ئەوە پێ کاکایە، بەڵام ئەگەر بیکەی تا لە تورکیەی ژیانت دابین دەکەین و کرێ خانووجلوبەرگ و خوردوخۆراکت لە سەر ئێمەیە.

سامڕان گوتی: باشە من دەبێ چی بکەم؟

عوسمان گوتی: تا کۆتایی ئەم باسە دەبێ لەم خانووەدا بژی. بە ڕۆژو بە شەودەیانبینی و ئاگات لەوانە. لە کاتی خەویشدا دەتوانی قسەیان لە گەڵ بکەی. ئەوەی بە چاو دەیبینی. ژیانی ئەم مانگەیانە کە چل ساڵ لەوە پێش لێرە بوویانە. ئەم مانگەیان دووپات دەبێتەوە. لە ساڵدا دوازدە جار دەتوانی ئەم مانگەیان ببینی، بەڵام لە خەودا تۆ ئازادی و شتی نوێ دەبینی. ئێمە شتە نوێیەکانمان دەوێ.

## ٧

سامڕان حەپەساو لە دارودیواروعوسمان و حەقی دەڕوانی و بڕوای بە ڕووداني وەها بەسەرهاتێک نەدەکرد. ئەگەربوونە ماری گۆچانەکەی بە چاوی خۆی نەبینیبوایە بێ دوو دڵی بە تاوانی گاڵتە پێکردن شکایەتی لێ دەکردن. هەموو وزەی خۆی لە لێویدا کۆ کردەوە و ڕووی لە حەقی کرد و گوتی: یانی ئەوانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زینـدوون؟

حەقی پێکەنی و گوتی: نا نەماون، هەر ئەو ساڵە لەم ژوورەدا بە چەقۆ لەتوپەتیان کردن. گۆڕەکەشیان لێرەیە. سبەی پێت خۆش بوو بچۆ بیانبینەوە، فەریبا و حەسەن. قەتیش دەرنەکەوت کێ کوشتوونی.

فەریبا وحەسەن. سامران چەند جاری ناوەکان دووپات کردەوە. عوسمان گوتی: کەی دێیە ئێرە؟ گوتی: سبەی دێم. دەبێ کەلوپەلەکانم کۆ بکەمەوە و بیانهێنم. عوسمان کلیلێکی بۆ فرێدا و ئەو لە حەوا گرتییەوە.

هەستی دەکردهەستی سەبارەت بەوان گۆڕاوە، یان لەوانەیە مێشکی تێکەڵی کردووە. سەدان پرسیار هورووژمیان بۆ هێناوە. ب اشە ئەوانە بۆ هاتوونەتە ئێرە؟ کێ کوشتوونی؟ ئەی بۆ ڕوحیان نەگەیشتووە بە ئاسوودەیی و ئاوا سەرگەردانن؟

کە گەڕاوە ماڵەکەی خۆی، چووە ژووری خەوەکەی و سەری بە دیوارەکەوە نا. خەمێکی قووڵ دایگرتبوو. خەمی فەریبا و حەسەنێک کە نازانێ کێن وچیان بەسەرهاتووە. خەمی گەلێکی پەرتەوازە و بێ خاوەن گەرووی دەکوشی.

حەسەن دەستی دابۆوە گیتارەکەی و گۆرانییەکی دەست پێکردبوو. ئەو فرمێسکێک هێواش بە گۆنایدا تکا خوارێ و کەوتە سەرڕانی. فەریبا گۆرانییەکەی لە گەڵ حەسەن دەگوتەوە. سامران گریانێکی چل ساڵە یەخەی گرتبوو. شینێک بۆ کوردێکی گۆڕغەریب.

سبەی کە چووە قەبرستانی کۆنی شار و گۆڕەکەیانی دیتەوە. هیچ گۆڕانکارییەک بەسەرهەستی شەوی ڕابردوویدا نەهاتبوو. ڕێک وایدەزانی هاتووەتە سەر قەبری خزمێکی خۆی. مات و بێ دەنگ لە پەنا گۆڕەکان ڕاوەستابوو و لە خەیاڵ ڕۆچوو بوو. جوانتر کە چاوی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆڕەکان کرد. خۆی بینی لە ناو گۆڕەکەدا ڕاکشاوە. هێواش لە پەنا گۆڕی حەسەن چۆکی دادا وڕاکشا. هەستی چارەنووسێکی هاوبەش تووشی چەقووچۆ و لەرزو نۆبەتی کردبوو. سەرمایەک جەستەی داگرتبوو. دەستی درێژ کرد و گۆڕەکەی حەسەنی لە باوەش کرد.

٨

ژنێک گوتی: کاک سامڕان هەڵناستی؟ ئەو چاوی هەڵێنا. کەسی نەبینی. گۆڕستانێکی کۆنی تەریک و دوو گۆڕی بێ نازوئەو. هەستا سەرپێ و خۆی تەکاند.
لە پارکی تەنیشت گۆڕستانەکە کوڕوکچێکی گەنج لە سەرکورسییەک دانیشتبوون و دەمیان لە ناو دەمی یەکترنابوو. هەوڵیدا بێ ئەوەی زەق زەق سەیریان بکات. بە تەنیشتیان دا تێپەڕێ. مەلی خەیاڵی دیسان فڕی و تەنیا جەستەی بوو کە لەوێ بوو. هێشتا نەگەیشتبووە پارکەکە دیتی کچەکە چووە سەر جۆلانەکە دانیشت و کوڕەکە پاڵی پێوە نا. دەنگی قاقا و پێکەنینیان لە پەنا بێ دەنگی گۆڕستانەکە دیمەنێکی ناخۆشی بۆ سامڕان دروست کردبوو.
کە گەیشتە حاندیان، بە لاچاوێک سەیری کردن. کوڕە هاوتەمەنی خۆی بوو و کچەش منداڵکارە دیار بوو.
سامڕان، تەنانەت بە خەیاڵیش نەیدەتوانی خۆی لە جیاتی کوڕە دانێ و بیر لە دڵداری بکاتەوە. بە قەستی لە ڕێ لایدا و بڕێک ڕێگاکەی لەوان دوور خستەوە، بەڵام بیستنی وشەی توند توند دەی، لە زاری کچە بووە هۆی ئەوەی زیاتریان سەرنج بداتێ و لێیان ورد بێتەوە.
کوڕە پاڵتۆیێکی درێژی خۆڵەمێشی و شاڕواڵێکی دەمپیا گوشادی لەبەر دابوو. کچەکەش شاڕواڵێکی زەرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کۆتێکی لی. مۆدی قژ و جلوبەرگیان و کوردی قسە کردنیان، سامرانیان ناچار کرد لێیان نزیک بێتەوە و لە پەنا دیواری پارک حەپەساو لێیان بڕوانێت.

کچەکە گوتی: حەسەن بەسە دادەبەزم. حەسەن قاقا پێکەنی و هەروا پاڵی پێوەدەنا. سامران چەند جار چاوی هەڵگلۆفی تا دڵنیا بووەوەکە خەیاڵ نییە وڕاستین.

بە ترسەوە چەند هەنگاویتری هەڵێناوە و بەرەو دەرکەی پارکەکە وەڕێ کەوت و لە دەرکەکە چووە ژووری. کە چووە ژووری کەسی لە پارکەکەدا نەبینی.

جۆلانێکە هەروا دەجوولاوە. قشقەڕەیەک لە سەر دارێکی نێو پارکەکە دەستی بە قارە قار کرد. سامران بە خۆفەوە چاوی بە نێو پارکەدا گێڕا و بە پەلە لەوێ هاتەدەری.

## ٩

کە هاتەوە ژووری، چاوەڕێ بوو فەریبا وحەسەن لە ژووری ببینێت، بەلام وانەبوو. هەر بۆ خۆی بوو. ئەو شەوە نە دەنگی گیتاری بیست و نە کەسی بینی. خەوی زڕا بوو. لە نەهاتن و نەدیتنیان نیگەران بوو. کاتژمێر سێی شەوێ بیر بۆ ئەوە چوو کە لەوانەیە دڵیان لێی هێشابێ. ئەوێک کە چەندە تامەزرۆ بوو لە گەڵیان ئاشنا بێ و بیانبێنێ، ئەوێک کە ماڵەماڵی کرد و پرسیاری لە خەڵکی دەکرد بۆ ئەوەی بیانناسێ، ئەوێک کە هەستابوو چووبووە سەر گۆڕەکەیان و بۆ بێکەسیان گریا بوو و باوەشی بە گۆڕیاندا کردبوو و لە خەفەتان لەوێ خەوێ لێ کەوتبوو ... . حەق وابوو کە ئەوانی بینی بترسێ و هەڵلەرزێ و بە غاردان لێیان دوور کەوێتەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەبیری هاتەوە کە هاتبووە ژووری تا چەند کاتژمێر بە ترسەوە چاوی بە دارودیواردا گێڕابوو، تەنانەت زۆر گەمژانە نێو بەفرگەکە و دۆڵابەکانیشی سەیر کردبوو.
بۆ خۆی گوت ئەگەرهێندە دەترسای بۆ ماڵەکەت دەگواستەوە؟ بۆ وەک تورکەکان کە گوێیان لە دەنگی گیتارەکە دەبێ، خانووەکەت چۆڵ نەدەکرد؟ باشە جیاوازی تۆ و ئەوان ئەگەر لە کرداردا نەبێ لە چیدایە؟
خەم و شەرمی ترسێکی بێ مانا شلیان کرد و وردە وردە چاوەکانی قورس بوون و کاتژمێر چواری بەیانی خەوی لێ کەوت. لە خەودا بینی، حەسەن ڕووبەرووی ڕاوەستاوە. دەستی بۆ تۆقە درێژ کردووە و بە پێکەنینەوە دەڵێ: خراپمان دەست پێکرد. وەرە با لە سەرڕاوە لە گەڵ یەکتر ئاشنا بینەوە. من حەسەنم. وەردەسووڕێ و بە قامک ئاماژەی بە فەریبا دەکات ودەڵێ : ئەوەش فەریبای هاوسەرمە. فەریبا لەو کاتەدا خەریک بوو بە ئارامی بیرەیەکی قووتووی دەکردە نێو پەرداخێکەوە. سەری هەڵێنا وگوتی: سڵاو سامران خۆشحاڵم بە ناسینت. حەسەن گوتی: ئێمە بۆکانین و وەک بزانم هاوشاریتین.

## ١٠

سامران بەیانی کە لە خەو هەستا، هێشتاش بۆنی بیرەکەی فەریبای بۆ دەهات. لە نێو جێگادا دەستەکانی درێژکرد و خۆی کێشاوە و باوێشکێکیدا. چاوی لە میچەکە بڕی. هەستی بە شەکەتی دەکرد و پێی خۆش بوو کەمێکی دیکە بخەوێتەوە، بەڵام بە دەنگی فەریبا ڕاچڵەکی. فەریبا گوتی: حەسەن خێراکە دەبێ بچینە پۆلیس. سامران ئەنیشکی لە سەردۆشەگەکەدادا و لە سەر تەنیشت پاڵ کەوت و سەیری کردن. سفرەیەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاخسترابوو. هەردووکیان دیار بوو نانی بەیانیان خواردبوو وئامادەی ڕۆیشتنە دەرێ بوون. سامران زانی ئەگەر بیەوێ لە گەڵیان وەدەرکەوێ دەبێ پەلە بکات.
بە پەلە ئاوێکی بە دەموچاوی داکرد و لە سەر سفرەکەیان دانیشت. دەستی بۆ نان برد و ویستی بابۆڵە پەنیر دروست بکات، بەڵام دەستی هەروا لە هەوادا ماوە. دەستی بە سفرەکەدا گێڕا. بۆی دەرکەوت ناتوانێ دەست لە هیچ شتێک بدات. ئەوە سفرەی ئەو نەبوو. ئەوە سفرەی چل ساڵ لەوەپێشی حەسەن و فەریبا بوو. بە حەسرەتەوە چاوێکی بە سفرەکەدا گێڕا. نان و پەنیر و کەرە و هەنگوین دانرابوو. لەبرسان قوورەی زگی هات. لارە مل هەستا و چوو دەرکەی بەفرگرەکەی کردەوە. بەفرگرەکەش پڕ بوو لە خواردن، بەڵام هەمووی هی ئەوان بوو. تەنیا ئەکمەکێکی کۆن هی ئەو بوو دەستی برد وهێنایە دەرێ ولەسەر کورسییەک دانیشت وبە بێ مەیلییەوە بۆ زاری برد. حەسەن ڕێک هات و لەسەر ئەو دانیشت.
بە ترس و سەرسووڕمانەوە هەستا سەرپێ. حەسەن لەسەر کۆشی ئەو دانیشتبوو. سامران بەو تێکەڵ بوونەی ژیانی خۆی و ژیانی چل ساڵ لەوەپێشی ئەم ژن و مێردە زۆر ڕازی نەبوو. حەسەن خەریکی گۆرەوی لە پێ کردن بوو. سامران گوتی: کاک حەسەن دەچن بۆ پۆلیس؟
حەسەن گوێی لە دەنگی سامران نەبوو. فەریبا گوتی: حەسەن چی بۆ پۆلیسەکان بگێڕینەوە؟ حەسەن گوتی: دیسان دەیڵێمەوە لە بیرت بێ ئێمە کورد نین و فارسین ومن داوای تۆم کردووە و بنەماڵەکەت بەم مەسەڵەتە ڕازی نەبوون و ویستوویانە بمکوژن، ناچارتۆم هەڵگرتووە و هەڵاتووین وهاتووین بۆ ئێرە. لە ئەوەندە زیاتر ناڵێین. سامران گوتی: یانی کاک حەسەن ژیاننامەکەتان ئاوایە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر وایە بە دەستی بنەماڵەی خەزوورت کوژراون وئا.
فەریبا گوتی: ئەی ئەو قسانەی بۆ یوئێنمان کرد چی؟ سامڕان گوتی: بۆ چیتان بە یوئێن گوتووە؟ حەسەن گوتی: یوئێن وپولیس جیاوازن نیگەران مەبە. یوئێن قسەکانمان نادات بە پۆلیس. سامڕان بە زاری پڕ لە ئەکمەکەوە بە بڵمە بڵمەوە گوتی: دەی بڵێن بزانم چیتان بە یوئێن گوتووە؟ لەپڕ بینی ئەوان خەریکن پێڵاوەکانیان لە پێ دەکەن و لە دەرکە دەچنە دەرێ. بە پەلە پارووەکەی قووتدا و گوتی: ئەوە هاتم بە جێم مەهێڵن منیش دێم، بەڵام ئەوان ڕۆیشتن. بەهەڵاتن چوو بۆ لای جلەکانی. جلەکانی حەسەنیش لەوێ بوون. شارواڵێکی زۆر جوان لەوێ هەڵواسرابوو. سامڕان بە گاڵتەوە گوتی: قسەی خۆمان بێ کاک حەسەن وەزعی تۆ زۆر لە من باشتر بووە. دیسان ویستی دەستێک بە شارواڵەکە دابێنێ. دەستی لە هەوادا بە بۆشی هاتە خوارێ.
بە پەلە جلەکانی گۆڕی و لە دەرکە وەدەرکەوت و وەداویان کەوت. شەقامەکە چۆڵ بوو، تەنیا پیرێژنێک لە پێش ئەوەوە دەڕۆیشت. ئەوان لە نزیک پارکی ئیسفەندیار بەی دەڕۆیشتن. سامڕان نەڕاندی: ڕاوەستن ئەوە هاتم. پیرێژن بە نەڕەی سامڕان خوودارب‌وو. ڕاوەستا و ئاوڕی داوە و سامڕانی بینی بەرەو هیچ هەڵدێ و بە زمانێکی نەناسراو قسەیەک دووپات دەکاتەوە. لە بن خۆیەوە گوتی: پیس یابانجی.

## ١١

ئێستا سامڕان دەزانێ تەنیا لە چوارچێوەی ئەم ماڵەدا حەسەن و فەریبا چیرۆکێکی نەپساوەن. ئەو بە درێژایی ڕۆژ لە نێو کاستامۆنۆدا لەوان گەڕابوو. چەند جار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چووبــووه دائیــرەی پۆلیــس و هەوڵیــدا بــوو بیانبینێتــەوه. ئێــوارێ مانــدوو لــەو هەمــوو نامرادییــه هاتــەوه ماڵــێ. کــه دەرکــەی کــردەوه، فەریبــا دەســتی درێــژ کــرد و ویســتی شــتێک لــه دەســتی وەربگــرێ. ئــەو دەیزانــی هیچــی بــه دەســتەوه نییــه، تەنانــەت ئەگەربــه دەستەوەشــی بوایــه نــه فەریبا دەیتوانی لێی وەربگرێ و نه ئەو دەیتوانی بیداتێ.
سامڕان دەستەکانی حەسەنی بینی که عەلاگەیەکی پڕ لــه مەشــرووبی دایــه دەســتی. حەســەن لــه گــەڵ ئەوهاتــه ژووری و له گەڵ فەریبا چوونه ناو مەتبەخەکەوه. فەریبا بوتڵەکانی ناوعەلاگەکەی لە سەر مێزی چێشتخانەکە ڕیـز کـرد. شـەش بیـرەی شووشـه و چارەگێـک ویسـکی. حەســەن لــه پشــتەوه فەریبــای لــه بــاوەش کــرد. ســامڕان گوتـی: نا تۆ خودا ئیدی من با ئەوانه نەبینم، گوناحـم.
حەســەن دەســتەکانی لــه نێوقــەدی فەریبــا ئاڵانــد و تونــد بــه خۆیــەوه گوشــی. فەریبــا بــه هێواشــی ملــی وەرســووڕاند و گوتــی: مەشــرووب بخۆینــەوه، یــان؟
سامڕان گوتی: یان چی باوکەنەرۆ؟
حەسـەن پێکەنـی وگوتـی: بـه یـادی مەیخانەکـەی نەغدالـی.
سامران گوتی: نەغدالی؟
فەریبا کورسییەکی کێشا بن خۆی و دانیشت و دەستی برد و دوو بیرەی هێنا پێش خۆی و بە نازێکـەوه گوتـی: کـەرەم کـه.
سـامران هەرلـەوێ بـه جێـی هێشـتن و چـووه ژووری خەوەکـەی وراکشـا. ئەوەیکـه بخـەوێ و دیسـان خـەون بەوانـەوه ببینـێ هەسـتێکی ناخۆشـی بـۆ دروسـت کردبـوو. بـه پەلەهەسـتا سـەرپێ و لـه ماڵـێ هاتـه دەرێ و چـوو لـه دەرکـەی ماڵـی حەقـی پیـره پیاویـدا.
دڵنیـا نەبـوو کـه چـی دەویسـت. لەوانەیـه بـه حەقـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتبوایە ماندوو بووم. یان لەوانەیە بیگوتبوایە ئەم شەو دێمە لای تۆ دەخەوم با خەونیان پێوە نەبینم، یان لەوانەیە ... حەقی دەرکەی لێ نەکردەوە و ئەویش خۆشحاڵ لەوەی کە حەقی لە ماڵ نییە گەڕاوە ماڵێ. دەنگی حەسەن و گیتارەکەی لەبەردەرکە سڕی کرد. ئەوە یەکەم جارە دەتوانێ حەسەن لە کاتی گیتارژەنیندا ببینێت. هێواش وەک ئەوەی ئەوان گوێیان لە دەرکە کردنەوەکەی ئەو دەبێ دەرکەی کردەوە و هاتە ژوورێ. حەسەن لە گەڵ گیتارەکە گوتی:

جا خودا هەڵدەگرێ
غەرقم کەی لە خەم
مەیلم بدەیە
یان زۆر و یان کەم

سامران چاوی لە چاوەکانی فەریبا کرد. فەریبا نووقمی دەنگ و ڕوخساری حەسەن ببوو. سامران دەریایەک خۆشەویستی دەبینی کە شەپۆل لێدەدا. هەر وا بە پێوە شانی بە دەرکەی چێشتخانەکەوە نووساند و تێکەڵ دەنگە ئاسمانییەکەی حەسەن بووەوە. حەسەن گۆرانی بۆ فەریبا دەگوت و فەریبا لە خۆشیان نەک تەنیا لێوی چاوەکانیشی پێدەکەنی. حەسەن گیتارەکەی کە دانا، فەریبا وسامران پێکەوە چەپڵەیان بۆ لێدا. فەریبا گوتی: حەسەن یەکەم جار دەزانی لە کوێ گوێم لەو گۆرانییەت بوو؟

حەسەن گوتی: لە سینەما سەعدی، لە نێو شانۆدا؟

فەریبا لێوەکانی کۆکردەوە وگوتی: نۆچ

حەسەن گوتی: لە باخی قازی؟

فەریبا پێکەنی گوتی: لە داوێنی ناڵەشکینە بووین. ڕۆژی بارانە توندەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن قاقای کێشا وسامران ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: ئێستا ئەویٚ هەمووی بووەتە خانوو.

## ١٢

خوێنەری هێژا، بە هۆکارگەلێکی نەخوازراو ناچارم لە نووسینی زنجیرە چیرۆکی گیتارژەن دووربکەومەوە. ئێستا کە دەمەویٚ درێژەی پیٚ بدەم دەبینم هیچ لەو دۆخی نووسینەدا نەماوم کە بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە پێویستمە، بۆیە بەشی یازدە، بەشی کۆتایی ئەم زنجیرەیەیە. لەوانەیە زنجیرە چیرۆکنووسین لەم قۆناغەی ژیانمدا کە لە تورکیە وەک پەنابەرێکی سەرگەردان دەژیم هەڵە بیٚ، چونکە نووسین کاتێکی زۆر و دۆخێکی ئارام و لەشێکی ساغ و هزرێکی ئاواڵەی دەویٚ و من نیمە. هیوام سلامەتیتانە و دیسان داوای لێبوردن دەکەم.
خەبات ڕەسووڵی.

## ١٣

ئێواریٚ کاک قادرتەلەفوونی بۆ کردم و گوتی: لە ماڵێی نانم بۆ هێناوی؟ گوتی: دوو خولەکی دیکە لەبەردەرکەم. لەو دوو خولەکەدا خێرا بیست لیرەم لە گیرفانم دەرهێنا و چوومە ئاودەست میزم کرد و کەوشەکانم لە پیٚ کرد و ڕۆیشتم لەبەر دەرکە ڕاوەستام. ماڵی کاک قادر ئاوەدان بیٚ، خۆ نانی ئێرە ناخوریٚ، باشە لانیکەم ئەوان نان دەکەن و پەنابەرەکانیان حەساندووەتەوە. لەبەردەرکە چاوەڕێی کاک قادر مامەوە. لەدوورەوە پیاوێکی پیرم لە تاریکییەکدا بینی هێواش هێواش بەرەو من دەهاتە پێشیٚ. زەینم دایە لە پشتەوە شتێکی ڕادەکێشا. کاک قادر بوو.
لە دەستی ئەوبەری کۆڵانەکە ژن و پیاوێک قۆڵیان لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قۆڵی یەک نابوو و دەڕۆیشتن. کە گەیشتنە بەرانبەرم لە بەرڕووناکی گڵۆپەکە دەموچاویانم بینی. پیاوەکە تەواو وەرسووڕا و سەیری کردم. وەک بەرق گرتبێتمی مووچورکێکم پێدا هات. ناسیمەوە. بۆ خۆیان بوون. ڕێک پیاوەکە پاڵتۆیێکی درێژی خۆڵەمێشی و شاروالێکی دەمپیا گوشادی لەبەر دابوو وکچەکەش شاروالێکی زەرد و کۆتێکی لی.

ئارەقەیەکی سارد بە نێودەفی پشتمدا هاتە خوارێ. کاک قادر گەیشتبووە بەرانبەرم و سلاوی کرد بوو و دەستی بۆ تۆقە درێژ کردبوو ومن ئاگام لێ نەببوو. کاک قادر شانی گرتبووم و ڕایوەشاندبووم. تازە چاوم لە سەر ژن و پیاوەکە لاچوو و وەهۆش هاتمەوە. کاک قادر گوتی: چی بووە کاک خەبات بۆ وا دەلەرزی؟

هەوڵمدا هەمووشتێک ئاسایی بنوێنم وگوتم: هیچ نەبووە کاکە گیان سپاس بۆ ئێوە. ن ایلۆنی نانەکەم لە دەست وەرگرت و بیست لیرەکەم دادەستی و هاتمەوە ژوورێ و خێرا دەرکەم پێوەدا.

بە تەقەی دەرکەکە گەلاوێژ بە هەڵەداوان هات و گوتی: چی بووە بۆ ئاوا توند دەرکەت پێوەدا ماڵت نەشێوێ خۆ نێوکم کەوت. دەڵێی لە شتێک هەڵدەیی. ئەی ڕەنگ و ڕووت بۆ ئاوایە؟ چی بووە؟ لە چی ترساوی؟ ب ۆ وای؟

بە لالە پەتە گوتم: قسەیەکت پێ دەڵێم هەرچەند لەوانەیە بڕواش نەکەی، بەڵام ئێستا حەسەن و فەریبام دی.

## ١٤-١٥

گەلاوێژ گوتی: ئەوانە کێن؟ گوتم: هیچ لێیان گەڕێ. خەریک بوو کەوشەکانم دادەکەند لە زەنگی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرکەیاندا. بە ناچاری دیسان کەوشەکانم لە پێکردەوە و بە پلیکانەکاندا هاتمە خوارێ و دەرکەم کردەوە. حەسەن بوو. باڵابەرز و قیت ڕووبەڕووم ڕاوەستابوو. گوتی: پێم وابێ پێویست بە خۆناساندنم ناکات. دەمم ببوو بە تەڵەی تۆقیوو و حەپەساو لێم دەڕوانی. لە وەڵامیدا بە نیشانەی سەلماندن سەرێکم ڕاوەشاند. یەکەم جار بوو لە ژیانمدا کارەکتەرێکی نێو چیرۆک زەق و زیندوو لە پێشم ڕاوەستا بوو و قسەی بۆ دەکردم. گوتی: هاتووین ... بێ دەنگ بوو و ڕووی بۆ لای ڕاستی وەرسووڕاند. بۆ ئەوەی تێبگەم کە فەریباشی لەگەڵە بەسەر ئەوی نیشاندام. دیسان دووپاتی کردەوە هاتووین ... . هاتووین داوات لێ بکەین درێژە بە بەسەرهاتەکەمان بدەی. ماوەیەک گێژ گێژ هەروا سەیرم دەکرد. تا وەبیرم هاتەوە دەبێ قسەیەک بکەم. گوتم: کاک حەسەن گیان بە بینینت زۆر خۆشحاڵم و ڕێزم بۆ جەنابت هەیە، بەڵام من ئێستا لە تورکیە پەنابەرم. نزیک پێنج ساڵە بەخۆم و بنەماڵەوە لێرە گیرمان کردووە و دەراوێکی ڕوون بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە بەدی ناکەین. لەباری ڕوحییەوە ئامادەیم نییە درێژە بەم بەسەرهاتە بدەم و داوای لێبوردنت لێ دەکەم. دواتر من نزیک مانگێکە نەخۆشم و لە جێدا کەوتووم و هیچم نەنووسیوە، بۆیە بۆم زۆرزەحمەتە بێمەوە سەرئەم چیرۆکە و درێژەی پێ بدەم. گوتی: تکایە دەست پێ بکەوە. لەوانەیە بۆ تۆ تەنیا چیرۆکێک بێت، بەڵام بۆ ئێمە دووبارە ژیانەوە و زیندووبوونەوەیە. گوتم: عەرزم کردی داوای لێبوردنت لێ دەکەم. ببوورە من کارم هەیە و دەبێ بڕۆم. پاشان دەرکەم داخست. پێش ئەوەی دەرکەکە بە تەواوی دابخەم، لاقی وەبەر دەرکەکەدا و نەیهێشت دایخەم. دەرکەکەم کردەوە و گوتم: کاکی خۆم بەم کارانە خۆت ناشیرین مەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆ نووسین هەروا ئاسان نییە. دەست لە یەخەم بەردە و وازم لێ بێنە. کەچی پاڵێکی توندی بە دەرکەکەوە نا. دەرکە ئاسنەکە بە سینگم دادراو و بە دیوارەکەیدا دام. تووڕەیی و ترس بەسەرمدا زاڵ بوو. ئەویش وەک دوایین هەوڵ و تەقەڵلا دەنگی هەڵێنا و گوتی: پێت وانەبێ دنیا بەکەیفی خۆتە و دەتوانی هەرکات پێت خۆش بوو بنووسی و هەرکات پێت خۆش نەبوو قەڵەم دانێی. ئیزنت پێ نادەم بە جێمان بێڵی، یان درێژەی پێ دەدەی، یان ژیانت دەشێوێنم.

ئێشێکی سەیر لە مۆغەرەی پشتم چەقیبوو. بۆ چەند چرکە نەمدەزانی دەبێ چ بکەم و چی بڵێم. مێشکم قفڵ ببوو. بەڵام هەرچۆنێک بێ خۆم کۆ کردەوە و نووکە شەقێکم لە لاقیدا و لاقیم لە پێش دەرکەکە لابرد و دەرکەم داخست و هاتمەوە ژووری.

لە گەڵ گەیشتنەوە ژوورێم، شووشەی نێوەڕاستی ژووری دانیشتن خرمەی کرد وهاتە خوارێ. خودا ڕەحمی کرد، شەوە و پەردەمان داداوەتەوە و پەردەکە نەیهێشت شووشەکان زۆربڵاو بنەوە. باش بوو هیچمان لەو نزیکانە نەبووین، دەنا زۆر پیس بریندار دەبووین. هەرسێکمان بۆ چەند چرکە حەپەساو سەیری ئەم دیمەنەمان کرد. چەند چرکەیەکی پێ چوو تا تێگەیشتم چ باسە. بە پەلە بە پەنا شووشەکاندا خۆم گەیاندە پەردەکە و لامدا. سەرما وەک گورگ خۆی بە ژوورێدا کرد. سەرم لە چوارچێوەی پەنجەرە شکاوەکەوە بردە دەرێ و سەیری دەرێم کرد.

لەسەری کۆڵانەکە ڕاوەستا بوو. ژنەکەشی لە پەنای بوو. بێ ئەوەی بە ویستی خۆم بێ نەڕاندم گەوادددد. پاشان سەرم هێناوە ژوورێ. گەلاوێژ گوتی: ئەوە جنێوت بە کێدا؟ کێ بوو وای کرد؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتم: نازانم، نازانم نا. ئارتین گوتی: بابە. لە گەڵ گوتنەکەشی دەستی بۆ لام ڕاداشت. کاغەزێکی گلۆڵەکراوی بە دەستەوە بوو. لێم وەرگرت. دیار بوو بەردەکەیان لەو کاغەزە پێچابوو. کاغەزەکەم کردەوە. بە خەتێکی خۆش نووسرابوو.

(تۆ ناتوانی هەروا بە سانایی چیرۆکی من ڕابگری. یان دەست بە نووسین دەکەیەوە، یان ژیانت لێ حەرام دەکەم. سبەی کاتژمێر یازدە لە ڕێستۆرانی جان ئۆغلوو لە پارکی کیشلای چاوەڕێتم. ئەگەر بێی دادەنیشین و پێکەوە ڕێک دەکەوین. نەیەی بۆ خۆت و ژن و منداڵەکەت زەرەر دەکەن)

لە بنەوەش نووسرابوو حەسەن. ئیمزاشی کردبوو. نەڕاندم گووت خوارد. گووت خوارد. گەلاوێژ کاغەزەکەی لە دەستم ڕاپسکاند و خەریکی خوێندنەوەی بوو. سەری هەڵێنا و بە پەشۆکاوییەوە گوتی: ئەوە کێیە؟ چی لە تۆ دەوێ؟

گوتم: ئەوە پاڵەوانی چیرۆکی گیتارژەنە، بەڵام خراپی تێناوە. ئەو هەوایە نییە. بۆ خۆت دەزانی مانگێکە نەخۆشم. ناتوانم، ئێ خۆ زۆری نییە. چیرۆکێک بووە دەستم پێ کردووە و ئێستاش پێم خۆش نییە درێژەی پێ بدەم. گوو دەخوا کەڵەگایەتیم لێ دەکات. گەلاوێژ گوتی: دەی چی دەکەی؟ سبەی دەچی؟ گوتم: بۆ کوێ دەچم کچێ! شکایەتی لێ دەکەم.

گەلاوێژ لە ڕووی تووڕەییەوە قاقایەکی لێدا وگوتی: شێت بووی شکایەت لە کێ دەکەی؟ لە پاڵەوانی چیرۆک؟ هەستە ڕەق هەڵاتین بچۆ شووشەبڕێک بێنە ئەم شووشەیەی تێ بگرێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٦

ئێستا کاتژمێر نۆ وبیست و شەش خولەکە کە دەستم بەم نووسینە کردووە، ئەم شەو تا درەنگانێک خەریکی هێنانی شووشەبڕ و شووشە تێگرتنەوە و ماڵ خاوێن کردنەوە بووین. ئارتین و گەلاوێژخۆیان داپۆشیبوو وسەرمایان نەبووە، بەڵام من لەو سەرمایەدا هەرهاتووچۆم کرد و ڕاوەستام. پشتم ڕەق بووە و وادیارە سەرما لێی داوم و نەخۆش کەوتووم. شەوێ لە نێو جێگاشدا هەر بیرم لەو ڕووداوە دەکردەوە. ناکرێ ئەم ژن و مێردە ئاوا بکەن و تووشی کێشەم بکەن. سەرەتا زۆر لێیان تووڕە بووم، بەڵام ئێستا خاو بوومەتەوە و وابیر ناکەمەوە پێم وایە بە جۆرێک مافی خۆیانە. من نە دەبوایە ئاوا پشتیان تێکەم و واز لە نووسینیان بێنم. ڕاستە دەتوانم بڵێم خۆ بەکرێیان نەگرتووم و بنووسم و نەنووسم چی لە ژیانی من ناگۆڕدرێ.

بەڵام بۆ ئەوان وانییە بۆ ئەوان بوون، یان نەبوونە، پرسەکە ئەوەیە شێکسپیەر گوتەنی. ئەوان شەڕی مان و نەمان دەکەن. دەزانم دەکرا بە جۆرێکی دیکە بێنە پێشێ و ڕێگاکەیان زۆر دروست نەبووە، بەڵام کاکە ئەوانە ئەو نەوەیەن کە لە ئێران شۆڕشیان کرد. دیارە هەموو گیانیان هەیەجان وهەستە، ئێستا من هاتووم داوای ئارام بوونیان لێ دەکەم؟ منیش سەیرم ئەرێ تۆی خوێنەر دەڵێی چی؟ کاتژمێر یازدە بچم و بیانبینم؟ چیان پێ بڵێم؟ خۆش دەبوو ڕای تۆش بزانم.

١٧

کاتژمێر یازدە ئەم گێلە هات. بە ئاقڵی خۆی بۆ شەڕهاتبوو. من و فەریبا لە جان ئۆغلوو دانیشتبووین. سەرەتا خۆی لێ تورە کردین. دەستیم گرت و دامنیشاند.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتم: بە قازانجتە بێ دەنگ بی. پێم گوت: ئەوەی بە مێشکی تۆدادێ بە مێشکی منیشدا دێ. ئەوەی بیری لێ دەکەیەوە دەیزانم. ڕابردووت بە چاک و بە خراپەوە دەزانم. مات بوو. ئا ئا پێی وابوو ئەو نووسەرە و خودای منە. نەیدەزانی لە گەڵ کێ تێکەوتووە. پێم گوت: حەیات دەبەم. بە ترسەوە گوتی: چۆن؟ گوتم: پاسۆردی مۆبایلەکەت، پاسۆردی فەیسبووکەکەت وئەوەی بە خەیاڵدا نایەت دەیزانم. ئەم شەو دەچمە سەر فەیسبووکەکەت هەکت دەکەم و لە جیاتی تۆ دەنووسم. ئەو کەرە فشەی بە قسەکەم دەهات. جا ئێستا کە هەکم کردووە با هەرهەڵبەزێ. بزانم چی دەکات؟ دە هەڵیگرەوە دەی. دەمەویست زۆری ئەزیەت بکەم، فەریبا نەیهێشت هەرگوتی: گوناحە گوناحە، باشە من چیم لێت دەوێ؟ تەنیا دەمەوێ درێژەی بە چیرۆکەکەت بدەی. پێت دەڵێم تۆ من ناناسی من ئەوە نیم لە مێشکی تۆ داهەم. تۆ پێت وایە من سیاسی بووم من پێت دەڵێم من سیاسی نەبووم. گوتم: تۆ ئەو گیتارەت بە دەست منەوە بینیوە پێت وایە داخودا هونەرمەندێکی چۆنم و شاخم وا و باڵم وا. کوڕە گێلە تۆ چی دەزانی؟ وەک برایەک پێم گوت: من نهێنییەکی ون بووی نێو مێژووی کوردم. دەمی ببوو بە تەڵەی تەقیوو. گوتم: ئا بینیت تۆ هیچ نازانی. تۆ دەزانی حیزبی دێمۆکرات سەرەتای ئینقلاب لە مهاباد بانکێکی بەتاڵ کرد. دەی پارەکەی کوا؟ کێ دزی؟ نازانی کەس نازانێ، چونکە تەنیا من دەیزانم، چونکە من ئەو پارەیەم هەڵگرت. پێم گوت: وەرە درێژە بە چیرۆکەکەت بدە پێت دەڵێم پارەکان لە کوێیە. دەڵێ: دەی تۆ ئەم چیرۆکەت بۆچیە؟ یانی وەختابوو هەستم وەبەرشەقی بدەم خوێری ئاوا. فەریبا دەستی گرتم گوتی: ئارام بە من بۆی شی دەکەمەوە. بە ئارامی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتی: ئێمە کە چل ساڵ لەوە پێش هاتینە ئێرە مانگێک لێرە بووین. شەوێک لە خەودا ئێمەیان کوشت. ئێستاش نازانین بکوژەکەمان کێ بووە. بۆ ئێمەی کوشت و دەیان پرسیاری دیکە هەروا بێ وەڵام ماونەتەوە. ئەو چیرۆکەی تۆ دەتوانێ ئەو خاڵەمان بۆ ڕوون بکاتەوە. کاک نانووسەرهەستاوە دەڵێ : من نایکەم. پێم گوت: ئەم شەو لەسەردیواری فەیسبووکەکەت دەنووسم لە پێنج ساڵی لە گەڵ کچێکی جیرانی سێکسی هەبووە.

گوتی: تۆ واناکەی. پێم گوت: نەک ئەوە بەدەیان شتی تریشت دەنووسم. بە ڕقداچوو گوتی: مادام وایە پیاو نەبی چیت پێ دەکرێ، نەیکەی. ئێستا دەیەوێ بێتە سەر فەیسبووک ناتوانێ پاسۆردەکەم لێ گۆڕیوە. ئەوە ئاگام لێیەتی هەر تەلەفوون بۆ خەڵکی دەکات و داوای یارمەتیان لێ دەکات. لێرەوە دیسان پێت دەڵێم جەنابی نانووسەرئێستا دەچم هەموو بەشەکانی گیتارژەن دادەنێمەوە. خودام لەو خودایە دەستیان لێ دەدەی. وەک بەشەر دادەنیشی و درێژە بەم چیرۆکە دەدەی باشە، دەنا هەموو شەوێ دێمە سەر فەیسبووکەکەت وهەر جارەی نهێنییەکی ژیانت ئاشکرا دەکەم. تازە ئەوە لێ لێیە.

## ١٨

ڕەنگە زۆر گاڵتەجاربێتە پێش چاو کە نووسەرێک بە دەست پاڵەوانی چیرۆکەکەیەوە گیر بکات، بەڵام من بە دەست تۆوە گیرم کردووە. شەو و ڕۆژێک خەریک بووم تا توانیم بە یارمەتی هاوڕێکانم فەیسبووکەکەم لە چنگت دەربێنم. ئێستاش دەبینم لە سەر دیوارەکەم بە کەیفی خۆت هەڵیت پڵێتت نووسیوە و هەڕەشەت بۆ بە جێهێشتووم. لەوەی کە لێم بووی بە دووانە و بیر لە هەرچی بکەمەوە دەیزانی بیزار و وەڕەزم. لە ترسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی دیسان پاسۆردەکەت وەدەست نەکەوێتەوە. پاسۆردە نوێیەکە من نایزانم و تەنیا خێزانم دەیزانێ. هاتووی باسی جووتبوونی کاتی پێنج ساڵی من و کچە جیران دەکەی. بێ ئەوەی بڵێی کچە جیران حەڤدە ساڵی تەمەن بوو و منی پێنج ساڵە بوومە هۆی دامرکاندنەوەی ئاگری حەز و هەوا و هەوەسی ئەو و بۆ چەندین ساڵ خەونی ئاڵۆزی دەستدرێژی کچێکی باڵغ بە کوڕێکی منداڵی بە یادگار بۆ بەجێهێشتم. بۆ بیرەوەرییەکان وەک خۆی ناگێڕییەوە لامەسەب؟ من ناچارم بە هەموو تواناوە بێمە نێو ئەم شەڕەوە. ئێستا تەنیا شەڕی چیرۆکی مانونەمانی تۆ نییە. شەڕی مانونەمانی منیشە، چونکە بە سەدان بیرەوەری و زانیاری نێومێشکی من هەیە کە دەتوانی وەک چەکێکی کوشەندە لە دژی من بەکاری بێنی. بۆیە ئەم دنیایە، یان جێی تۆیە، یان من.

ئەوەیکە تۆم بە گوڵ گوێ بڕیی و بە دێڵ دەرچووی تاوانی من نییە. من بە تەما بووم چیرۆکی نەوەیەکی شۆڕشگێر بگێڕمەوە کە شەهید بوون و یەخسیر بوون و ئاوارە بوون و بە بێ نازی، یان لە سووچێکی دنیا دەژین و یان بە نامرادی سەریان نایەوە، کەچی تۆی دزی پارە و هونەرم لێ پەیدا بووی و هەڕەشە لە خۆم و ئابڕووم دەکەی؟

وای ناخۆی حەسەن ئەفەندی. بەو دەستانەی خۆم دەتخنکێنم و لەسەر سەفحەی ڕۆژگار مەفحت دەکەمەوە. هازا گۆ و هازا مەیدان.

## ١٩

بەناوی داهێنەری مەزن
کە سەرچاوەی ئیلهامی داهێنەرانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە خەباتی ڕەسووڵییەوە بۆ حەسەنی گیتارژەن. تۆ ئەی حەسەنی مێردی فەریبا. ئەی مەلعوون. من تۆم لە هیچەوە خوڵقاند و ناو و هونەر و ژیان و ژنم پێدای. بەڵام تۆ بە درۆ خۆت لە ئێمە کردە پیاوچاک و ساڵح و ویستت فریومان بدەی. سامرانم ناردە لات تا بتهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، بەڵام سامرانیشت گومڕا کرد و ئەویشت تووشی فەرامۆشی و فەرامۆشخانە کرد. تۆ نازانی فەرامۆشی چیە و فەرامۆشخانە کوێیە؟ فەرامۆشخانە ئەو شوێنەیە کە پاڵەوانە یاخییەکان دەبەنە ئەوێ ولەوێ بە گونمدا دەڕین و بۆ هەتا هەتایە کەس لێیان ناپرسێتەوە وناویان لە لاپەڕەی ژیان دەسڕدرێتەوە، (شتێکی وەک تاراوگەکەی خۆمان وایە بۆ ئەوەی چاکتر لێم تێبگەی هیچوپووچ). فەرامۆشخانە بێ کۆتایی قووڵە و پڕە لە هیچی و بۆشایی. لەوێ تۆ وەک ئەوەی قەت لە دایک نەبوویێتی و قەت نەژیابی دەمێنییەوە. ناتوانی بێیە دەرێ و مەحکوومی بە سڕینەوە.

حەسەنی مێردی فەریبا تۆ قوڕت بە سەر ئەم کچۆڵەیەش کرد. لە بۆکانەوە پەلکێشی تورکیەت کرد. تۆ نەبوایەی بۆ خۆی هەر لە بۆکان مێردێکی باشی دەکرد و ئێستا کۆشێک منداڵی دەبوو. ئەو داماوە بڕوای بە تۆ کرد وتۆش بەم دەردەت برد. بەردت بە شووشەی ماڵەکەی منداڵا و ژن و منداڵەکەمت ترساند و منت سەرمابردوو کرد. وای ناخۆی بە دەستمەوە ناپیاو. شەرتبێ وەها بتبەستمەوە، ئاواتی ئەوە بخوازی کە بریا قەت لە دایک نەبوایەی. ئێستاش بە پێی یاسا و بە پێی حوکمی نووسەری، بڕیارماندا چیرۆکی گیتارژەن سەر لە نوێ بنووسینەوە و ناوت لە کولەکەی تەڕیشدا نەهێنین. جا بۆ خۆت هەر سیر بخۆ و زوورنا لێدە ئەی گەمژە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠

سەرەتا وایزانی گوێی لە گۆرانییەکی تورکییە، بیری بۆ ئەوە چوو کە ئەو سۆزەی لەو گۆرانییە دایە چەند ئاشنایە، بیری لەوە کردەوە هونەر پردی پێوەندی نێوان هەموو گەلانە. هەوڵیدا زیاتری گوێ لێ بێ. دەنگی گیتارەکە بەسەر وشەکاندا زاڵ بوو و گۆرانییەکەی گوێ لێ نەدەبوو. یەکەم وشەی کە باش گوێ لێ بوو. دەلالا من بوو. موچورکێکی پێدا هات. چاوەکانی زەق بوونەوە و بە سەرسوورمانەوە گوتی: کورە خۆ ئەمە کوردە ...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شاژن

دوو ڕۆژە کۆمۆنم ئاگادار کردووەتەوە کە مێروولە زەردە هەڵەسوونیان هێناوە و ئیتر، یان ئێمە دەبێ لەو خانووەدا بین، یان ئەوان. دیارە تا برستیان لێ نەبڕیم پێم نەگوتن. مێروولەکان دەڵێم. برستیان لێ بڕیم. شەڕێکی چەند ڕۆژەی قورسمان پێکەوە کرد. بە قامک پانم دەکردنەوە. بە گەسک و خاکەناز کۆم دەکردنەوە و فرێم دەدان. کەچی بنبڕ نەدەبوون. هەر هاتن، هەر هاتن، هەر هاتن. ڕیزەکەیان لە بن بەفرگرەکەوە دەستی پێ دەکرد و بەسەر گازی چێشت لێنانەکەدا دەهات و دەچووە پشت کابینێتەکان و ڕێک لە نێو کابینێتی خواردنەکان دەهاتە دەرێ. ورد ورد ورد ورد ورد، بەدوای یەکتردا دەهاتن. ڕۆژێ چەند جار پێیاندا دەهاتم. لە یەکەم مێروولەوە تا دوا مێروولەی بن بەفرگرەکەم دەکوشت. ماوەیەک دیار نەدەمان. هەر چاوم لێ خافڵ دەکردن و دیسان سەرەی مێروو، سوور دەچووەوە. کۆمۆن گوتی: چوارشەممە کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی پیاوێک دێ و هاوکاریتان دەکات. کاتژمێر حەوت و نیو لە دەرکەیاندا و دەرکەم کردەوە. زگێک لە پێشم ڕاوەستا بوو. سەرم هەڵێنا و نزیک میترێک لە سەرترەوە شان و سەریشیم بینی. سەیری دەستەکانیم کرد. هیچی پێ نەبوو. بە خێزانم گوت: وابزانم ئەویش هاتووە بە قامک پانیان بکاتەوە. با ئەو لە لای کابینێتەکانەوە دەست پێ بکات و منیش لەلای بەفرگرەکەوە پێیاندا دێم. خێزانم قسەکەی منی بۆ گێڕاوە. پێکەنی و دەستی بۆ گیرفانی برد و مەڵحەمێکی دەرهێنا و گوتی: بەوە دەیانکوژم. بەسەرسووڕمانەوە گوتم: چۆنیان دەکوژی !؟ گوتی: چەند دڵۆپێک لەو خواردنە لە چەند شوێنێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڕێژم. مێروولەکان هەڵیدەگرن و دەیبەن بۆ شاژنەکەیان. ئەو دەیخوات و دەمرێ. پاش مردنی ئەو لێرە دەڕۆن. خەم دایگرتم. گوتم: ناکرێ کارێک بکەی تەنیا لێرە بڕۆن و شاژنەکەیان نەمرێ؟ زگەکە پێکەنی و گوتی: تۆ دەتەوێ لێرە بڕۆن، بۆ تۆ جیاوازی چیە چۆن دەڕۆن؟
پاشان دڵۆپەکانی ڕۆ کرد و ڕۆیشت. ئێستا لە دوورەوە سەروشانی زگەکە باشتر دەبینم. کوڕێکی منداڵکارەیە. بە خێزانم دەڵێم: خۆزگە بۆ خۆیان ڕۆیشتبوایەن، بێ ڕێبەر بوون دەردێکی گرانە.
لە مێروولەکان ورد دەبمەوە. یەکیان بەلای دڵۆپێکدا ڕۆیشت، بەڵام لێی نەخوارد. ئەوەی پشتەوەی هات و بۆنی پێوە کرد. نازانم بۆ دڵەخورپەم گرتووە. یەکی دیکە هات و لە دڵۆپێک نزیک بووەوە. خێرا بە قامک پانم کردەوە. دەترسم ئاگام لێ نەبێ یەکیان دڵۆپێک هەڵگرێ و بیبات بۆ شاژن و بیکوژێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چیرۆکە نەنووسراوەکانی قاڕنێ

چەند جارە دەمەوێ چیرۆکی قاڕنێ بنووسمەوە و ناتوانم. دیارە نەتوانینم هی ئەوە نییە بە ڕاستی نەتوانم دەست دەمە پێنووس و بنووسم. نا ناهێڵن تەواوی بکەم. هەر جارە و شتێک، یان کەسێک پێشم پێ دەگرێت. چەند جارێکیش بۆ خۆم شێواندوومە. لە بیرمە جارێکیان زۆر بە وردی کەسایەتی کوڕ و کچێکی ئەویندارم داڕشت. ڕۆژی یازدەی خەرمانانی ساڵی پەنجاوهەشتی هەتاوی هەر دووکیان لە مەزرا کاریان دەکرد و پێشتر وا ڕێککەوتبوون بە دزییەوە بچنەوە نێو دێ و بچنە ژوان. ئەو کاتەی پاسدارەکان گوندەکەیان گەمارۆدا، کوڕە لە نێو گوند بوو و چاوەڕێی کیژەکەی دەکرد. پاسدارەکان ڕژانە ناو دێ و لە یەکەم هێرشدا و ڕێک لەبەر دەرکەی ماڵی خۆیان کوڕەکەیان کوشت. کاتێک کچەکە گەیشتەوە ناو دێ و بەسەر تەرمی کوڕەدا کەوت، من لە گەڵ کچەکە هێندە گریام و شینم گێڕا، چاوم وەک گۆمی خوێنی لێ هات و ڕەشێنەی چاوم وەختابوو وەک دەنکە ترێیەک بتەقێ و داوەشێ و بڕژێتە خوارێ. ئاخری بە ناچاری چیرۆکەکەم وەلا نا. یەک دوو حەوتوو دواتر دیسان بڕیارمداوە کۆمەڵکوژی قاڕنێ بکەمە چیرۆکێک. زۆرم بیر لێ کردەوە و جوان پلانەکانم داڕشت. چیرۆکەکە لە زمان پیرێژنێکەوە بوو کە لە ناو گوند مابووەوە بە دەنگی تەقەکان دێتە دەرێ بزانێ چ باسە. دەیەوێ دەرکە بکاتەوە، دەبینێ یەکێک لە پشتەوە شتێکی وەبەر دەرکەکە داوە و پێی ناکرێتەوە. پیرێژنەکە هەر چۆنێک بێ بە پاڵ پێوەنان کەلێنێک بە دەرکەکە دەدات و کەمێک دەیکاتەوە. چ ببینێت؟ دەڕوانێ تەرمێکە کەوتووە و پێشی بەدەرگاکە گرتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە ترسەوە لە کەلێنی دەرکەوە سەیری دەرێ دەکات. دەبینێ بە دەیان تەرمی دیکەی ژن و منداڵ لە ناو کۆڵانەکە کەوتوون. لە دوور ڕا مەلا مەحموود دەبینێ بەخۆی و بە قورئانێکەوە بەرەو پیری پاسدارەکان دێت و لەبەریان دەپاڕێتەوە ئەم قەتلوعامە ڕاگرن. ئەو کاتەی مەلا مەحموودیان کوشت و پاسدارێک داهاتەوە و ویستی بە سەرنێزەیەک سەری لێ بکاتەوە. پیرێژنەکە لەوە زیاتر خۆی پێڕانەگیرا و لە تاوان پڕ بە گوندەکە قیژاندی. بە دەنگی گریانی ئەو، چەند پاسدار ڕوویان لە ئێمە کرد و بەرەو ئێمە هاتن. منیش قەڵەمەکەم دانا و ڕوو بە پاسدارەکان هەڵاتم. ئێستاش نازانم دەمەویست پێش بەم جنایەتانە بگرم، یان وەک مەڕێک کە بەرەوپیری گورگ دەچێ، بەرەوپیری مردن دەچووم. بەڵام بە هەر حاڵ دیسان چیرۆکەکەم شێوا و پلانەکانم تێکچوو. بە ناعیلاجی وام دانا تا دوو سێ حەوتوو بیر لەم کارەساتە نەکەمەوە و پشوویەک بە مێشکم بدەم. بەڵام نەمتوانی. نەمتوانی دوو سێ حەوتوو بوەستم. سبەی لەپڕ خۆم بینییەوە کە خەریکم لە زمان پاسدارێکەوە نامەیەک بۆ بنەماڵەکەم دەنووسم و باسی ئەم ڕووداوانە دەگێڕمەوە. پاسدارەکە بە خۆشحاڵییەوە باسی تۆڵەیەکی گەورەی دەگێڕاوە کە لە دوژمنانی ئیسلامی کردووەتەوە. بەڵام کە گەیشتە ئەو جێگایەکی تەقەی لە سێ منداڵی شوانی بەربەرغەل کردبوو، بۆ خۆی شەرم دایگرت. دڵنیا بوو لەوەی ئەوان دوژمنی ئیسلام نەبوون و بە ناحەق کوژراون. زۆر هەوڵم لە گەڵیدا بەردەوام بێ و درێژەی پێ بدات، نەیکرد. گوێم لە دڵی بوو گوتی: مەگەر گۆڕ لێم ببیستێ چیم کردووە، دەنا بۆ خۆم بەڵگە لە دژی خۆم نانووسمەوە. سەرەنجام دەستی برد و نامەکەی دڕاند و چیرۆکەکەشمی تێکدا. هێندە ئەوە دووپاتە و چەند

پاتە بووەتەوە منیش ماندوو بووم. جارێکیان پاسدارەکان بەرزاییەکانیان گرت و خەڵکیان لە مووچە و مەزرا کۆ کردەوە و لە ناو دێ وەبەر دەسرێژیاندان. دڵنیابووم کە ئەم جارە چیرۆکەکەم تەواو دەکەم، کەچی خوێنی ڕژاوی شەهیدەکان هێندە زۆر بوو کاغەزەکەی بەردەستم خووسا و ئەختوچارم کرد نەمتوانی لەوە زیاتر بنووسم. ڕایەکیتر هێشتا نەگەیشتبوومە ئەو بەشەی پاسدارەکان تەرمەکانیان لەتوپەت دەکرد و دەیانبردنە سەر جادەی نەغەدە - پیرانشار، بۆ ئەوەی سیناریۆی ئەوە داڕێژن کە ئەمانە لە شەڕدا کوژراون. کەچی قەڵەمەکەم مانی گرت و گوتی: من بەرگەی نووسینەوەی ئەم تراژیدییە ناگرم و بارگرانی ئەم خەمەم پێ نانووسرێتەوە. ئایش ... مەراقی نووسینەوەی ئەم کارەساتە ئاراوقارای لێ هەڵگرتووم. دڵم ژانێک تێی چەقیوە. شەو و ڕۆژم لێ بووەتە جەهەنەم. دەبێ بینووسمەوە. دەمەوێ ئەم جار لەو جێگەیەوە دەست پێ بکەم کە کاک عەزیز وەک ڕدێن سپییەکی گوندەکە لە بەردەکەی مزگەوت نامەیەکی دەوڵەتی خوێندەوە و گوتی: دەوڵەت دەڵێ دێ چۆڵ مەکەن. کارمان بە کەس نییە و ژیانی خۆتان تێک مەدەن و هەڵمەیەن. کاک عەزیز نامەکەی هەڵێنا و گوتی: ئەوەتا ماموٚستا مەلا حەسەنی- یش ئیمزای کردووە و دەڵێ: من بەڵێنتان پێ دەدەم کە تەنانەت ناهێڵم خوێن لە لووتی منداڵێک بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەهتاب

مەهتاب دڵنیاییە ئەمجار عەتا شەهید نابێ. ئەمجار دایکی لەوێ نییە تا پێشی پێ بگرێ. ئەمجار مەهتاب ناهێڵێ عەتا شەهید بێ. پاستارەکان تەقە دەکەن. مەهتاب دەیەوێ خوی بە سەر عەتاکەیدا بکێشێ. منداڵەکان حەپەساو دەوری مەهتابیان داوە و بێ دەنگ سەیری دەکەن. پڕ بە گەرووی دەقیژێنێ: نامەوێ دیسان ئەم دەرفەتەم لە کیس بچێ. مەهتاب ڕەحمەتی لێ بووەتە عەتا. ڕەحمەت لە نزیک مەهتاب سەنگەری گرتووە. منداڵەکان بە کۆڵانەکاندا بڵاو بوونەتەوە و تەقە لە یەکتر دەکەن. ڕەحمەت نازانێ منداڵەکان لێی نزیک بوونەتەوە و نازانێ چەند فیشەکی پێ ماوە؟ مەهتابیش نازانێ ڕەحمەت چەند فیشەکی پێ ماوە، عەتاش نەیدەزانی. عەتا فیشەکەکانی دەژمێرێت. ڕەحمەتیش چاوێک لە دەڕاغەکەی دەکات. ڕەحمەت خۆی مات کردووە. مەهتاب وردە وردە لێیان دەچێتە پێشێ. چەند منداڵ بە ئارامی لێی نزیک دەبنەوە. وەهابە جاش و پاستارەکان لە دوو قۆڵەوە گەمارۆی دەدەن. مەهتاب وەختە لە تاوان کوێر بێ. دەموچاوی بە شووشەکەوە نووساندووە و لە بن لێزمەی فرمێسکەکانیدا چاوی لە عەتایە. منداڵەکان نووقمی تەپووتۆزن و هەرجارەی یەکیان خۆی بە ئەرزیدا دەدات و دەکەوێ. دایکی توند گرتوویەتی و ناهێڵێ بڕواتە دەرێ. مەهتاب ئاگری تێبەر بووە و دەیەوێ هەڵێتە دەرێ و باوەش بە عەتاکەیدا بکات. عەتا بە برینداری خۆی دەکێشێتە ئەوبەری دیوار. مەهتاب بە بەری دەستی لە کولمەی ڕادەکێشێ و دەست بە ڕنینی ڕوومەتەکانی دەکات. عەتا لە بن دیوارێک خۆی مات کردووە و لە یەکەم دەستڕێژی وەهابە جاشدا بریندار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێ. ڕەحمەت وەک دوایین کەسی زیندووی تیمەکە لە بن دیوارێک ڕاوەستاوە. مەهتاب دڵەڕاوکێی گرتووە. کەس ئاگای لە مەهتاب نییە. مەهتاب بە پێوە ڕاوەستاوە و باسکەکانی لێک هاڵاندووە. منداڵەکان بێ ئەوەی گرینگی بە مەهتاب بدەن لە یارییەکەیان بەردەوامن. منداڵەکان لە نێو خاک و خۆڵدا هەڵاتیانە و دارەکانیان ڕوو بەیەکتر ڕادەگرن و بە دەمیان دەڵێن تە تەتە. مەهتاب بە نیگەرانییەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و هەوڵدەدا نارەزایەتی خۆی دەرببڕێ. دەنگی دەرنایەت. گەرووی ویشک بووە. نووزەیەک دەکات و دەنگێک لە بن لێوییەوە دەبیسرێ و کەس نایبیستێ. ئەحمەد تەقە لە ڕەحمەت دەکات و ڕەحمەت بە قەستی دەکوژرێ و خۆی فڕێدەداتە سەر ئەرزی. مەهتاب ڕەحمەت-عەتا لە باوەش دەکات. ڕەحمەت بە بێزارییەوە خۆی ڕادەپسکێنێ و مەهتاب لە خۆی دور دەخاتەوە. مەهتاب شینی چل ساڵەی ڕەحمەت-عەتا دەگێڕێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاشنا

پێکەنینم پێت دێ. قەت هەوڵت نەدا بمناسی. پێت وایە وا نووقمی ئەتاری بووم ئاگام لە تۆ نییە، بەڵام وانییە چرکە بە چرکە ئاگام لێتە. شەوێ تا بەیانی ناخەوی و هەر چاوت بڕیوەتە ئەم مۆبایلەت. بەیانی تا نیوەڕۆ لە نێوجێدای. نیوەڕۆ کە دێمەوە ماڵێ بە قژێکی ئالۆزکاو و چاوێکی ڕیپۆقاوییەوە دەرکەم لێدەکەیەوە. هیچ هەوڵ نادەی ژیانت بگۆڕی. هێندە خەوتووی و خواردووتە بویتە گیپە. چەندەم پێ گوتی وەرزش بکە و ئاگات لە کیشت بێ. هیچ دەتگوت لە گەڵ تۆشم نییە. هەموو ڕۆژێ برینج و گۆشت، هەموو ڕۆژێ شیرنی و کەیک. ماڵ ئاوەدان خۆ کایەکە هی خۆت نییە کادانەکە هی خۆتە.

ئێواران دەهاتمەوە فیلمێکی باشم دادەنا دەمگوت وەرە پێکەوە سەیری بکەین. بە بێزێکەوە لێوت لێ هەڵدەقرچاند و چمۆڵەیەکت تێدەگرتم و دەگوت عەمرت نەمێنێ بۆ خۆت وبۆ فیلمەکانت ئەوانە کەی فیلمن. ە ەموو شەوێ دادەنیشتی سێ بەشت زنجیرە درامای تورکی چاو لێ دەکرد. دەتگوت دەزانی فلانە ژنەی فلانە زنجیرە دراما ئێستا لە گەڵ فلانە پیاوە دەستی تێکەڵ کردووە؟ دەزانی فلانە پیاوە ئێستا چی دەکات؟

چەندەم گوت کچێ دوو کتێب بخوێنەوە. کچێ وەرە کاری دەستییەک فێربە، کچێ وەرە خۆت فێری ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا بکە، کچێ وەرە دەرێ با تا پارک بە پیاسە بڕۆین. نەهاتی. ئێستاش بوویتە ورچ و هەر لەو زگە ڕەشەتی دەئاخنی. بە تۆ بێ هەربخۆ وهەڵیبێنی. بەڵام من ئێستا بە بۆنی زارت تێکدەچم. نازانم ئاخر جار کەنگێ ددانەکانت شۆردووە؟ هاڵاوی هەناسەت دەڵێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بیری ئاودەستەوە دێتە دەرێ. شەوانە لە ترسی ئەوەی نەڵێی وەرە ماچم بکە تا خەوم لێ دەکەوێ خۆم بە ئەتارییەوە مەشغوڵ دەکەم.

ئاخرجار نازانم کەی پرچت داهێناوە، بۆنی ئارەقەی جلەکانت ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات، کەچی دێی بە فۆتۆشۆپ وێنەکانت جوان دەکەی و لە ئینستاگرام و فەیسبووک دایاندەنێی، یەکێک نەزانێ دەڵێ داخوا ئەم فەرووخ لەقایە کێیە؟ کە زەماوەندمان کرد، چەند بێگانە بووین، بەڵام ئێستا ئیتر بێگانە نین. دەتناسم دەزانم. هەر زگت نییە پڕە لە گوو. میشکیشت پڕە. دەم دەکەیەوە دەست دەکەی بە بووختان هەڵبەستن بۆ کچ و ژنی خزم و جیران. دەم دەکەیەوە بە خراپ باسی خەڵکی دەکەی. ئەرێ تۆ چی؟ خۆت پێ بەشەرە؟ لێت ماندووم. کە دەرۆییە دەرێ تەشتێک ئۆدکۆڵۆن بە جلەکانت دادەکەی بۆ ئەوەی بۆنی ئارەقەی نێو ڕانت و بن هەنگڵت بشاریتەوە. گێنێکی زل لە بن جلەکانت لەبەر دەکەی زگە زلەکەت کۆبکەیتەوە. هێشتا زگ و قوون و ڕانەکانت لە چوار پێنج لاوە دەرپەڕیون. ڕۆژتا ئێوارێ سەرت لە نێو ئەم مۆبایلەتدایە و خودا دەزانێ خەریکی چ گووکارییەکی. قوربەسەر ئەو هاوڕێیانەت کە تۆ هاوڕێیانی. داخوادا چۆن باسی من دەکەی و چیان بۆ دەگێڕییەوە. ناڵێی لە چایی دروست کردن زیاتر نازانم و ئەو مێردەم لە هەموو شتێک و هەموو کەس کرد و لە داخان گیرۆدەی ئەتاریم کرد. دەزانم تا تەواو شێتم نەکەی لە کۆڵم نابیتەوە. لە گەڵ هەر کەس مەرحەبام هەبوو، لە گەڵیان بەشەڕ هاتی. دۆست و هاوڕێم نەماوە جارێکت شەڕ پێ نەفرۆشتبن. ئێستا هەر وەک ئەوەی ژنم نەبێ و سەڵت بم بۆ دیتنیان بە تەنیا دەڕۆم. ڕووی ئەو کەسە ڕەش بێ تۆی بە من ناساند و منی بە تۆ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا تۆخودا تۆ ژنی یان ژانی. هیچ منی نەکوشتووە ئەوە نەبێ، ورچە بۆر پێی خۆشە لە گەڵیشی بم. باشە بۆ پیاو هەیە ئیشتیای بۆ تۆ بچێ؟ پەکوو لەو ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتووم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت

جیبە شینەکە لە دەوری فەلەکەی ئەسکەندەری، لە قەراغ شەقام ڕایگرت و باوکم خێرا دابەزی. چەند خولەکێک دواتر بە خۆی و بە مەنجەڵێکی گەورەوە گەڕاوە. مەنجەڵەکەی لە پشتەوە و ڕێک لە بن لاقی ئێمە دانا. بۆنی کەباب و نانی گەرم نێو جیبەکەی پڕ کرد. کردمانە قاوقیژ و چەپڵە و هەڵپەڕین.

دایکم گوتی: وست، کەس دمی لێ نادات. لە گەڵ کوڕەکان دەیخۆین.

بێ دەنگ دانیشتین و خۆمان مات کرد. ئێوارێ ئاگام لێ بوو کابرایەک لە دەرکەیدا و لە گەڵ دایکم قسەیەکی کرد و ڕۆیشت. باوکم کە هاتەوە پاش کەمێک دیسان ڕۆیشتەوە دەرێ و کە هاتەوە لە گەڵ دایکم هەر سرتوخورتیان بوو. تۆمەز باسی جیب و کەبابیان کردووە و ئێمە حاڵی نەبووین، یان نەیانویستووە ئێمە حاڵی بین.

پورم گوتی: براژن ئەگەر منداڵەکان بەقسەمان بکەن و هەرچیمان گوت وابڵێن ئێستا سەرو کەبابێکیان بۆ دەکەم بە بابۆڵە.

ئێمەی منداڵ بە بیستنی ئەو قسەیە بووینە سەد چاو و هەر سەد چاومان لە مەنجەڵەکە بڕی و بە نیشانەی قبوڵ کردنی ئەم گرێبەستە دوو سەر و سەد چاومان زوو زوو ڕادەوەشاند.

بابۆڵەی یەکەمی کە پێچاوە گوتی: هەر کەس پرسی دەچن بۆ کوێ بڵێن دەچین بۆ سەر شایی باشە؟

هەر دووکمان گوتمان: باش.

بابۆڵەی دووەمی کە پێچاوە پرسی: ئەگەر پاسدارەکان پرسیان بۆ کوێ دەچن چی دەڵێن؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتمان: دەچین بۆ شایی.
گوتی: ئافەرین ها ئەوەش بابۆڵەکانتان نۆشی گیانتان بێت.
شۆفیرەکە ئاوڕی داوە و سەیرێکی مەنجەڵەکەی کرد و گوتی: براژن لە منیش بپرسن هەر دەڵێم دەچین بۆ داوەت. پورم بزەیەکی کرد، بەڵام دایکم خێسەیەکی لە کابرا کرد و لە بنەوە بۆڵاندی : مندالە.
نازانم چۆن چووین و چیمان بە پاسدارەکان گوتووە و بە کامە ڕێگادا ڕۆیشتین. بەڵام لەبیرمە کە ئێواریَ گەڕاینەوە لە بازدیدەکەی میراوا پاسدارێک ملی هێنا ژووریَ و پرسی لە کویَ بوون؟ کە گوتمان لە فلانە گوند لەسەر داوەت بووین. گوتی: جادەکان ئەمن نین و زیدی ئینقلاب لە ناوچەکە دایە. کارێکی باشتان نەکردووە بەم درەنگ وەختە هاتوونەتەوە. هەموومان وەباڵمان بۆ کێشا و لە ملماندا کە ئەشەدوو ڕاست دەکەی. ماشێنەکە هەر کەمێک لە پاسدارەکان دوورکەوتەوە، کاک عومەری مێردی پورم مەنجەڵە بەتاڵەکەی ئاوەژوو کردەوە و کردی بە تەپڵ و لە سەر ڕیتمی ئاوەدان مەهاباد گوتی: قوربانت بم وام لیَ مەکە وەی زیدی ئینقلاب، بەقسەی خەڵکیم لەگەڵ مەکە ... . . ئێمەش هەموومان بە چەپڵە و پێکەنینەوە گوتمان وەی زیدی ئینقلاب.
لای نیوەڕۆ لە نێو دارستانێک ڕایانیگرت. لە گەڵ ئەوەی جیبەکە ڕایگرت، بە هەڵەداوان دابەزیم. چ ببینینم هەوایەکی ساف و دارستانێکی جوان، دەنگی خوڕەی ئاو و جریوە جریوی مەل و باڵندان. لە بن هەر دارێک چەند پێشمەرگەش ڕوا بوون. باوکم هەواڵی مامی لە یەک دوو کەس پرسی. منیش خۆم کێشاوە و گوتم : ئەوەیە ئاو و هەوا. دوو پێشمەرگە کە لە پێشەوە دانیشتبوون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە من نزیک بوون. پرسیان بۆ هەوای شار چۆنە؟
گوتم: هەمووی دووکەڵە.
یەکیان گوتی: کوڕە دووکەڵی چی پیاوی چاک بە.
گوتم: دووکەڵی کارخانە!
گوتیان: جا کوا بۆکان کارخانەی لێیە؟
باوکم گوتی: سواربن مامتان لە سەرەوەترە.
من لە خۆشی ئەوەی نابێ جوابی ئەو پرسیارە قورسە بدەمەوە، خێرا سوار بوومەوە. هێشتا جیبەکە وەرێ نەکەوتبوو وەبیرم هاتەوە دووکەڵەکان هی ماشێنەکانن. بە زەحمەت وەرسووڕام و ڕووم کردە شووشەی جیبەکە و بە دەستم وەک فەرمانێکی خەیاڵی ماشێنێک هەڵسووڕێنم ئاوا نیشانی پێشمەرگەکەم دا کە ماشێن لێ دەخورێ. بە دەستەکەی دیکەشم دووکەڵێکم لە حەوا کێشاوە. بەڵام ئەوان نەیاندیت و دواتر لەسەر دڵم بوو بە گرێ بۆ فێرم نەکردن ڕاستە کارخانەی لێ نییە بەڵام خۆ پڕە لە ماشێن.
جاران کە بیرم لە مامم دەکردەوە وام دەزانی جێگاکەی زۆر ناخۆشە. ئێستا دەمدیت لە نێو دڵی سرووشت دایە و نان و کەبابیش دەخوات، بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم: شەرتە منیش ببمە پێشمەرگە. هێندە نەبوو دانیشتبووین باسم کرد.
پێشمەرگەیەک گوتی: دەی من ئەوە پاسدارم بزانم چی دەکەی؟ بێ سێ و دوو خۆم پێدادا و دەستم کرد بە مست هاویشتن. باوکم گوتی: هەتیوو کاک محەمەد ئەزیەت مەکە. کاک محەمەد کە چەند ساڵ دواتر زانیم شۆڕەتی عەلیزادە بووە و زۆر درەنگتر زانیم شەهید بووە. ماچی کردم و پێکەنی و گوتی: نا لێی گەڕێ ئەزیەت نابم.
کە گەڕاینەوە باوکم ودایکم هەر پێدەکەنین. دایکم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتی: من سەرەتا نەمزانی کچە و ماچم نەکرد. دواتر کە لەسەر جۆگەکە کە چووین مەنجەڵەکە بشوێن، قۆڵی هەڵکرد و بازنەکانیم دی، زانیم کچە و ماچم کرد. باوکم دەیگوت: ویستوومە وێڕای کوڕەکانی دیکە ماچی بکەم، کەچی تەنیا یەڵڵای لە گەڵ داومەتەوە. باسی کچێکی پێشمەرگەیان دەکرد. کچێک لە ڕەگەزی لووتکەکانی کوێستان، کوێستان.
مامم لەسەر شاخێک نیگابان بوو. بێ سیمیان بۆ کرد و هاتە خوارێ. ئێمە بەرەو پیری چووین. لە داوێنەکانی یەکترمان گرتەوە. مامم چەک و ڕەخت و دەمانچەی پێوە بوو. دوو سێ شتی خڕ خڕیشی بە خۆیەوە هەڵواسیبوو. دواتر زانیم ئەوانە
نارنجۆک بوون و ئەو شاخەش تەرغە.
پاش نەهار لە سەر ئەرزی بەشێوەی بازنەیی دانیشتین. پرسیم: مامە کێ سەرگەورەکەتانە.
مامم گوتی: چاو لێ بکە بزانە کێ سەری لە سەری هەمووومان گەورەترە.
یەکێکی سەرفڕیان لەگەڵ بوو. گوتم: ئەوە. هەموو پێکەنین. قامکم بۆ وەستا ئەحمەدی فەرماندە ڕاداشتبوو. ڕووم تێکرد و گوتم: دەمەوێ ببمە پێشمەرگە. بزەیەکی کرد و گوتی: نا تۆ مەیە بۆ لای ئێمە. ئێمە دێینەوە.
گوتم: نا تۆخودا تازە من هاتووم و ناگەڕێمەوە. کاک جەعفەر گوتی: باسەرت بگاتە ئەو لقی دارە جا وەرەوە.
سەیرێکی دارەکەم کرد، ئەو لقەی ئەو دەیگوت زۆر بەرز بوو. گوتم: جا خۆ ئێوەش هیچتان ناگەنە ئەو لقە. دیسان هەموو قاقا پێکەنین. کاک عەلی ڕوویکردە دایکم و بە برۆ ئاماژەی بە من کرد و گوتی: چەند ساڵە؟ وەپێش دایکم کەوتم و گوتم: هەشت ساڵم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چاوەڕێ

قازی: بۆ هاتووی بۆ ئاڵمان؟
کیومەرس: هاتووم لێرە چاوەڕێ بم.
قازی: تێنەگەیشتم، چاوەڕێی چی؟
کیومەرس: با لە سەرەتاوە بۆت بگێڕمەوە. من پێشمەرگە بووم، بڵێ ئێ ...
قازی: ئێ ...
کیومەرس: باوکم بۆ سەردانم هاتبوو. پێکەوە پیاسەمان دەکرد. کۆمەڵێک پێشمەرگەمان بینی دانیشتبوون و تەختەنەردیان دەکرد. ئێ؟
قازی: ئێ
باوکم گوتی: کورم ئەم خەڵکە لێرە چی دەکەن؟ بۆ ناچن دەرسێک بخوێنن، کاسبییەک بکەن؟
گوتم: باوکە ئەوانە چاوەڕێن.
باوکم گوتی: ڕۆڵە چاوەڕێی چین؟
گوتم: چاوەڕێن ئێران بڕووخێت. دەزانی باوکم چی گوت؟
قازی: ناوەڵڵا چی گوت؟
کیومەرس: گوتی: کورم تۆ بچۆ بۆ خاریج و لەوێ چاوەڕێ بە ئێران بڕوخێت.
قازی: ئاااااا یانی ئێستا تۆ هاتووی لێرە چاوەڕێ بی؟
کیومەرس: زۆریش چاوەڕێ نابم. یەک دووساڵ چاوەڕێ دەبم. ڕووخا ڕووخا، نەڕووخا، دەچمە سفارەتی ئێران پاسپۆرتێک وەردەگرم و هاتووچۆی ئێران دەکەم. ماوەیەک لێرە چاوەڕێ دەبم، ماوەیەک لەوێ چاوەڕێ دەبم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەو

بەڕێز دادوەری گشتی، هاووڵاتی (ف.پ) کە دوو مانگ لەوە پێش بە هۆی کەمتەرخەمی مێردەکەیەوە لە خەرەندێکەوە کەوتبووە خوارێ و بە هۆکارێکی نادیار تووشی بێ خەوییەکی بەردەوام ببوو. بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکەی لە گەڵ هاوسەرەکەی دەچنەوە هەمان شوێن و دیسان بازدەداتەوە خوارێ. بەڵام بەداخەوە لەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا بە هۆی ڕەچاونەکردنی خاڵە تەندروستییەکان ناوبراو گیانی لە دەست داوە. ئێمە وەک پزشکیکی یاسایی ڕایدەگەیەنین، کێشەی بێ خەوی بووەتە هۆکاری کۆژرانی ناوبراو و هاوسەرەکەی لەم ڕووداوەدا بێ تاوانە.

*پزیشکی یاسایی*
*(م.ک)*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چیرۆکێکی بێ ناوونیشان

سەرهەنگی پاسدار نەجەف زادە نەیدەتوانی پێش بە قاقاکانی بگرێت، ئەو کاتەی ناوی قازی لەسەر فۆرمی داواکاری بوونە بەسیج خوێندەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مامۆستا

کورتە باڵابوو. بەژنی، بەڵام مێشکیشی هەر بەقەت بەژنی گەشەی کردبوو. جارێک لە ناو پۆلدا چووە سەر بلوکێک و خۆی بە بەژنی باڵابەرزترین کوڕی ناوپۆل گرت و کاتێک زانی لە سەر بلوکەکە جا بەقەت ئەوە هاتە خوارێ و شەقێکی تێهەڵدا و گوتی: جا دەرسیش ناخوێنیێ درێژی خێڕی.

بڕوایەکی سەیری بە لێدان بوو. دەیگوت: کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە. لە تاقیکاری پازدەت هێناباوە. پێنج شیلانگی (سۆندە) لێدەدای. شازدە چوار شیلانگ و حەڤدە سێ و هەژدە دوو و نۆزدە یەک. لە بیرمە جاری وابوو بیستیش دەستخۆشانە شیلانگێکی لێدەرا.

هەر ئەوە نەبوو بەژنی بە قەت ئێمە بێ. لەباری زانستیشەوە هەر بە قەت ئێمە خوێندەواری هەبوو. ئێمە پۆلی پێنجومی سەرەتایی بووین و ئەویش تا پێنجومی خوێندبوو. زەمانی شا دامەزرابوو. لە بیرمە جاری وابوو ئێواران وەرەقەی ئیمتحانەکانی دەداوە. تازە فریا نەدەکەوت لێمان بدا، دەیگوت سبەی لێتان دەدەم. جاری وابوو حەڤدەم هێنابۆوە دەمزانی سبەی چوومەوە قوتابخانە سێ شیلانگم لێدەدات. شەوێ لە ترسان خەوم لێ نەدەکەوت. شاگرد چوارەمی پۆل بووم، بەڵام کەس نەبوو لە ناو پۆلدا ڕۆژانە لێی نەدرێ.

نەیدەهێشت کەس بە کوردی قسە بکات. بە کوردی قسەت کردبوایە لێی دەدای. لە دەرەوەی پۆل دەماندی پێدەکەنێ، بەوەڕا دەمانزانی دەزانێ پێبکەنێ، بەڵام لە ناو پۆلدا دەتگوت قولزەڵقورتە. نێوچاوانی پێکدادەدا و دەیگوڕاند.

چەند ساڵ دواتر بیستمەوە ئەو مامۆستایانەی کەمتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دیپلۆم خوێندەواریان بوو دەرکران. ئەویشیان دەرکرد. دواناوەندی بووم، ڕۆژێک بە کۆڵانێکدا تێپەڕ دەبووم. لە دورەوە ناسیمەوە. لەسەر داشقەیەک (عارەبانە)خەریکی تەماتە فرۆشتن بوو. جێی زلەکان و شیلانگەکانی سەر ڕوومەتم و بەری دەستم دەستیان کردبوو بە برژانەوە. نەفرەتێکی سەیر سەرتاپای وجوودی داگرتبووم. پێم خۆش بوو، بمگرتبوایە و هەر لەوێ بەتۆڵەی ئەو هەموو لێدان و کوتانەی کە بە ناوی دەرس گوتنەوەوە لە ئێمەیدا خوری شۆری بکەم. لێی نزیک بوومەوە. گەیشتمە پشت سەری. پیاوێکی پیری چکۆلە خەریکی تەماتە فرۆشتن بوو، هەرچی زیاتر لێی خورد دەبوومەوە ئەو مامۆستا بە هەیبەتەم تێدا نەدەدی. ئاوڕی داوە و سەیری کردم.

زمانم لە زارمدا ببووە لەتە دارێک و هەڵنەدەسووڕا. چەند جارم تفی ناو زارم قووتدا تا ئاخری بە زەحمەت گوتم: سەلام ئاغا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەستە لە خەوێ

لە نێو تەواوی ئەم شاییەدا هەرئەودەبینم. تەنیا ئەو دەبینم کە هەڵدەپەڕێ، تەنیا ئەوە کە لە شاییەکە دێتە دەرێ، ئەوە کە نان دەخوات، ئەوە ئاو دەخواتەوە. هۆکاری مانەوەم لە ناو ئەم شاییەدا تەنیا ئەوە. پاش نانی ئێوارێ هەر خزمە نزیکەکان ماونەتەوە. من خزمی نزیکی زاوام و ماومەتەوە. ئەویش خزمی نازانم کێیە، بەڵام ماوەتەوە. هەموو ماندوویەتیان پێوە دیارە، بەڵام من هەروا چاوم لە سەرسەرییەتی و ئاگام لە هەموو جوڵەکانێتی.

ئاگام لێیە دایکی بانگی دەکات و پێی دەڵێ: کورم سبەی دەبێ بچیەوە قوتابخانە. بڕۆ لەو ژوورە بخەوە. بە نابەدڵی دەڕوات. ئەو کە دەڕوات، ئەمجار خەڵکەکە دەبینم. دایکم دیار نییە. دایکم بۆ نایە پێم بڵێ بچۆ بخەوە سبەی قوتابخانەت هەیە؟

لە دایکم دەگەڕێم لە حەسارێ دەیبینمەوە. کراسی کوردی لەبەر دایە. دەسماڵەکەی لە ملی هاڵاوە، داوێنی کراسەکەی لە کۆشیدا کۆ کردووەتەوە، قۆڵەکانی هەڵکردووە و لە گەڵ چوار ژنە خزمی دیکە لە نێو چەند تەشتدا خەریکی قاپ شووشتنن. قاپی داوەتێکی گەورە.

چاوەکانم خەواڵوو دەکەم و دەڵێم: دایە خەوم دێ، لە کوێ بخەوم؟ دەڵێ: بچۆ ژوورێک و بخەوە. وەک ئیزنی هەموو ژوورەکانم وەرگرتبێ. سەرم بەردەدەمەوە و ڕوو لەو ژوورە دەکەم کە ئەو لەوێ خەوتووە. بە ئارامی دەرکەکە دەکەمەوە. پێنج شەش منداڵی دیکەش لەوێ خەوتوون.

لە گۆشەیەک کە چاوم لێی بێ دادەنیشم. ژوورەکە تاریکە، بەڵام بایی هێندەی ببینم ڕووناکی هەیە. لەپڕ تەقەی دەرکە دێ. خۆم بە ئەرزییەوە دەنووسێنم و لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەستی خۆم لە خەو دەکەم. دوو سێ خولەکێک خۆم مات دەکەم. هەر کەس بوو نەهاتە ژووریٚ. چاوێکی لە ژوورەکە کردبوو و ڕۆیشتبوو. هێواش هێواش لێی نزیک دەبمەوە. دەچمە پەنای. تێر تێر چاوی لیٚ دەکەم. لە مشە مشەکەی وەگومان دەکەوم. هەست دەکەم بەخەبەرە. جوانتر زەینی دەدەمیٚ. بزەیەکی چکۆلەی لەسەر لێوە. وەک نهێنییەکی گەورەم ئاشکرا بووبێت، سەرم لیٚ دەشێویٚ. دڵە کوتەمە. بە پەلە دەکشێمە دواوە و پاڵ بە دیوارێکەوە دەدەم. لە دڵمدا دەست دەکەم بە پاڕانەوە. خودایە گیان نەیزانیبیٚ خۆشم دەویٚ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# Unwritten Stories of Qarna

A short story collection by

**Xebat Rasouli**

پورم گوتی: براژن ئەگەر منداڵەکان بەقسەمان بکەن و هەرچیمان گوت وابڵێن ئێستا سەرو کەبابێکیان بۆ دەکەم بە بابۆڵە.

ئێمەی منداڵ بە بیستنی ئەو قسەیە بووینە سەد چاو و هەر سەد چاومان لە مەنجەڵەکە بڕی و بە نیشانەی قبوڵ کردنی ئەم گرێبەستە دوو سەر و سەد چاومان زوو زوو ڕادەوەشاند.

بابۆڵەی یەکەمی کە پێچاوە گوتی: هەر کەس پرسی دەچن بۆ کوێ بڵێن دەچین بۆ سەر شایی باشە؟

هەر دووکمان گوتمان: باش.

بابۆڵەی دووەمی کە پێچاوە پرسی: ئەگەر پاسدارەکان پرسیان بۆ کوێ دەچن چی دەڵێن؟

گوتمان: دەچین بۆ شایی.